نەوزاد عەزیز سورمێ

# هونەری کۆلاژ
## مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون
( ئاماژەیەك بۆ کێڵگەیەکی ورشەدار )







چاپی یەکەم
کوردستان - 2020



نەژاد عەزیز سورمێ

# هونەری کۆلاژ

**مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون .**

( ئاماژەیەک بۆ کێڵگەیەکی ورشەدار )

- نەژاد عزیز سورمێ
- هونەری کۆلاژ – مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون
- بابەت : هونەر
- بەرگ و دەرهێنانی هونەری : نووسەر خۆی
- نەخشەسازی و کاری کۆمپیۆتەر : کاروان محەمەد سینۆ
- چاپی یەکەم 2020
- ژمارەی سپاردنی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان (153) ساڵی 2020 .



# هونەری کۆلاژ

## مێژوو .. تەکنیک .. ئەزموون

**( ئاماژەیەك بۆ کێڵگەیەکی ورشەدار )**

---

چاپی یەکەم 2020

# هونەری كۆلاژ

## مێژوو .. تەكنیك .. ئەزموون ..

( ئامازەیەك بۆ كێڵگەیەكی ورشەدار )

**(( هونەر دۆزرایەوە ، چونكە واقیع بەش ناكا ..))**

**گیوم میسۆ**
**لە ڕۆمانی ( كیژێك لە كاغەز ) دا**

**هونەر لە خۆیدا بە ئەنگیزەی ئەو ویست و ئارەزووانە هاتووە ئادەمزاد ڕوانین و وردبوونەوەو پرسیارە سادە و ئاڵۆزەكانی پێ كردووە و خۆی پێ ڕازی كردوە .**
**ئەمە هەر لە دێری دێرەوە خولیای مرۆڤ بووە ، لە سەردەمی چاخە بەردینەكانەوە كە ڕەنگە**

تەنانــەت بــە ئاســتی لاســایی کردنــەوەیش لــە ئیســتاتیکا و ڕەهەنــدەکانی نەگەیشــتبن ، بــەڵکو پێویســتی ئــەوان ســەردەمان ڕەنگرێــژیی بــەها ئیستاتیکییەکانی کردووە کە پاشان دوای دەیـان و سەدان و هەزاران ساڵ لێی کۆڵراوەتـەوە و هـەوڵی دۆزینــــەوەی مــــەودای جــــوانی و پاڵنــــەرە ئەفسانەیی و خۆڕسکەکانی دراوە. نموونـەیش بـۆ هــەردوو بــەر، داهێنــەر و بینــەر لــەو ســاوە ون نەبووە ، لە هونەری سـەر دیـواری ئەشـکەوتانەوە ڕا تـا دەگاتـە شارسـتانەتە ئۆریگناڵـەکانی وێنـەی شارستانەتی سۆمەر و دۆڵی نیل و دۆڵی سند..

ئــەوانی دیــش کــە ماوەیــەکی زۆر دوای ئــەوان هــاتن ، بــەڵام بــە ڕوانینێکــی ڕەخنــەیی و لێکدانەوەیەکی ئیستاتیکاناسیی ( لە چاوخۆی ) هاوچەرخەوە هاتوون و نەوە دوای نـەوە ، لەگـەڵ پێشکەوتنی مرۆڤایـەتی لـە ناسـینی سرووشـت و دەوروبــــەر و گۆڕانکــــاری لــــە ڕوانــــین و

دونیابینییـەکانی بەرامبـەر ژیـان و گیروگرفتــە زاتی و بابەتییەکانیدا..

ســـەرەتایش ئـــادەمزادی پێشـــین خـــۆی و کاردانـەوەکانی لـە بەرامبـەر دەوروبـەر بـە وێنـە دەربڕیـــوە ، کـــە گـــەلێك لێتۆژینـــەوەی ئـــەنترۆپۆلۆژی و دۆزراوە ئارکیۆلۆژییـــەکان ســـەلماندوویانە زمـــان و خـــەتی نووســـین و گەشەسەندنی ، لە چەند هەزار ساڵێك تێناپـەڕێ ئەمەش لـە چاو هونـەری نیگارکێشان ماوەیـەکی زۆر نییە ، تەنانەت پاش جێگیر بوونی ئادەمزادو دۆزینـەوەی کشتوکاڵ لە چاخـی بەردینـی نوێـدا ( نیۆلۆسیك ) و پاشان سـەرهەڵدانی شارسـتانەتی سـۆمەرییەکان و هـەموو ئـەو لایەنانـەی لـە دەوڵەتۆکەکانی شاردا دەرکەوتن لـە ڕووی زمـان و خەتی پێنووسین ( خـەتی بزمـاری) کـە تـا دەورو زەمـانێکی زۆر بـەردەوام بـوو ، سـەرەڕای گـۆڕانی سیســـتەمی سیاســـی ، ئـــەوەی دەچـــێتەوە نـــاو

هونــەری شــێوەکاری تــا ڕادەیــەك بــە هــەموو چەشــنەکانی لــە بــرەو و پێشــکەوتن نەوەسـتا[1] ..

هــەر ئەوەنــدە نــا ، بــەڵکو بــوو بــە بەشــێك لــە ســرووت و ڕازو نیــازی ڕوانینــە فەلســەفییەکانی ئەوســا.. دۆزراوە ئارکیۆلۆژییــەکان بەڵگــەی ئــەو ڕاســتییەن کــە لــە مۆزەخانــەکانی دونیــادا پارێزراون .

بەم جۆرە هونــەری شێوەکاری لــە نیگارکێشانەوە تــا دەگاتــە دیواربەنــدی و هەیکەلتراشــیی ( بــە هەموو جۆرەکانییەوە ) بوون بــە سیمایێکی دیــار لــە ســیماکانی ئــەو شارســتانەتانە . لــەو ســاوەش هونــەری شــێوەکاریی لــە گەشــە و پێشــکەوتن نەوەســتاوە ، چــونکە جگــە لــەوەی بنیــاتێکی ئیســتاتیکایی ئــادەمزادە لــە دەربڕینــی خــۆی و دەوروبــەری ، لــە هــەمان کاتــدا پێویســتییەکی مرۆییشــە لــە جــوانکردنی ژیــان و جێــی ژیــان کــە

دیـاره ( هونــەری تەلارسـازی یـان خانووسـازی ) لەم بوارەدا ڕۆڵی نكۆڵیلێنەكراوی دیوە و دەبینێ. تەنانـەت وام دێتـە بەرچـاو هونـەری خانووسـازی ڕەنگە ڕاستەوخۆتریش پەیوەنـدی بـە ژیـان و بـە مرۆڤەوە بێ ، بەوەی لـە ژیـانی ئـاسایی و شـوێنی جێبــەجێكردنی ئــەو ســرووتانەی بــە درێــژایی قۆناخەكانی مێژوو ئادەمزاد بڕوای پێیـان بـووە ، كە لە دواییدا هەر بە پێی ئەو قۆنـاخ و بـاوەڕەوە بە ناوێك ناسراونەتەوە و ئامادەییان هەبووە.

جگە لەوەیش هـونــەری خانـووسـازی هەســـتی ( شـوێن ) یشـی لای مـرۆڤ بەرجەسـتە كـردووە ، هەندێ جار تا ئاستی یا نزیـك لـە ( هێلانـە ) ی باڵـداران كــە باشــلار بــە لووتكــەی تەلارســازی دەبینێ و پێیوایە هەرگیز ئادەمزاد نـەیتوانیووەو نــاتوانێ لاســایی داڕشــتنی ئەتــەمی هونــەری چێكردنی بكاتەوە[2].

خـــودی تەلارســـازیش دوور نـــەبووە لـــەو گۆڕانکارییانـــەی بـــەپێی ســـەردەم بەســـەر قوتابخانـــەکانی هونـــەردا هـــاتووە ، لـــە هونـــەری دێرینەوە بگرە تـا کلاسـیك و هونـەری سـەردەمی بووژانەوە ( ڕێنیسانس ) و ئەوەی پێـی دەگـوترێ کلاسـیکییایەتی نـوێ و ئینجـا ڕۆمـانتیکی و کۆپیزم و ئەبسـتراکت و دەربڕینخـوازیی و دادایـی سوریالیزم و هونەری مۆدرێن و پۆست مـۆدرێن و ئێستاش دوای پۆست مۆدرێنیزم و...تاد. کـە هـەر یـەك لـەو قوتابخانـە و ڕێـڕەوە هونەریانـە زادە و ڕوانـــین و هەڵوێســـت نوانـــدن و تاڕادەیـــەك فەلســـەفەی قۆناخـــەکانیانن ، بـــە هونـــەری تەلاسازیشـــەوە ، دیـــارە لـــە ڕووی تـــەکنیکی کارکردنیشـــەوە هونەرمەنـــدانی ســـەر بـــەو قوتابخانانە بۆ بەرجەستەکردنی ئـەو چـەمکانەی لـــە لایـــەنی ئیســـتاتیکا و گۆڕانکارییـــەکانی و پەیوەسـتیی بـە هونـەرەکانی دیکـەوە بـەو جـۆرە

بووە ، هەر ئەوەش تـەكنیك و سـتایلی ( هونـەری كـۆلاژ )ی گەیانـــدە ئـــەو ئاســـتەی چـــەمكێكی هاوچەرخ وەربگرێ ، سەرەتای سەدەی بیستەم .
ستایلێكی ناسك و ڕوانینپێك و بە بوار لە ئـازادی كـــاركردن و هەمەلایـــەن و هەمـــە بابـــەت لـــە بـەكارهێنانی كەرەسـتەی هەمەچەشـن ، كـە بـە بەریەوەیەتی هەندێ جار هـەموو قوتابخانـەكانی تێدا كۆ بكرێتەوە.
كۆلاژ، ئەگەرچـی لـە قۆناخێـك لـە قۆناخەكانـدا لەوانەیە لەگەڵ هونەری ڕۆژنامەنووسیشدا پێڵوز كـــرا بـــێ ، بـــەلام مـــن وای دەبیـــنم ســـەرەڕای نزیكیشی لە هونەری رۆژنامەنووسیی ، ( كۆلاژ ) هونـــەرێكی ســـەربەخۆ بـــێ و لەگـەڵ هـەمان ئـەو جوێبارانەی هونەری شێوەكاری دەچێتەوە سـەر ، تێك بكاتەوە .
جیـاواز لـەوەش دەركـەوتنی ئـەم هونــەرە وەك مێژووی ڕاستینەی خۆی ، دوور لـەو لێڕوانینـەی

لەگـەڵ هونــەری نـوێ سـەیر بکـرێ کـۆنترە لـە هونەری ڕۆژنامەنووسیی بەو چەمك و ڕوانینـەی ئەمڕۆ لە گۆڕێیە.
ڕەنگە نەتوانین بە پێی ڕیزبەندی و پەیدابوونی قوتابخانـــــە هونەرییـــــەکان ، کـــــۆلاژ وەك قوتابخانەیـەك هـەژمار بکـەین ، لـێ بـە دیوەکـەی تر تەکنیکێکی تایبـەت بـە خـۆی لـە کارلێکردنـدا هەیە..

## مێژووی سەرهەڵدان

وشەی ( کۆلاژ - **Collage** ) لـە بنەڕەتـدا لـە **Coller** ی فەڕەنسـییەوە هــاتووە بــە واتــای چەسپاندن یا لکانـدن ، لێـرەوە کـۆلاژ بـەو مانایـە دەکەوێتـەوە کـە لـە چەسـپاندن و پێکـەوە لکـانی شتگەلێك ئینجا وێنە بن یـاخود هـەر ماددەیـەکی دی وەك کاغــەزی ڕۆژنامــە ، قومــاش ، وێنــەی فۆتـۆگرافی ، تابلۆیـەکی دیـاریکراو یـا بەشـێکی ،

هەر كانزايەك ، دار، بەرد، ئاسن، تەنەكە، زێڕ، زیو، هەر شتێك لە ڕووپێوێكی دیاریكراودا بۆ پێكهێنانی شێوەیەك یا چەمكێكی نوێ لە دەربڕیندا(3).

ڕەنگە پێویستی چەندان بواری جیا ڕێگە خۆشكەر بوو بێت بۆ سەرهەڵدان و برەوسەندنی ئەم تەكنیكە لەوانە بە نموونە ئەوەی پەیوەستە بە سرووتە پیرۆزەكان یان ڕازاندنەوەی پەرستگایان لە كۆندا و ڕوانینی هونەرمەندانی نوێ لە پەیڕەو كردنی تەكنیكێكیتر ، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ، بەتایبەتیتریش دوای سەرهەڵدانی بزاڤی كۆپیزم و هەوڵەكانی پیكاسۆ و براك و سیزان ، كە لە پاشانیش دەبینین پەل بۆ زۆر بواری دیكە داوێ و لە خۆیدا وەك تەكنیكێكی تازە ، ستایلی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە..

( کۆلاژ )یش کە  دەچێتەوە پاڵ هونەری بینین ، دوور نییە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە شارستانەتەکانی هەرە دێرینیشدا هەبووبێ ، بەڵام مێژوونووسان بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە لە هونەردا بە (داهێنانی کاغەز لای چینییەکان)ی دەبەستنەوە ( دەوروبەری 200ی پ.ز ) لەگەڵ ئەوەشدا کارلێکردنی لەو کاتەدا سنووردار بووە تا سەدەی (10) دەی زایینی ، کاتێ خۆشنووسە ژاپۆنییەکان تیلمە کاغەزیان بەکارهێنا و کۆپلەی شیعریان لەسەردەنووسی و لە پاڵ یەکیان دادەنان .

لە ئەورووپاییشدا ، سەدەکانی ناوەڕاست ( سەدەی 13ی زایینی ) تەکنیکی کۆلاژ لە کەنیسە گەورەکاندا لەو تابلۆیانە بەکارهێنرا کە گەڵای زێڕکفت و بەردی پیرۆز و هەندێ کانزای گرانبەهای تێدا بەکارهێنرا بەتایبەتی لەو

تابلۆیانـــــەی بـــــە مەبەســــتی ئایینـــــەوە دەنەخشـێنران.

سـەدەی 19ی زایینـیش ، تـەکنیکی کـۆلاژ لـەناو ئەوانەدا بڵاوبووەوە کاری دەستیان دەکرد ، وەك هەنـدێ کـاری یادگـاری و ڕازانـدنـەوەی ئـەلبوومی وێنە و کتێبان[4].

بـــەڵام دیـــارە ( کـــۆلاژ ) تاڕادەیـــەکی زۆر وەك هونــەرێکی ســەربەخۆ و بــە ســتایل و تــەکنیکی نوێـوە لـەو کاتـەدا هاتـە نـاو مێـژووی هونـەری شێوەکاری کە هەردوو هونەرمەند پابلۆ پیکاسۆ و جـۆرج بـراك سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ( سـاڵی 1912 ) کاریـــان تێـــدا کـــرد، دوای ئـــەوانیش سوریالییەکان بە فراوانتری دەستیان دایە.

بـــەم جـــۆرە کـــۆلاژ بـــرەوی ســـەند و تـــەکنیکی کارلێکردنی قۆناخ بە قۆناخ گۆڕا و وەك ستایلێك بـە زۆربــەی وڵاتـانی جیهانـدا بڵاوبـووەوە ، بـە

وڵاتـانی ڕۆژهـەڵاتی ناوینیشـەوە، بـەڵام کـەمتر، ئەگەرچی دەسپێکی لە ڕۆژهەڵاتیشەوە بوو بێ !! بە نموونە لە تورکیای عوسمانیدا ، ئـەم هونـەرە زیاتر لە هەنـدێ ڕووی تـەلارە بەناوبانگەکانیانـدا دەرکـــەوتووە ، بەتایبـــەتی لـــەو مزگـــەوت و کۆشکانەی سوڵتانەکانییان بنیاتیان ناون . لە نـاو عارەبانیشـــدا ، لـــەپێش هـــەمووان بـــاس لـــە هونەرمەنـدێکی میسری دەکـرێ بـەناوی ( مـنیر کـەنعان ) کـە لـە سـەرەتای سـەدەی رابـردوودا لـە دایـك بـووە و بـەپێی زۆر لـە سەرچـاوەکان بـە یەکەمین کەس دادەنرێ لەم بوارەدا[5] .

لـە ئێرانیشـدا ئـەم هونـەرە زیـاتر لـە بـواری خۆشنووسـیدا بـووە ، لـەم بارەیـەوە بـاس لـە شـــوێنەوارەکانی ( مـــەحموود خـــانی مـــەلیك ئەلشـــوعەرا ) دەکـــرێ کـــە لـــە ســـەردەمی قاجارییەکاندا ژیاوە ، هەورەها لە هەندێ لایـەنی پەیوەست بە کارکردن لە هونەری ( میناتۆر )[6] .

هەرچەندە لە ئێراندا کارێکی ناوازە لە شاری ( سیرجان ) دا هەیە ، بە بڕوای من دەچێتەوە خانەی کۆلاژ ، بەڵام ئەگەر بگونجێ دەکرێ بە کۆلاژی مەودادار یا بەرجەستە ناوزەدی بکەین .
ئەم کۆلاژە لە لایەن کەڕوڵاڵێکەوە لەسەر ڕووبەری نزیکەی 15 پازدە هەزار مەتری دووجا دروستکراوە ! چیرۆکی ئەم کۆلاژە کە بە ( باخی بەردین ) بەناوبانگە لە لایەن کەسێکی کەڕوڵاڵی خەڵکی ( ئەفشار )ی سەر بە شاری سیرجان بەناوی ( هیدایەتی ئەسفەندیار پوور ) کە بە (دەروێشخان) ناوی ڕۆیشتووە دروستکراوە .
لێتۆژی فارس د. مورتەزا فەرهادی لەم بارەیەوە دەڵێ: « دەروێشخان لە دوا دواکانی سیلسیلەی قاجارییەکانەوە ژیاوە ، هەردوو شەڕی جیهانی دیوە ، ئەوەشی دیوە چی بەسەر وڵاتەکەیدا هاتووە »[7].



چەند وێنەیەك لە ( باخی بەردین )ی شاری سیرجانی ئێران ، كە بە یەكێك لە كۆلاژە بەرجەستە ناوازەكانی دونیا ناسراوە.

دکتۆر فەرهادی دەڵێ ، ((دەروێشخان قارەمانێکی جوامێر و پیاوێکی ئازا و زیرەك بووە ، هەرچەندە کەڕو لاڵیش بووە ، بەڵام خەیاڵێکی بەهێز و بەهرەیەکی هونەری و دونیابینییەکی بەرزی هەبووە و بایەخی زۆری بە جوانی داوە ئەمەش لە کارەکانیدا دەردەکەوێ))[8].
وادیارە دەروێشخان بەشێکی زۆری موڵکەکانی لە ناوچەی سیرجان لە دەست دەدا ، لە دواییشدا خاکە بە پیت و بەروبوومەکەی بەهۆی بێ ئاوی وشك دەبێ .

بەم جۆرە نیگەرانی دەروێشخان بۆ زەوییەکانی دەگاتە ئاستێك ، خێوەتێك لە بیابانێکی نزیك لە یەکێك لە باخە وشکەوەبووەکانی هەڵبدا و باخێکی بە بەرد لە بنەداری وشك هەڵاتوو ، هونەرمەندانە لەباتی بەروبوومی کشتوکاڵ ، بەردی هەمەجۆر و هەمەڕەنگیان پێدا شۆڕ

دەكاتــەوە لــە ڕووبــەرێكی بــەرفراوان. ( بڕوانــە وێنەكان ).
لـــــە هـــــەمووی ســـــەیرتر، وەك سەرچـــــاوە جیاجیاكانیش باسی دەكەن لەوكاتـەدا لـە هـەل و مەرجی ئەوان ڕۆژان ئـامێری پێویست بەردەست نەبووە بۆ دووبەدەركردنی بـەردە هەمـەجۆرەكان بەتایبەتی بەردە قایمەكان ، لەمەشدا وا پێدەچێ دەروێشـــخان مانـــدووبوونێكی زۆری دیبـــێ لـــە دووبـــەدەر كردنیـــان ، تەنانـــەت هەنـــدێك لـــەو بەردانە زۆر قورسن و هەڵواسینیان بەهۆی تێل و كانزای بەردەستی دیكە ئاسان نەبووە .
ئـەم كـارەی دەروێشـخان كـە ئێسـتاش قیبلـەنمای گەشتوەرانە یەكێكە لـە كـارە ناوازەكـانی مێـژووی داهێنانی هونـەر و هونـەری كۆلاژ بەتایبـەتی وەك لـە پێشـدا وتم دەشـێ بـە كـۆلاژی بەرجەسـتە ناوزەد بكرێ . من بەخۆم ئەم كارەی دەروێشخان ( ئینجا بە هەر هۆ و ئەنگیزەیـەك بـوو بـێ ) بـە

شـێوەیەك لـە شـێوەكان بــە دەقئــاوێزیی زۆر لـەو تێكستانە چاو لێ دەكەم كە لە كـاتی هـەردوو شـەڕی یەكــەم و دووەم یــاخود دوای شـــەڕ نووســـراون و ئاڵۆزییــە هەمەلایەنــەكانی دەروونــی و كۆمەڵایــەتی مرۆڤیان بەرجەستە كردووە .

## تەکنیکی کارکردن

لــــە ڕووی بــــەکارهێنانی مــــاددە و شـــــتگەلی هەمەچەشنەوە کارکردن لە کۆلاژدا کەموێنەیە.. هەموو شتێك ئاساییە بەکاربهێنرێت لـە کاغـەزی هەمــەجۆرەوە تــا قومــاش و پلاســتیك و وێنــەی فۆتــۆگرافی و پارچــەی دیــاریکراو لــە نیگــاری کێشراو و پەڕی باڵندە و کانزای لە جۆری ئاسن و مس و هەروەها بەردی ڕەنگاو ڕەنگ...تاد.

کۆلاژیســـت، ئازادییـــەکی ڕەهـــا و پێکهاتەیـــەکی ئاهەنگــداری ڕوانینخــوازی بــۆ دەڕەخســێ ، لــەو تیشـکانە ، ئەگـەر هـەر کەرەسـتەیەك بـە تیشـکێك ببیـــنین ، ڕوناهییـــەکی بـــەهێز و ســـەرنجڕاکێش بخــولقێنێ ، کــە هەنــدێ جــار مەبەســتی بــێ لــە هارمۆنیای فیگۆرەکانەوە یاخود لەگەڵ یەکهاتنـەوەی کەرەســـتەکاندا دەبـــێ . زۆرجـــاریش لـــە فیگـــۆرە دژبەیەکەکاندا هەوڵدەدا گوزارشت لە ڕوئیاکانی بکا

جگـه لـه دەسـتپێداهێنانەوەی دوایـی کـه لـه دوا قۆنـاخی هـەر تابلۆیەکـدا بـه دەسـکاری خـودی کۆلاژیسـت بـەهۆی هەنـدێ قەڵەموەشـاندنەوە جێبەجێ دەکرێ ، کە هەموو ئەو خەت و لایـن و قەڵەموەشـێنانە دەگرێتـەوە هاوسـەنگی و تەواوکاریی بە تابلۆکە دەبەخشن ، یا لـه هەنـدێ تـابلۆی کۆنتراسـتدا دژایـەتی پـتر دەردەبـڕن کـه ئـەویش هـەر لـه بەرژەوەنـدی کارەکـەدا دەبـێ ، بەخودی ئیمزای هونەرمەند خۆیشییەوە کـه بـه ڕای من دەبێتـه بەشێکی دانـەبڕاو لـه تابلۆکـه و وەك فیگۆرێك خۆی دەنوێنێ .

مـن بـه خـۆم تـەکنیکی کـارکردن لـه کـۆلاژدا وانابینم له مـەودای دەربـڕین جیابێتـەوە ، دیـارە دەربـڕین و شـێوەکاریی و زمـانی هـەرکارێك لەئـەنگیزەی کۆمـەڵێك مـەوداوە سەرچاوە دەگـرن و بە پێی پاشخانی فەرهـەنگی و پێویستی دەروونـی

بەسەر هونەرمەندیدا دەشکێنێتەوە . ئەمە لە هونەرەکانی دیشدا هەر وایە ، بەتایبەتی لە شیعر و مۆسیقادا ، کە دووەمیان دەچێتەوە ناو ئەبستراکت و لە گەلێك ڕووەوە لەگەڵ ئەو ڕیتمە ڕەنگین و پارچانەی کۆلاژدا تێکدەکاتەوە ، باوەکو هەر یەکیان سەر بە دونیای خۆیشیان بن .

ڕەنگە ئەمەش لەوەڕا هاتبێ هونەری کۆلاژ بە شێوەیەك لە شێوەکان دەچێتەوە سەر قوتابخانەی کۆپیزم ، کە لە لایەنی شێوەخوازییەوە بە ڕادیکاڵترین قوتابخانە دادەنرێ لە سەردەمی خۆیدا  بە تایبەتی بۆ هونەری شێوەکاری  ، بەوەی ئەو قوتابخانەیە وازی لە چەمکە ریالیزمییەکانی بینین هێنا و لە هونەری هاوچەرخدا بەوە دەرکەوتەوە ئاڵۆزی مرۆڤی هاوچەرخی لە مەودایەکی دیکەدا دەرخستەوە. پەرەسەندنی هونەری کۆلاژیش

( تاڕادەیەك ) بە لای دەرهاوێشتەكانی كۆپیزم و دادایـەتی و لـە پاشانیشـدا سـوریالی كەوتـەوە لـە پـەیڕەوكردنی ئەبسـتراكتایەتی لـە كاركردنـدا ، بەڵام بە ستایل و تەكنیكێكی جیاواز :
سەودا كردنی ڕوانینئـامێز لـە بەرابـەر ڕووپێـو و بۆشـــای و مـــەودادان بـــەو ڕوئیـــا و گەمـــە شـێوەكاریانە بـۆ ڕێكخسـتنەوەی ئاهەنگـەكانی نـــاوەوەی كۆلاژیســـت خـــۆی ، زۆر جـــاریش دەقئـاوێزی لەگـەڵ ژانرەكـانی دی هونـەر ، بـە نموونە شیعر لـە باڵـاترین تەجەللایـدا ، كـە جار هەیـە بـە لای ڕووی پـاكیزەی ئیرۆتیكـا و هەنـدێ جـاریش بـەرەو ڕێـڕەوی عیرفانیـدا دەشـكێتەوە و لــە شــیمانەیەكی وەختیــدا ، دەوڵەمەنــد بــە پاشخانی مێژوویی ( لە زەمـەنی ئێسـتای دووبـارە بووەوەدا ) و ئەزموونی كـار لێ كردنـی وەك هـەر كـارێكی هونــەری دەگاتــە تروپــك و تۆقــەڵان.. لەوێدا لۆژیكێكی جیا لە نالۆژیكدا ، كـە بەشـێكە

لــه ویســتی عارفــان و ویســتی شــێوەخوازی ، هـەروەها بەشـێك لـه ڕەهـایی ڕوئیـا و دونیـابینی خۆی دەردەبڕێ ..

## لەبارەی ئەزموونی خۆمەوە

وێنەکێشـان بـۆ مـن یـەکێك بـووە لـە خولیاکـانی منداڵیم..ســەرەتای چــوونە بــەر خوێنــدن ئــەو بـوارەم بـۆ نەڕەخسـا ، هــەلـومــەرجی ئەوســا ( دەسـپێکی خوێنـدن ) کـە زۆرجـار بەسـەریدا دەســەپاندین لــە ئەشــکەوتان بخــوێنین چ جــای وێنەکێشــان ، ئــەو زەوینــەی بــۆ فەراهــەم نەکردین. من تا نەهاتمە شار وانـەی ئـەوەی پێـی دەگــوترا ( ڕەســم ) و کــە لــە دوایــدا زانــیم ، نەبیسـتبوو .. ( قەڵـەمڕەنگ ) م هـەر بـە دوایـی نــەدیبوو ، جـار جـار ئەگـەر بمانویسـتبوایە بـە

خەڵوز وێنەمان لەسەر دیوار و زەوی کۆنکریتکراو دەکێشا ، ئەو دەمە تەنیا بینا حکوومەتییەکان کۆنکریت بوون .
لە ناوەڕاستی قۆناخی سەرەتاییدا بووم هاتمە شار ( پۆلی چوارەم یا پێنجەمی سەرەتایی ) لە خشتەی وانەکاندا ، وانەی ( الرسم )م دی بەڵام تا قۆناخی سەرەتایشم تەواوکرد وانەی ( وێنەکێشان – الرسم ) هەر لە خشتەی وانەکاندا مایەوە ، حەفتانە چەند وانەمان هەبوو ، یا دەکرا بە وانەی تر ، یاخود مامۆستا ئیزنی دەداین و بە ئیستیلاحی ئەودەمی دەبووە ( شاغر ) .
لە قۆناخی ناوەندیدا ( پۆلی دووەم ) بارودۆخ گۆڕا ، من گەڕامەوە ( گەلاڵە ) شوێنی لە دایک بوونم کە ماڵیشمان هەر لەوێ بوو .
ئەگەرچی گەلاڵە دەمێك بوو ناحیە بوو ( هەر لە سەردەمی پاشایەتیدا ) ، هەروەها بنکەی

شۆڕشی کوردستان.. لە هەمانکاتدا ئەوان ڕۆژان پێگەیەکی گرینگی بازرگانی هەموو کوردستانیش بوو ، بازاڕێکی هەبوو دووجار بە قەد ڕووپێوی خانووەکانی ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا شوێنێکی تایبەت بە هونەر بە تایبەتی لە ڕووی بایەخدان و بە هەندگرتنی تێدا نەبوو ، ئەوەی هەبوو لە دوو سێ هونەرمەندی خۆڕسك كە ئەڵڵاخوایی خۆیان خۆیان پێگەیاند بوو تێنەدەپەڕی .

ئەوسا ئێمە کۆمەڵێك قوتابی قۆناخی ناوەندی بووین هەستمان بەوە کرد بەتایبەتیش کە هەموومان لە ڕێکخراوی ( یەکیێتی قوتابیانی کوردستان ) دا کارمان دەکرد. ئەوەبوو لیژنەیەکمان بە ناوی ( لیژنەی زمان و ئەدەبی کوردی قوتابخانەی ناوەندی گەلاڵە ) دامەزراند .

بە داخەوە بە هۆی کۆمەڵێك ئەگەر سەرەڕای بایەخدان بە لایەنەکانی دی وەك

ڕۆژنامەنووسیی و مۆسیقا و گۆرانی و شانۆ ، لە بواری هونەری شێوەکاریدا ڕێك نەکەوت کارێکی وامان پێ بکرێ شایانی گێڕانەوە بێ .

زۆری پێنەچــوو بیرمــان لــە بلاوکردنــەوەی گۆڤارێــك کــردەوە ، ئــەوەبوو گۆڤــاری ( بــەرەو ڕوونـاکی ) مـان دەرچوواند ، بـە حـوکمی ئـەوەی زۆربــەی کارەکــانی گۆڤارەکــە ، بەتایبــەتی سەرپەرشـتی چـاپ لـە چـاپخانەی کوردسـتان لـە هەولێر بە مـن سـپێردرا بـوو ، پێشـتریش لەگەڵ دەســپێکی قۆنــاخی ناوەندیــدا ئــەوەی پێــی دەگــوترێ ( ڕۆژنامــەی دیــوار ) کــە زیــاتر دەچــێتەوە نــاو ( ڕۆژنامەگــەریی قوتابخانــە ) چەند بلاوکراوەیەکم بە کۆششی خۆم دەرچواند بوو ، لێرەشدا کە باسی ئەمـە دەکـەم مەبەسـتمە بڵــێم تــەکنیکی کــارکردن لــە ڕووی دانــان و دابەشـکردنی بابـەت و وێنـە و قـەبارە و شـێوەی

دانـــان و بڵاوەپێکردنــــی بۆشـــایی لـــەم جـــۆرە بڵاوکراوانەدا نزیکە لە کارکردن لە کۆلاژ .
لێــــــرەڕا دەتــــــوانم بڵــــێم مــــــن لــــــەکاری ڕۆژنامەنووســـییەوە ســـەروکارم لەگـــەڵ کـــۆلاژدا پەیـــدا کـــرد و تاڕادەیـــەك قـــەرەبووی ئـــەوەم پێکـردەوە لـە قوتابخانـەدا بـواری فێربوونیـان بـۆ نەڕەخساندین .
لەوساوە زۆرجار بۆ بابەتە نووسراوەکانی خۆم یـا هـی بـرادەران یـاخود لـە دەرهێنـانی کتێبەکانمـدا پــەنام بــۆ بــردووە ، ئەگەرچــی وەکــو پیشــانگای تایبەتی تا دوادواکانی سـەدەی ڕابـردوو ( 1995 ) کـــــە( 1995/10/1 ) یەکـــــەمین پیشـــــانگام تێداکردەوە ، هیچ پیشانگایەکم نەکردبێتەوە[9] .
لـە ڕووی تـەکنیکی کارکردنیشـەوە ، هـەوڵم داوە ســـتایلێکی تایبـــەت بـــەخۆم هـــەبێ ، هـــەورەها هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بووم ( وێڕای پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا و بەردەسـت بـوونی ) بـە دەسـت کـار

بکەم ، من لە کارکردن بەدەست خۆم ئازادتر و کارەکانم سرووشتیتر دەبینم .

پێشموایە کارکردن بە دەست ، باوەکو بە کۆمپیوتەر و فۆتۆشۆپ بکرێت و زۆر جار بواری مەودا پێدانیشی هەبێ ، بەلاّم هەمیشە وام دیوە کاری دەستی لە گیان پێدان و درەوشانەوەیدا لە پێشتر بێ . لە هەمانکاتدا کارکردن بەدەست :

**یەکەم:** ڕاستەوخۆترە و پتر ئیحساسات و جێپەنجەی کۆلاژیستی پێوە دیار دەبێ ، ئەگەرچی ماندووبوونی زیاترە.

**دووەم:** ئەو ڕەهەند و مەودایانەی دەتوانرێ بەدەست بە کارەکە بدرێ ، هەندێ جار بە کۆمپیوتەر نزیکە لە مەحاڵ ، بەتایبەتی لەکاتی بەکارهێنانی هەندێ کەرەستەی وەك دار و ئاسن و کانزای دی..

**سێیەم:** زۆرجار ڕێك دەکەوێ ( هەرچەندە من وەکو خۆم ئەم ئەزموونەم لە پیشانگاکانمدا تاقی

نەکردووەتــەوە ) کـۆلاژێکی زینــدوو لــە خــودی هـۆڵی نمایشـکردندا پێشـان بـدرێ ، ئەمــەش بـە کۆمپیوتەر ناکرێ .

**چــوارەم:** لــە ڕووی ڕاپەڕانــدنی کــاردا ، ڕەنگــە زیــاتر مانــدووت بکــا ، بــەڵام لــە زۆر لایەنــەوە پێویســتی بــە هەنــدێ شــت نــابێ ، لــە وێنــەی تـەزووی کارەبـا بـۆ کۆمپیوتـەر بـە نموونـە ، لەو حاڵەتانـــەدا کۆلاژیســـت دەتـــوانێ لـــە کـــوێرە دێیەکیشدا کارەکانی بەدەست ڕایی بکا .

ئــەزموونی مــن لــە یەکــەمین پیشـانگامەوە تــا شەشـەمین پیشـانگا هـەمووی بەدەسـت بـووە ، لـە هیچ کارێکمـدا وەك وتم تەکنیکـە بەردەسـتەکانی کۆمپیوتــەرم بــەکار نــەهێناوە ، مــن پیشــانگای یەکەمم لە (1995/10/1 لە هۆڵی سەدیر لە هاوینەهــەواری ســەلاحەددین ) نمــایش کــرد، بەناوی ( پاییزی چاوەکان ) ئەو پیشانگایە زیـاتر لە 70 حەفتا کار بوو ، لە هەلومەرجێکدا بوو

شەڕیماڵوێرانکەری ناوخۆ لە گۆڕێ بوو ، ئەو پیشانگایە و ئەو کارانەی تێیدا نمایش کران مەنەفێستی ناڕەزایی من بوو ، شەڕ بوو لەگەڵ شەڕی بێئومێدکارانەی خۆکوژی ، دەقێکی ڕاشکاوانەتر بوو لە دەقی (باوێشکەکانی مێژوو) کە شانازی پێوە دەکەم بەوەی (یەکەمین قەسیدەی بڵاوکراوە بوو ، مایسی 1994 دژی شەڕی ناوخۆ پێش پیشانگاکە لە دەسپێکی شەڕدا بڵاوم کردبووەوە ) لە پاشانیشدا لە فیستیڤاڵی خانی لە شاری دهۆك دا خوێندمەوە[10].

لە حەقیقەتیشدا کۆلاژ بۆ من ، وەك زایەڵەی زەنگێکی لێهات لە تاراوگەی شیعردا ، هەر لێرەشەوە کرۆکی کێشەکە دەستی پێکرد:

کۆتەڵساز ، ڕموەشێنی مەیدان ، ئاگردز.. هەموو ئەوانە تارایەکیان پێ نەهۆنرایەوە ! نالێم وشە دەستەوەستان بوو ، بەڵام ڕەنگە نەمویستبێ لە ڕۆحی زیندووی بدەم ، ئەمەش هەستێکی بە

سۆزە کە مرۆڤێك دەبینی خوولانەوەی لە مەودای ئیستاتیکاوە پێ لە پێشتر بێ لەوەی هیوا ستراتیژییەکانی ژیان بەرجەستە دەکەن بە شکۆیەکی وەختی نەدا .

هەندێ جار بۆ ئەوە دەچم وەك چۆن مۆسیقاو ستران بە هۆی هەست کردنی مرۆڤ بە غەریبی و نائومێدی لەو دیماهییە تراژیدییەی ژیان کۆتایی پێ دێ داهێنراوە ..

هونەری نیگارکێشانیش ، ئەگەر مرۆڤی سەردەمە دێرینەکانیش مەودا ئیستاتیکییەکانی پێ لێك نەدرابێتەوە ، لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانییەت تێگەیشتووە لەو وەهم و خەونی نەمرییەوە سەرچاوەی گرتووە ، کە لەگەڵ کارەساتە یەك بە دوای یەکەکانی ژیانزەوتکاران، کونجێك ، بەرهەڵێکی تێدایە لە نزمترین پلەی نەداریدا چلێك ڕوناهیت بداتێ ..

ئەوە هونەرە  دونیات هەبێ ، بە کۆششی خۆت نەبێ ناتوانی تێی بگەی و چەشەی لێ وەربگری..

هەر لێرەوە کۆلاژ بۆ من دیوەکەی تری شیعر بوو لە زەمانێکی ئیفلیجدا ، با لەگەڵ ڕەوتی هونەری نوێش بێ پەیوەندی نەبوو بێ ، بەڵام هەوڵێك بوو لە ئێوارەی مێژوو و ڕۆژپەڕی جوگرافیا بۆ ناسینەوەی بەهارە سووتاوەکان و ڕۆژگارە لە دەستچووەکان .. کلاوڕۆژنەیەك بوو لە شەختەدا ، تەکنیکی ژیان بوو بەر لەوەی تەکنیکی شێوەکارییەتی پەتی بەشێك لەو ژیانە بێت ناومان ناوە شێوەکاری یاخود هونەری شێوەکاری .

ئەم هونەرە ڕەنگە لە کوردستاندا بۆ یەکەمجار پێشدەستیی کارتێداکردنی بە من بڕا بێ ، دیارە لە هونەری دونیادا نوێ نییە ..

نایشارمەوە من لە کۆلاژدا هەست بە ئازادییەکی ڕەهاتر دەکەم ، هەست بەو شێتایەتی و وەهمانە

دەکـەم کـە پێموایـە کـەم و زۆر لـە هەموومانـدا هەیـە ڕەنگـە زۆرجـاریش لـە نەسـتەوە سەرچـاوە بگـــرێ لـــە کارکردنیشـــمدا هـــەرگیز لایـــەنی ئیســـتاتیکی و تـــەکنیکی کـــاکردن و ڕوانـــین و ڕوئیـای شـێوەخوازی لـە مەودایـەکی ڕەهـاترم بـە قوربـانی نـاوەرۆکێکی دروشمئـارا و بارکـەوتوو نەکردووە .

لە پیشانگاکانمدا هەوڵمداوە ڕیتمی ونکراو لەناو ژاوەژاوی ســـەردەمدا بدۆزمـــەوە لـــە کاتێکـــدا هاوسەنگیمان ڕوو لە ئاوابوون بوو ..

2017/10/22

ئاماژە و پەراوێز:

**(1)** هونەری سۆمەر گەیشتە ئاستێك تەنانەت لە سـەردەمە هاوچەرخەکانیشـدا هونەرمەنـدان لـە کارەکانیانـدا بـە شێوەیەك لە شێوەکان بۆی گەڕاونەوەتەوە.

ئەگەر نموونەت ویست سەیری تاقەکەی هونەرمەند ( جـەواد سـەلیم ) بکـە لـە بەغـدا کـە بـووە بـە ئـایکۆنی شـارەکە و ڕۆژانـە لـە **TV**ییـەکان دەیبینـی ، دەسـکردی

هونەرمەنـــدێکی هاوچـــەرخی (1921-1961) ســـەدەی ڕابردووە .

سـەلیم لـەم کـارە ناوازەیـدا سـوودی لـە ( مـۆری لوولـەیی ) سۆمەرییەکان وەرگرتووە ، ئەوەی ئەو کردوویـەتی لـە ڕووی تەکنیکـەوە چـاپی هەڵکەنـدراوی مـۆری لوولەییـە بـەڵام بـە ڕوانینێکی سەردەمیانە.

(2) گاســتۆن باشــلار- جماليــات المكــان - ، چــاپی بەغــدا 1980، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ( الأقلام ).

(3) سكينه المشيخص-الكولاج يستعيد قيمه الاشياء فنياً.

بڕوانە:

http://akherelakhbar.net/%D9%81%D9%86%D9%88%D8%AB%D9%82%D8%A7%D9%81%D9%87/%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%88%D9%84%D8%A7%D8%AC%D9%81%D9%86%D9%88%D8%A5%D8%B9%D8%A7%D8%AF%D8%A9-%D8%AA%D8%AF%D9%88%D9%8A%D8%B1/

(4) نـــوار طـــه - فـــن الكـــولاج - گۆڤــاری ( زەیزفــون ) ی ئەلکترۆنی.

(5) جمال القصاص- سته عقود من الكولاج ، ڕۆژنامەی

( الشرق الاوسط ) ژمارەی ڕۆژی 2000/2/4.

(6) د. سیاوش قندی - تاریخچه كولاژ، ڕۆژنامەی - هنرو اندیشه - ژماره 214- دووشەممه 12ی ئابان 1376ی هەتاوی.

(7) یادداشت د. مرتضی فرهادی ، درباره بزرگترین كولاژ جیهان در سیرجان. بڕوانه :

http://mortezafarhadi.ir/archive/557/%D8%A8%D8%A7%D8%BA%D8%B3%D9%86%DA%AF%DB%8C%D8%B3%D9%8A%D8%B1%D8%AC%D8%A7%D9%86%D8%9B%D8%A8%D8%B2%D8%B1%DA%AF%D8%AA%D8%B1%D9%8A%D9%86%D9%BE%D9%8A%DA%A9%D8%B1%D9%87%DA%A9%D9%84%D8%A7%DA%98-%D8%A7

(8) هەر ئەو سەرچاوەی سەرەوە.

(9) لەوساوە، واته له 1995/10/1وە تا ئێستا 6 شەش پیشانگای تایبەتیم كردووەتەوە و لە زۆربەی شارەكانی كوردستان نمایش كراوان ، وەكو هەولێر ، سلێمانی ، دهۆك ، سۆران ، ئاكرێ ، صلاح الدين..تاد.

بێجگە لەوەش پیشانگای شەشەمم لە ئەنقەرەیش لە تورکیا نمایش کرد کە بە ئامادەبوونی چەندان نووسەر و هونەرمەند و پەرلەمانتار بەڕێوە چوو و لە لایەن نووسەری ناوداری تورك ، دۆستی کورد مامۆستا ( ئیسماعیل پێشکچی )یەوە کرایەوە هەورەها پێنج لەو پێشانگایانە لە دوو تویی **3** کتێبدا چاپ و بلاّوکراونەتەوە.

**(10)** ئەو فیستیڤاڵە لەکاتێکدا بوو زۆر نەبوو من و خانەوادەکەم ، ماڵی دایکم ، هەژاری برام ، ماڵی خوشکم لە قوربانییانی ئەو شەڕە بووین کە ئەوان بەر شاڵاوی تالان و فەرهود و پەراگەندەیی کەوتن و منیش کتێبخانەکەم کە خۆی لە نزیك **8** هەشت هەزار کتێب و دیکۆمێنتی ڕۆژنامەگەریی کوردی دەدا وێڕای چەندین سیایی ئامادەکراو بۆ چاپ لە پێش هەمووشیانەوە ( داستانی گەلگامش ) کە سێ ساڵ بە وەرگێڕان و پەراوێز بۆ نووسینەوە پێی خەریك بووم تیا چوون .

هەڵبژاردەیەك لەو كارە كۆلاژیانەی
لە (شەش پیشانگای تایبەتی)دا لە نێوان
1995 تا 2017 لە كات و شوێنی جیاجیادا
نمایشم كردوون .






















































VALEX












































Peace
on
Earth
N93




















































































































































































































2000










































NO


Mercury
A SALUTE TO EDDY DUCHIN


30 Tablets
Viagra™
(sildenafil citrate) tablets
50 mg*
Pfizer Labs
98 Nazhad








$200,000






















































































تکایە چیدی خاینتان بە سەگ مەچوێنن
ئێمە کەسێ تیکەکە نانێکمان بداتێ
خیانەتی لێ ناکەین، چ جای
خیانەتی نیشتمان...





















فۆڵدەری چەند پیشانگایەك




**له پۆستەرەکانی پیشانگای شەشەم**

**ئەنقەرە - (گەلەری سەنعەت)**

هەندێ لەو نووسین و خوێندنەوانەی بۆ
پیشانگاکان کراون و لە ڕۆژنامە و
گۆڤار و ماڵپەڕەکاندا بڵاو کراونەتەوە .

# پێشانگای پێنجەمی کۆلاژ(*)

مارف خەزنەدار

-1-

نـاوی ئـەم بەرهەمـە هونەریانـە دەنـێم (چـاوی هونەری) یا ( لکاندنی هونەری ).
لەم ڕۆژە گەرمانەی هاوینی هەولێر نـەژاد عزیـز سورمێ دڵ و دەروونی فێنك كردمەوە كە گوتی: پێمخۆشـە بفـەرمووی بـۆ كردنـەوەی پیشـانگای پێنجەمی كۆلاژ. مـن لـەوە دڵنیـا بـووم ئاگـادارە لەوەی كـە دوو سـاڵیش زیـاترە گۆشـەگیری ڕێگـەم پـێ نـادا بەشـداری لـە جموجـۆڵی خوێنـدەواری و ڕۆشـنبیری ڕەسمـی و حكـوومی بكـەم. بێگومـان

لـەوە دڵنیـا بـووە مـەرجی مـن دێتـە دی ئەگـەر بەشداری لە کردنەوەی ئەم پیشانگایەدا بکەم.
مـەرجی مـن بـە زیـادەوە هاتـەدی ، کۆمـەڵێك لـە نووســەر و شــاعیر و هونــەروەر و ڕۆشــنبیر و ڕۆژنامەنووسـانی دۆسـتی نـەژاد بـانگ کرابـوون. هەنـدێ کەسـی بەڕێوەبـەرانی ئیـدارەی حکوومی بەشـداریان تێـداکرد ، بـەڵام بـەناوی ڕەسمییـەوە نەهاتبوون ، بەڵکو دۆست و نزیکی نەژاد بوون .
نــەریتی کردنــەوەی پیشـانگا منـی شاگەشـکە و سەرسـام کـرد چـونکە لـە کۆمـەڵی دیمـوکراتی لیبڕاڵی پێشکەوتوو نـەبێ دیـاردەی وام نەکـەتبووە بەرچـاو. منــداڵێکی زیــرەك ، کــوڕی هونــەروەر مەقەسەکەی بە دەستەوە گرت و شریتەکەی بڕی . من زۆر بەختیار بووم لەگەڵ هەنـدێ میوانـانی دیکـە کـە لـە دەوروبـەری ئـەم بێچـووە شـێرەوە وەستاین تا کارەکەی گەیاندە ئەنجام .
-2-
لــە عالــەمی هونــەری شــێوەکاریدا لــە دوای ڕێنیسانسی ئەوروپا بەتایبەتی لە نیوەی دووەمـی سـەدەی نـۆزدەم و سەرانسـەری سـەدەی بیسـتەم چــەند ژانرێکــی شــێوەکاری نــوێ لــە ڕووی ڕووخسـارو ناوەرۆکـەوە کەوتـە نـاوەوە . هەنـدێ

لەمانــە بــە درەنگــەوە گەیشــتنە لای ئێمــە . مەبەســـت لـــە ئێمـــە هـــەرێمی گـــەورەی میزۆپۆتامیایـە ، واتـە هـەموو خـاکی کوردسـتانی گەورە ، لە بینگۆلەوە تا شاخی حەمرین و ئەوجا خاکی عێراق لە باشووری شـاخی حەمرینـەوە تـا کەنداو کە مەڵبەندی مەدەنییەتی سۆمەری بوو. بە بۆچوونی من ئـەم ژانرانـە وەکو لای خـوارەوە دابەش دەکرێن :

**1**- هونەری وەرگرتنی وێنەی فۆتۆگرافی :
ئـەوەی پێویسـتە لێـرەدا ڕوون بکرێتـەوە ئەوەیـە کامیـل چادرچـی ڕۆشـنبیر و سیاسـی گـەورەی عێـراق هیوایــەتی وەرگرتنــی وێنــەی هونــەری هــەبوو ، کۆمــەڵێك ئــەلبومی وێنــەی هونــەری فۆتۆگرافی لە پاش بەجێماوە.
لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەمەوە ئـەم هونـەرە لەناو کۆمەڵی کوردی عێـراقیش پەیـدا بـوو. مـن خۆم لە ماوەی خوێندنی قوتابخانەی ناوەنجیم لە هـەولێر لـە پـاش ئـەوەی دوو هـاوین بـووم بـە شـاگردی سـتۆدیۆی ( وێنـەی هونـەراوی ) گیـوی موکریـانی خـۆم و کـامێرای بۆکسـی ئـەو کاتـەم

دەچوومە ئـەو دەشـتە و بـە چـاوی هونەرییـەوە هەنـدێ وێنـەم دەگـرت . ئـەم کـارەم ناونـابوو ( ڕاوکردن ) واتە ڕاوی دیمەنی سروشت. لـەلای مـن کامێرا لەباتی قەڵەم بوو ، نێچریش لەباتی ئاژەڵ و زیندەوەر وێنەی ئەوان و دیمەنی سروشت بوو.

## 2- چاوی هونەری:

لە ماوەی ژیانی وڵاتی ڕووسـیام (1960-1968) چـاوم بـە ژانـری ( چـاوی هونـەری ) کـەوت لـە شـێوەکاریدا . کەرەسـتەی ئـەم هونـەرە مەقەسـی درەخــت و چــەقۆ و مشــار و تــەورو هــەموو ئـامێرێکی بـۆ داربـڕین بـەکاربهێنرێ . لـەم تەبیعەتــە بــێ پایانــەدا ، لــەناو دارســتان و جەنگـەڵی چـڕ و ئەشـکەوت و شـیو و قـەدپاڵ و ستالاکتایت و ستالاکمابت و هی دیکە ، هونـەروەر کەتێك لە دیمەنی درەختێك دەدۆزێتـەوە ، چـاوی هونــەروەری ســنووری دەکێشــی و دیــاری دەکـا ، کاری هونـەروەر تـەنیا ئەوەیـە بـە مەقەسـت ئـەو کەرتـە لـە لەشـی درەختەکـە جیابکاتـەوە . ئـەو کەرتــە دارە دەبێتــە تابلۆییــك تــەعبیر لــە بەرهـەمێکی شـێوەکاری دەکـا ، ئـەو تابلۆیـە بـە نـاوەرۆك ڕەنگـە مرۆڤێـك بـێ سـەما دەکـا ، یـا

ئاژەڵێـك بـێ هێـرش دەبـا ، یـا هـەر دیمـەنێكی دیكەی داهێنراو .
نموونـەی ئـەم ژانـرە لـە گـەڵای درەخـت و گـوڵ و گیـاو گـوڵی نـەرم و ناسـكیش دروسـت دەكـرێ و تـابلۆی جوانیشـی لـێ دەكەوێتـەوە ، هەنـدێ جاریش دەبێتە تانجە گوڵینە (ئیكلیل).

3- لكاندنی هونەری:
وێنەی دیمەنێك یا زیاتر دیاری دەكرێ ، لە هەر یەكێكیانـدا كـەرتێك دەستنیشـان دەكـرێ ، كۆكردنەوەیان پێكەوە دەبێتە مایەی بەرهەمێكی داهێنـراوی تـازەی شـێوەكاری . ئـەم هونـەرە لـە گـەڵ لـە كۆمەڵـە مرۆڤایەتییـەكانی سـەر ڕووی زەوی پەیدا بـووەو پەرەیسـەندووە ، بـە چاوێكی ڕێزەوە تەماشا دەكرێ .

-3-

نەژاد عزیـز سورمێ بـەهرەی لـە هـەردوو ژانـری (هونـەری فۆتـۆگراف ) و ( لكانـدنی هونـەری ) هەیە ، بەڵام دیارە (پیشانگای كۆلاژ) تایبەتی بوو بـە ژانـری ( لكانـدنی هونـەری ) لـە هونـەری شێوەكاریدا .

پیشانگای كۆلاژ ڕەنگدانەوەی ژیانی كوردەواری سەردەمی ئێستایە . ژیانێكە تەنگو چەڵەمە و گیروگرفتی زۆرە : سیاسی ، كۆمەڵایەتی ، ئابووری ، ڕۆشنبیری ، هونەری و هی دیكە ..
نەژاد سەركەوتوو بوو تا پلەیێك لە پیشاندانی ئەم گیروگرفتانە ماوەی ئەم هونەرە فراوان و بێ پایانە بۆ دەستنیشانكردنی هەموو جۆرە گیروگرفتێكی مەتریالی و گیانی لە ژیانی تاك و كۆمەڵی ئادەمیزاددا . هەندێجار نەژاد دەرمان و چارەیش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ .
ئەگەر هەندێ لەم بەرهەمانە بە هەموو كەسێك ناوەرۆكیان لێكنەدرێتەوە ، ئەمە قازانجی زۆرە ، چونكە دەبێتە بیركردنەوەی قووڵ و گەڕان لە گێتی نهێنیدا بۆ دۆزینەوەی ئەو مانایەی هونەروەر مەبەستیەتی ، چونكە تەمومژی ڕۆمانتیكی و سیمبۆلی دەبنە هۆی بەردەوامی و پێشكەوتنی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری .

**مارف خەزنەدار**
**24ی تەمووزی 2008**

---

(*) لەكاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا بڵاوكراوەتەوە.

# نژاد فی عالم الكولاج(*)

فهد هورمزيار

مــا أن اقبــل عــام 1910 حتــى كــان الأســلوب التكعيبي في الرسم قد استقر في باريس وعرفت الأوساط الفنية بيكاسو على انه رائد تلك الحركة وانضم اليه فنان فرنسي شاب اسمه جورك براك في مثل
سنه ، واشتغل بيكاسو وبراك معا خلال تلك الفترة متلازمين وأدى هذا التلازم إلى تشابه إنتاجهما بدرجة جعلت من الصعب أحيانا التمييز بين ما رسمه هذا وما رسمه ذاك ، هذان الفنانان مهدا بإنتاجهما إلى ظهور المرحلة التالية من مراحل الفن الحديث المتمثلة في فن الكولاج وهو ذلك الفن الذي يستخدم الأسلوب التكعيبي أصلا لكن بلصق مواد على القماش كأشرطة الخشب

والطوابـع وقصصـات عنـاوين الصـحف وغـير ذلـك مما يراه الفنان. ثـم جاء مـاتيس وزاد في تأسـيس هـذه التقنيـة والارجـح ان مـاتيس التجـا الى هـذا النـوع مـن التشـكيل بعـد ان هـرم وارتعشـت يـداه فاصبح يرسم بقص الاوراق وتلصيقها وقد اسـتمد هذا الفن اسمه من لفظ كولاج وهي كلمـة فرنسـية معناها اللصق.

السؤال الذي يثير نفسه هنا هـو لـماذا اتجه بيكاسـو الى الكولاج ؟

للإجابة عن هذا السؤال ينبغـي أن نعـود إلى بدايـة عهـد الفنـان البـدائي برسـم اللوحـات ولم يكـن في استطاعته انذاك أن يتصـور سـوى بعـدين كما هـو الحال فيما يرسمه الأطفال من صور خالية من مؤثرات المنظور.

ومـع تطـور الفـن الأوربـي تعلـم الفنـانون قـوانين المنظـور فاكسـبت أعمـالهم مظـاهر الواقعيـة وأصبحت

ذات أبعـاد ثلاثيـة وصـار إطـار الرسـم مثـل إطـار نافذة تطل على مرئي .

أراد بيكاسـو وزميلـه بـراك أن يتوصلا إلى الـذهاب إلى أبعـد مـن ذلـك ورغبـا في أن يمتـد المنظور إمـام الصـورة مـن اجـل هـذا عمـدا إلى لصـق المـواد علـى

القماش فوق بعضها البعض وصولا إلى التأثير المطلوب فكان أسلوب الـ( الكولاج ).

انتشر الفن التكعيبي والفن التلصيقي من الرسامين إلى أساليب النحاتين ومهندسي المباني فشاع استعماله في العمارة والديكور الداخلي .

مع ذلك يعتقد الباحثون ان الكولاج من الفنون القديمة وفي العديد من الرسوم القديمة يوجد (كولاج)

أي جمع ولصق، في رِسوم مصر القديمة كان يلصق رِأس طائر أو ثعلب إلى جسم الإنسان ، وكذلك حال الحصان المجنح في رِسوم المنمنمات الشرقية .

ويمكن اعتبار الجوكندة صورة شخصية ملصقة على خلفية مؤلة من منظر طبيعي يحوي عوالم خيالية ، إن مشاهداتنا اليومية في عبارة عن جمع لموضوع وخلفية ، فلن يكون هناك مشهد ولا لوحة ما لم تجمع وتضم عناصر مختلفة إلى بعضها البعض، إن الجمع والضم والربط مبدأ عام في الرؤية والفهم ، نجده في فنون مختلفة كالسينما والمسرح والموسيقي وحتى في الأدب.

لم يصل الكولاج الى الفنانين العراقيين بالسرعة التي وصلت اليها المذاهب والصراعات الادبية والفنية يبدو ان التشكيليين الرواد نأوا بأنفسهم

عنه وبالنسبة لكوردستان لم يسجل شهادة ولادة الكولاج الا على يد نـزاد عزيـز سـورمي.. فنـزاد الـذي اشـتهر كشاعر ثـم دخـل الى عـالم الصحافة وكـان يعـرف عنـه اهتمامـه بـالفن التشـكيلي والفوتوغراف ومجالات ادبية و فنية اخرى تـرجم و اعد اول كتاب باللغة الكوردية عن فـن التشكيلي وكان من الفنانين الرواد في مجال الكولاج .

لنزاد خمسة معارض قدم فيها اعمالـه الفنيـة كـان اخرها في شهر حزيران من العام الجاري حيث قدم فيـه 49 لوحـة وبعـد المعـرض بمـدة قليلـة جمـع لوحاته تلك في كتاب مـن تصـميمه بأسـم ( ديسان چاوەكان ) .

تميز نزاد عزيز سورمي في لوحاتـه بإحساس عـال ودقـة بالغـة ، فـالكولاج عنـده لم يبـدو كـذلك في وهلته الأولى ، فهو يستخدم ادواته ويبدأ في تشكيل لوحته وكأنه يعزف بريشـته علـى المسطح ، وهـذا مايميز فن الكولاج الناجح بأنه لم يظهر قصاصات الورق مرصوصة ليتعـارف عليهـا المتلقـي بسهولة ، فالرائي حين تقع عيناه على تلك اللوحات ينتابـه شعور غريب بالتدقيق والتمحيص باللوحة ، حتى يكتشـف انهـا كـولاج ، كمـا يكشـف شـيئا أخـر، ان

الفنـــان هــو أول مـــن فكــر في ابداعــه ، وهــو أنـــه استوحى تلـك الأعمـال مـن الحيـاة وهـو التعـبير التشكيلي عن أزمة الإنسان المعاصر ، كما انـه أكـد أيضا على رِوح التجانس بين جميع أعمال المعـرض حتى لم يكن بها أي غرابة على الـرغم مـن تعـدد المواضيع.

فنژاد الذي عاش التجارب الانسانية لزمنه نجـح في التعبير عنها بشكل متناسب مـع ماتضمنته تلـك التجارب من افكار.

---

(*) گوٚڤاری ( صوت الآخر ) ژماره 221 = 3\12\2008.

## نەژاد عزیز سورمێ

### لە شەشەمین پیشانگای کۆلاژدا لە ئەنقەرە[*]

شـــــەممە 2015/6/13 و بـــــە ئامـــــادەبوونی ژمارەیـــــەکی بەرچـــــاو لـــــە ڕۆشـــــنبیران و پەرلـــەمانتارانی هـــەدەپ و مامۆســـتای بـــەڕێز ئیسماعیل بێشکچی نووسـەری ناسـراوی تـورك و دۆستی دێرینی کورد ، لە هۆڵی ( جەرن مـۆدێرن - گەلـــەری ســـەنعەت ) پیشـــانگای شەشـــەمی هاوکارمان سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەکەمان نـەژاد عزیـز سـورمێ بـە هاوکـاری دەزگـای بـاس نیـوز نمایشـکرا. لـەبارەی ئـەو پیشـانگایەیەوە، لـە پرسی ئەوەی کە بۆچی لـە ئەنقـەرە؟ کـاك نـەژاد وتـی: ڕاسـتی مـن کـە دەمێـك بـوو نەشـتەرگەریم لەوێـدا کردبـوو ، وای پێویسـت دەکـرد سـەردانی پزیشـك بکەمــەوە ، ڕۆژێ کـە قەسـیدەیەکم بـۆ ڕۆژنامەی باس بردو وتم بـەم زووانـە بـۆ کـارێکی لەو بابەتە سەردانی ئەنقەرە دەکەم ، پێشنیازیان کـرد دوای ئـەوەی زانییـان پیشـانگایەکی ئامـادەم هەیە کە لە نمایشکردنی لەوێدا هاوکارم بن. دیـار منیش بە خۆشحاڵییەوە پەسندم کرد.

پیشانگەکە لەلایەن دۆستی کورد مامۆستا پرۆفیسۆر ئیسماعیل پێشکچی و دوو پەرلەمانتاری هەدەپ لەسەر هەر دوو شاری ماردین و مێرسین بە ئامادەبوونی هونەرمەند کرایەوە . ژمارەیەکی باش لە ڕۆژنامەنووس و قوتابیانی کوردی زانکۆکانی ئەنقەرەش ئامادەبوون. لەبارەی ئەم پیشانگایەیدا کە پیشانگای شەشەمییەتی ، کاك نەژاد بە خەباتی ڕاگەیاند: ئەو پیشانگایەی بە بەکارهێنانی تەکنیکێکی جیا لە پیشانگاکانی پێشووی بووە بەتایبەتی لەڕووی مادده بەکارهێنراوەکان هەروەها لەڕووی ناوەرۆکیشەوە دەڵێ: ئەوە نوزەی منە لەسەر ڕووبەرێکی سپی ڕووبەدەردا لەم دونیا جەنجاڵەی ئەمڕۆ کە میدیا جێی بە کاری کولتووری لەق کردووە ، نوزەی مرۆڤێکە لە بەرامبەر ئەو هێزە تاریکانەی خەونی ڕەوای مرۆڤ ئابلۆقە دەدەن . شایەنی باسە، کاك نەژاد یەکەمین کەسە لە کوردستان کاری لەم هونەرەدا کردبێت و تا ئێستا بێجگە لەم پیشانگایە ، پێنج پیشانگای دیکەی کردووەتەوە.

---

(٭) ڕۆژنامەی خەبات ژمارە 4822 - 14\6\2015.

## گەمەی سیمبولییەکان...
### لە دنیای کۆلاژی ( گەمە شاراوەکانی با ) ی نەژاد عزیز سورمێ دا (*)

محەمەد تەها حوسێن

هەر تابلۆیەك خەونێکە و لە حەزێك یا ئارەزوویەك یا ئومێدێك یا پاڵنەرێك چ غەریزی چ کۆمەڵایەتی چ سایکۆلۆژی کەوتۆتەوە، وردەکارییەکی سیمبولیکی ناوە ناوە بە یەکەوە گونجاو و ناوە ناوەش ئاڵۆز ، هێما و ئاماژەکان بە ئاسانی نامانبەنە سەر ئەو وێنە ڕاستەقینانەی لە دەروونی نەژادی عزیز سورمێ دا هەن ، ئەمە بۆ بینەر ئەوەندە گرنگ نییە و تەنانەت ڕەخنەش ئەو مافەی نییە پشکنەرانە هەر دەبێ ئەم وێنە زەینیانەی هونەرمەند سەرلەنوێ بکێشێتەوە.

ئەوەی گرنگە هەستی هەر بینەرێکە ڕاستگۆیانەو ورد هێماکان بگوازرێتەوە دەزگەی هۆشی خۆی و لەوێدا ئەوەی دروستی دەکا وێنەیەکی دیکە بێ فیگەرەکان لەوێدا بە

یەکەوە مانایەکی هونەری بدەنێ و کۆتایی بە سەرسامی و اق ورماویەکەی بێنن.
هونەری کۆلاژ لەنێو کایەی شێوەکاری کوردیدا ئەوەندە بەربلاو نییە و زۆر نین ئەوانەی لە نێویدان ، نەژادی عزیز سورمێ هێمنانە و لەمێژە لەو بوارە چالاکە و لەو پێشانگەیەدا کە ئێستا 16 تا 21ی 4 لە هۆڵی میدیا کراوەتەوە تێیگەیاندین کە شتە لە یەکتر جوداکان و بەیەکەوە نەهاتووەکانیش بۆیان هەیە لە فۆرمی تازەدا شتی دیکە و وێنەی دیکە و ئینجا مانای تازەیان لێ بەرهەم بێت.
نەژاد لەم کۆبەرهەمەیدا وردبوونەوەو نەسەقیەتێکی بالآی نیشاندای و ئەوەی بۆ من جێی بایەخ بوو هێڵە هزری و ڕوانگە مەعریفییەکەی ئەو بوو کە دەمویست لە فیگەرو سیمبولەکانەوە ئاشنای بم و تا ئەو ئاستە توانیم پەی بەوە بەرم کە کاك نەژاد لەو کارانەیدا زۆر بە سەلیقەیەکی جوان لەسەر ڕاستەهێڵێك ڕۆیشتووە و خودی هونەری خۆی جا چ دنیا تاریکەکەی نەستی بێ چ بەشە ڕووناکەکەی.. ژیرانە لە جوانکارییەکی سیمبولیکی لە چوارچێوە بگرێ .

تابلۆکـــــان زۆر قـــــوول لەگـــــەڵ خۆیـــــان شۆڕماندەکەنەوە نێـو دنیایـەکی تاریـك لـە هـەر یەکێکماندا ، هەر سیمبولەی بۆ هەرێمێکی نەست دەسـتمان دەگرێـت و لـەوێ وازمـان لێنـاهێنێ و یەکسـەر تەسـلیم بـە سـیمبولێکیترمان دەکـا بـۆ ئـــەوەی ســـەرەنجام بمانباتـــە ئـــەو قووڵاییانـــەی لەوێـدا بیرۆکـەکان خەسـتە و ماندووکـەوتوون و نەیانتوانیوە سەراو کەون نەبادا بوونە فیزیکی و کۆمەڵایەتییـەکانمان لـە بـەین بچـن ، هـەر بۆیـە ئـەم خـودە مانـدوو و خەسـتەیە سـیمبولگەلێکی کردۆتـە نماینـدەی خـۆی بـۆ ئـەوەی لـە دنیـای بەرجەسـت و بەرهەسـتدا ڕۆڵـی ئـەو نمـایش بکەن و کەس کە لێـرەدا نـەژادە وەك دیاردەیـەکی ئینسانی گونجاو لەگەڵ ترادیسیۆن بگێڕنەوە.

ئـەم هونـەری کـۆلاژەی نـەژادی عزیـز سـورمێ گونجانێك لە نەگونجاو دێنێتە ئارا ، یا باشتر وایە بڵێین نەگونجاوەکانی ئەم دنیایـە کـە لـە دەرەوەی نەســـەقیەتی سیســـتەم و ئـــۆردەری ژیـــانی کۆمەڵایـــەتی ئینســـانی کەوتوونەتـــە ژەنینـــی ناخۆشـــترین ئـــاواز بـــۆ ژیـــان ڕێکدەخاتـــەوە، بەیەکـەوە بەسـتنەوەی جوداکـان بـەردەوام بـوون نییە لەسـەر پیرۆزکردنـی تـرازان بـە قـەد ئـەوەی

ڕەخساندنی کەشێکی ئێستاتیکییە بۆ جوانبینینێك کە هەمیشە لە جوداکانەوە ئەم جوانییە فەراهەمە.
کارڵ گۆستاف یۆنگی سایکۆلۆژیست و میتۆلۆژیست هەمیشە خەونەکانی خۆی دەنووسییەوە و لە سکێچێکی شێوەکاریدا دەینەخشاندن و جاری وا هەبوو لە پەیکەرێکدا سیمبولیزەی دەکردن ، ئەو بەو جۆرە دیاردە هونەرییە سایکۆمیتۆلۆژیانەی دەوت (ماندالا) لەو وێنە ماندالاییانەدا بۆ سیمبولە سەرەتاکانی هزری یەکەم مرۆڤ و یەکەم کەسێتی و یەکەم خەون دەگەڕایەوە . ئەو پێیوابوو هەر کەس بە جۆرێك سیمبولیزەی خەون و زیندەخەونەکانی دەکات و هەر سیمبولەش لە خەونەکانیاندا بۆ هەر یەکێك مانایەکی هەیە و ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بە نەستی مێژووییدا شۆڕیدەکاتەوەو دەیباتەوە سەر ئەو یەکەم فیگەرەی کە یەکەم مانای دراوەتێ.
لە تابلۆکانی نەژاددا ئەو ئاگرە مەعریفەیەی بڕۆمیسیۆس بۆ هەموومان لە هیفاستۆسی دزی تا پێی گەرم دابێین و لە قەسرین ڕزگارمان بێ زۆر بە دەرکەوتوویی دیارە ، ئەم ئاگرە هەر ئەوە

نییە خۆمانی لەبەر گەرم دەکەینەوە و خواردنی پێ ساز دەکەین و دەمانسووتێنێ و گۆشەیەك لە بوونمان پێکدەهێنێ ، بەڵکو ئاگر بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی کیمیکیمان و ئەم کیمیاگەرییەی ئاگر ناوە ناوە بەردەبێتە بیۆلۆژیای جەستە و لەوێشەوە بەرەو ڕۆح بەرزدەبێتەوە و لەوێدا لە ئۆرگازمێکی ڕۆحیدا ئەو شادمانییەی ئاگر دەمانخاتە بەهەشتێکی ئەبەدییەوە .

ئاگرەکەی برۆمیسیۆس لە چاو و گەردەن و گۆزنگ و قەدی دار و پەیژەو کۆمەڵێك ئیکسسواری دیکە تروسکایی و گەرمییەکەی هەستپێدەکرێ و لە کۆتاییدا گەشتە ئاگرینەکەی نەژاد هەموومان دەباتەوە سەر ئەو کانیاوەی هەر لەگەڵ یەکەم دەمتێنانی شلوێمان کرد و تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ هەموومان هەر لەو ئاوە شلوێیە هەڵدێنجین و لەوساشەوە پۆخڵەواتی سەیر سەیر دەکەینە خۆراکی ئاگر و هەر بۆیەش بۆسۆکەی تاوەکو ئێستا هەر بۆ کروزی زەمەنە سەرەتاکانی مرۆڤی لێدێت.

برۆمیسیۆس بە ئاگر سەرەچاوەکانی مەعریفەی بۆ مرۆڤێك دابینکرد کە زیۆس هەرگیز نەیدەویست کەسەکان لە ئاژەڵ تێیپەڕێنن،

نەوەکا ڕۆژگارێك دابێ چاویان بکەوێتە سەر نازو نیعمەتــەکانی زیــۆس و دواتــر لــە ســیناریۆی جیاجیادا لێی هەڵگەڕێنەوە.
ئەوەی نەژاد نیشانمان دەدا لە تێگەیشتنی من بـۆ هـەموو سـیمبولیزەکردنەکانیدا دۆزینـەوەی ئـەو ئاگرەیــە کــە دوای بەخششــەکەی بڕۆمیســیۆس سـەرلەنوێ لێمـان دزرایـەوە ، دزرانێـك تـا ئێسـتا هەر بە دزییـەوە کەسـەکان لـە چوارچێوەی هـەر کەلچــەرێك بــە گەرماییەکــەی بــڕی خۆیــان دەشــکێنن ، دزرانــی ئــاگر دزینــی تواناکــانی مەعریفــە و بیرکردنــەوە و عەقڵانیــەت بــوون، دزەکردنــی نــەژادی عزیــز ســورمێ لــە ڕێگــەی سـیمبولی سـەیر سـەیر بـە قاچـاخە ڕێـی سـەیر سەیر دەیباتەوە سەر ئـەو سەرچاوانە بـۆ ئـەوەی کەمێ لە هەڵەرزینـەکانی خـۆی ئارامکاتـەوە، جا ئـەم گەشـتە بـە ئاگاییـەوە بـێ یـا بێئاگـا گـرنگ ئەوەیــە ئــەو ڕاســتگۆیانە و هونەریانــە لــە کەرنــــەڤاڵێکی ســـــیمبولیکیدا بەشــــێك لــــەو تاریکستانەمان بۆ ڕووناك دەکاتەوە.

---

(*) ڕۆژنامەی خەبات ژمارە 5254 – 23\4\2017

# العيون.. العيون دوماً

طارق كاريزى

أنه المعرض الشخصي الخامس للفنان، الصحفي، المترجم، نزاد عزيز سورمي، كل مرة الكولاج والعيون تجددان نفسهما لتخوضا امواج المعاني بلغة بصرية شفافة تجمع ما بين الحس الشعري وقدحات التشكيل. ( مرة اخرى العيون ) كان عنوان اخر معرض لكولاجات الفنان ، وكل مرة يتخذ من سحر العيون مفتاحاً لدخول عالمنا الشائك الذي تتداخل فيه الاف الرغبات والمطامح ولا يتحقق للأنسان منها سوى نسب ضئيلة ومن ثم يشكو الزمان لقدره الأسود.

حاول سورمي هذه المرة ايضاً تتبع اسرار العيون وما تفصح من ألغاز تأسر القلوب. لكن هل

للمشوار نهاية ؟ خمسة معارض تتخذ من هذه الحاسة عنواناً دليلاً على ان نبع العيون لا تعرف الجفاف. ولاجدل في كون لغة العيون هي الاكثر بلاغة من كل لغات العالم .

المعرض اشتمل على خمسين لوحة كولاج عرضت خلال الفترة 23-27 حزيران الماضي على قاعة گاليرى كوردستان باربيل. واظهرت الاعمال درجة متقدمة في التعامل مع المساحة وتوزيع المفردات والترابط الانشائي بين التكوينات. وتكرار مفردات العين والمرأة مشخصة أو مرمزة في جميع الاعمال يعطي الدليل على عمق التجربة الذاتية للفنان مع محتوى اعماله وتبلور أسلوب خاص به اعطى للكولاج ثقلاً ربما لم ينله لدى أي فنان آخر.

الدقة في اختيار التكوينات وتوزيعها وفق نسق يثير الاحاسيس ويداعب الخيال ، من اهم الركائز التي استندت عليها الاعمال. والجانب الجمالي لم يفرط به ايضاً فقد بسط جناحيه على ادموسفير اللوحات من خلال التوزيع الهندسي للاعمال والمقاطع المفرداتية المليئة بالألوان والجاذبية البصرية. فالمغريات امام احاسيس وغرائز المشاهدين لم تكن قليلة ، والمفردات المستخدمة وان كانت صريحة في البوح بما تحمل من افكار

ومعـــان ، الا أنهـــا لم تتـــدحرج نحـــو المباشـــرة والسـطحية ، بـل ان عمقـاً رِمزيـاً ظـل ملازمـا للتكـوين البنـائي للأعمـال. باختصـار مـن خـلال قراءة تفكيكية لأعمال نـژاد يمكـن ادراك أو تلمـس ايماءات عدة فنون تشكيلية كالكاريكاتير والبوستر والرسـم فيهـا ، مضـافاً الى كـل ذلـك حـس شـاعري طاغ كان كالظل المستديم فوق رِبى اللوحات .
نژاد عزيز سورمي يرأس تحرير جريدة (خەبات) اليومية التي تصدر على مـدار الأسـبوع بالكورديـة في اربيل. كتب الشعر وترجم الشعر خصوصاً مـن الفارسـية الى الكورديـة ولـه مؤلفـات في فنـون الصحافة ، وهـو الفنـان الاكثـر وفـاء لفـن الكـولاج بحس شرقي مرهف .

---

(*) گۆڤارى صوت الآخر ژماره 200 – 22\7\2008.

# چێژ لە بونیادی پرۆسەی بینیندا(*)

نیهاد جامی

(1)

ئەگەر بمانەوێ لە پانتاییەکی دەستنیشانکراوی تابلۆدا تێڕامانی (چاوەکان) لە وەرزی پایزو کۆلاژکردنی لە دوورگەی تاراوگەی شیعری بخوێنینەوە ، ئەوە دەبێ خوێندنەوە خۆی داماڵێ لە هەموو ئەو سەرنجانەی لە پەراوێزی ئەلبوومی وێنەکان تۆمارکراوە ، چونکە سەرنجی وەرگرێك لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ عەقڵی بکەری ئامادەبوو هاوکێشەیەکی نەك نزیك پێکنایەنن، بەڵکو هاودژیشن.. چۆن!؟.

دەقی ڕەخنەیی هەموو ئەو ستایش و ئافەرینانە فەرامۆش دەکات و لە چوارچێوەی (تابلۆ) وە ڕەفتار دەکات ، ئەو لەو سنوورەوە دەق دەبینێ و تێڕوانینی بینین لە مەملەکەتی فەزا و شێوە

دەستنیشـــان دەکـــات ، کەواتـــە ئـــەو ڕەهەنـــدە هونـەری و هێڵـە سـتاتیکیانە چـین لـە ئـەلبوومی (کولاژی پاییزی چاوەکان)ی نەژاد عزیـز سـورمێ، کۆدەبنەوە سەر دەلالەتی هونەرییەوە.
دەقی ڕەخنەیی لەو تـابلۆ کۆلاژکراوانـەدا بـەدوای ئـــەو پرســـیارەوەیە کـــە (مانـــا) بـــەدوای (چێژ)ـەوەیە، یـاخود (چـێژ) لـە پرۆسـەی بیـنین (مانا) وەدەستدێنێ!؟.
(چـێژ) وەك پرۆســەیەکی بیــنین بــۆ ئــەو دووە پرسیارە لـە هـەردوو ئاراسـتەی لێکچوو و هـاودژ، لە بەرگی ئەلبوومەکەوە کە دواتر لەنێو تابلۆکـان دووبارە دەبێتەوە بینین تەرخان دەکات .
(چـێژ) بـۆ سـاتەوەختی هەنووکـەیی (مانا)یـەك لێــرە دەشــارێتەوە ، ئــەویش لــەنێو قفڵێکــی داخـــراودا (دڵ)یـــك دەبینـــرێ ، لـــە دەرەوەی قفڵەکەش کلیلێك و لە خوارتریش شێوەی سیمای ژنێك کە گوێبیستی مۆسیقایە.
ئەگـەر لـە تێڕوانینـی (فرۆید)ـەوە لـەو تابلۆیـە بـــڕوانین ، ژن وەك مێینەیـــەکی تەواوکـــەر بـــۆ ڕەگـــەزی مرۆیـــی لـــە بیرکردنەوەیـــەکی گۆشەگیریانەیە بـۆ ئـەوەی کەسـێك پـەی بـە دڵـی ببـات (کلیـل) لێـرە ئـامرازی زایەنـدی نێرینـە

نمایش دەکات هەروەك چۆن (قفڵ) ئاماژەیـە بـۆ ئامرازی زایەندی مێینە .

کلیل+ قفڵ= ڕەگەزی پێکهاتەی بەرهەم → ئاڕاستەی نەجولاو

قفڵ + کلیل = کردنەوەی دڵ → ئاڕاستەی جولاو

← پرۆسەی عەشق + دەلالەتی سێکسی

= ڕزگاربوون لە گۆشەگیری تاك

↓

کردنەوەی قفڵ ← گوێگرتن لە مۆسیقا

چاوداخستن (بەرجەستەکردنی ڕۆمانسیەت) →

چاوەکان ← پاییز ( چێژ + مانا )

پاییز ← تێکشکانی مرۆڤ ← لەتبوونی جەستە

ڕوانینی چاوە پاییزییەکان ← هەڵسانەوەی مرۆڤ

← کۆکردنەوەی جەستە

پاییزی چاوەکان ( دەق ) →

هەمووماـن ڕوانین مەودایـەکی فراوانـی بـۆ ( بینین )مان تەرخانکردووە ، بـەڵام لەبـەر ئـەو حاڵەتە بایەلۆژییە لەوانەیە (ژنان) بەدوو ڕوانین شـتەکان ببیـنن ئـەویش بینینـی چـاو لـە پـاڵ بینینی ناخ ، بۆیە هەموو چاوەکان چاوی ژنن لـە ئـەلبوومی (پـاییزی چـاوەکان)دا ، تـەنیا چـاوێك نـــەبێ کـــە هونەرمەنـــد خۆیـــەتی بۆیـــە کـــاتێ

قەڵەمــەكان بەســەریەكدا دەشــكێنەوە و خــاوەن قەڵــەمیش دەخرێتــە گرتووخانــە ، كــە ڕوانــین دەیباتــە ســەر قەڵەمــەكان چــونكە قەڵەمــەكان (نــەء)ی شۆڕشــگێری بــە (بــەڵێ)ی خــۆ دۆڕان پــێ نەگۆڕیوەتــەوە ئەگــەر (چــاوەكان) نــەیانتوانی بــەردەوامی بــە ڕوانــین ببەخشــن ، چــونكە لــە تەونی جاڵجاڵۆكەوە زەمەنمان وەك گەڵای پاییز هــەڵوەری ، ئــەوە (مێــژوو) چــاوەكانی زەمــەن دەگەڕێنێتــەوە ، چــونكە دڵنیــا دەبــێ كــە مرۆڤــەكانی ئێســتاكە كەســی ئەفســانەیی نــین و پێكهاتــەی بونیــادی ئێســتای كۆمــەڵگان و ئــیرادەی بینینیـــان لـــە دەســـتداوە ، ناچـــار دەبـــین (ڕاهیبە)یەك یا (مەریەم) لە مێژوو قەرز بكەین تا لە تەونی جاڵجاڵۆكە و خەزانی گەڵاكان بڕوانێ ، چونكە تەونە جاڵجالۆكە لە نزیكترین (مانا)دا پیربوون نیشاندەدات ، هەوەك چۆن (چاوەكان) ڕوانـــین دەبڕنـــە ئـــەو ڕێگایـــەی كـــۆتری ســـپی (ئاشتی) بەرەو یەك دەستیمان دەبات كە ئەویش ئامازەیە بۆ یەك بوونی دەسەڵات .

چــی لــەو هاوكێشــە لاســەنگترە كــاتێ میــزان (تــەرازوو) لایــەكی خــۆی لــە دەســت بــدات و بــە (كــۆنترۆڵی داد)ــەكەشی ببــێ بــە ڕاوچــی و

ماسییەك بگرێ ، ئەو پرسیارەی لە تابلۆکەدا لە چاوی شۆخێکەوە دەوروژێ و لێرەش لە دەق نیشانی دەدەینەوە (چارەنووسی ئەو کۆمەڵگایە چی دەبێت کە دادوەرەکانی ماسیگربن!؟).
ئاشکرایە لای (شکسپیر) ماسیگری پیسترین پیشەیە ، چونکە هەڵگری بۆنێکی ساردە هەروەك چۆن لە دەقی شانۆنامەی (هاملێت)دا وەك جنێوێك بەکاردێت کاتێ یەك لە کەسێتییەکان دەڵێ: (برۆ ئەی ماسیگر!).
پرسیاری بینینی چاوەکان پرسیارێکی ئەزەلییە کە هەرگیز وەڵامی پێنییە ، بەڵکو سپاردنییەتی بە قەدەر ، کەوابێت ناچارین بڵێین (ئەی ژن کە هەموو دەستەکان بە بەلۆعەی ئاوەکان نەگەیشتن، تۆ بە چ سیحرێ دەتوانی ئاوەکان بگەیەنی !؟).
دەبێ سیحری ئەو چاوانە چیبن کە بێ ئەوەی ئاوڕ لە چاوەڕوانی ئەو هەموو دەستە بدەنەوە، سەیری (من)ی وەرگر دەکات ، لە کاتێکدا نەورەسەکانیش شێتانە لە دەریاوە هەڵدەفڕن.
ئەگەر کتێب دەلالەتی ڕۆشنبیری بدات بەدەستەوە ، ئاخۆ لە پێناو بوونیادێکی ژیان (ئاو) دەکرێ هەموو چاوگە ڕۆشنبیرییەکانمان لە

مەعریفە و بەهاکان بخەینە کۆڵی گوێدرێژێك، ئایا دەکرێ لە پێناو کردنەوەی بەلۆعەی ئاوەکان شارستانییەت بخەینە کۆڵی گوێدرێژ و ئیرادەی بەهۆی چەکەوە بخەینە ململانێی ژیانەوە !؟.

ئەوە ئەو پرسیارەیە هونەرمەند (چێژ/مانا)یێ لە یەکتر دەچوێنێ بۆ کاتی سەرهەڵدانی شەڕو فەنابوونی عەقڵ لەنێو بوونیادی شارستانیدا، ئێمە چۆن پەیوەندییەك لە نێو دوێنێی قۆناغی کشتوکاڵیمان و ئێستای تەکنەلۆژیا دروست دەکەین ، ئەو (سیاق)ی پەیوەندییە کامەیە کە (چاوەکان) مێژوومان لا بکات بە (مۆزەخانەی ئەنتۆگرانی) کاتێ دابڕانێك لەنێو فەرش و قەڵەمەکان بەهۆی (چاوەکان) دروست دەکات ، کە ئەویش نیشاندانی نیگارو نەخشە.

(مردن)یش وەك پرۆسەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چڕ دەکاتەوە سەر خەنجەرێکی بە خوێنەوە ، کە (کووشتن) دەبێ (زیندووکردنەوەی مەرگ) خەونە باخۆسییەکانی (مێ)ینەش بە چاوێکی فرمێسکاوییەوە ڕۆدەچنە نێو ڕەگەزەکانیتری گیانداران.

ئەوەتە گەمەکردن بە ماسی کە زیاتر دەلالـەتێکی مێینەیە بۆ ڕەگەز نیشاندەدات ، لە هەمانکاتـدا باخۆسـییەتی ژنـان لـە تابلۆکـەدا دەردەخـات، چـونکە ئێمـە ئـازاد نـەبووین لـە کردنـەوەی (قفڵەکانی سەرکوتکردنەوە).

(2)

هـەر لـە نێـو خەونـەکانمان لەبـەردەم تـەونی جاڵجاڵۆکـــە و تـــا هـــزری ئازادمـــان لـــە بەرجەســتەکردنی حـەزەکان ، هــەر ئەوەشــە دەسەڵات بە پیرۆزتر دەکات. هەر لەنێو دەسـەڵات وەك بوونیـادی لـێکترازاوی چـەمکی گوتـار کـە (گوریس) وەك ئـامرازێکی ئەشکەنجە ، دەستمان ببەسـتن بــۆ بێــدەنگ بــوون ، و چاویشــمان دادەخەن بۆ نەبینین تاوەکو کەسێکی نـەبینراوی بێدەنگ وەك بەشێکی پێکهاتـەی وێنـە دەربخات، پێشماندەڵێ بەچی دەچێ چاوی ئـەو ژنانـەی کـە هەموو شت ببینن و نـابێ بـڕوا بـە بیـنین بکەن، دەتوانن بدوێن و کەچی دوانیان تەنیا بۆ گۆرانی شەهوانی شەوە .

هـەروەك چـۆن کـاتێ ململانـێ لەگـەڵ زنجـیری زیندانییەکان دەکەن دەبێ ئەوان چاویان بگـرن و

نـەبینین ، چـونکە بینینیـان سـەد جەلدەیـە بـۆ مـردن.
دەســەڵات ئـازادی دەخاتــە ئـەو نـورەوە کـە لـە بەرژەوەنــدی خـۆی دابــێ و قەڵــەم بخاتــە ژێــر چەتری ئایدیۆلۆژیای تایبەتمەندەوە.
ئــەو قەڵــەم هەڵگرانــەش تــەنیا ئــەو پیــاوە بچووکانەی دەسەڵات دەبن کە (ڕایـش) بـە پیـاوی بچــووکی دەســەڵات ناویــان دەبــات . لــەو کــارە هونەرییەدا پرسیارەکان لەوە زیاتر ڕۆدەچنە نێو پانتایی گشـتی کـە (مانـا) چ بینینێـك بـۆ (چێژ) وەك دەســەڵاتێکی ســەربەخۆ نیشـاندەدات ، ئـەوە ئەگــەر (ســێو)ێك وەك (دال)ێکــی هەڵخەڵــەتانی ئێمــە بــێ لــە بەهەشــتەوە ، بــە بوونیــادێکی خیانـەتکاری بـزانین ، ئـاخۆ ئـەو لەتـە بچووکەی کـە خـوراوە یـا بڵـێین ئـەو لەتـەی کـە (ئـادەم) خواردی ، چ دڵمان بەو کۆترە سپیانە خۆش بکات کــە لــەناو ســێوەکە دان ، کــە لەوانەیــە دوای ماوەیەکیتر بۆگەن بکەن. ئایا بـە فرێدانی ئـادەم لـە بەهەشــت دەکـرێ لەسـەر زەوی دڵمـان بـەو کۆترە سپیانە (مەسیح) خۆش بێت!؟.
لێــرەدا پرســیارێکی بــرای نووســەر (خــەڵات عومــەر)م کەوتــەوە یـاد کـە دەڵـێ (ئایـا سـێوێك

هێنــدە دەهێنــێ ســەرجەم مرۆڤایــەتی پــێ شەرمەزار بێ؟) (نەژاد) چەند لەوە ڕاستگۆیە کە نایـــــەوێ وەك (باوك)ێـــــك حەقیقـــــەتی سەرکوتکردنی منداڵەکان بشارێتەوە.

کاتێ تاوانباربوونی باوکانمان پێنیشان دەدات لە بەرامبــەر تــاوان دەرهــەق بــە منــداڵان ، کــە بــە درەختێـــك و گڵەکـــەی چـــاویان دادەخـــات ، دایکانیشــی کــردووە بــە چــاودێر لــە ســەریان ، چــونکە دایکــانیش وەك منداڵــەکان گوێڕایــەڵی فەرمانی دیکتاتۆریەتی باوکەکانن.

(ئەی مـرۆڤ وەرە بـا بـۆ زەمـەنی ڕابـردوو بگـرین لەبــەردەم کرانــەوەی دەرگاکــان ، مۆســیقاژەنین بێهوودەیــە.. خەونــەکان لــەوە گــەورەترن و بــا فرمێسـك بـە چاوەکانیش نەڕێـژین). ئـەوە ئـەو دێرەیــە بیــنین ئاڕاســتەی گوتــاری وەرگرتنــی دەکـات. ئەگـەر فڕینـی ئەسپە بوراقییـەکان وەك موعجیزەیــەکی ئاسمــانی بــێ و لــە خــاچ دانــی (مەسیح)یش وەك ڕزگارکردنی لەشێکی گوناهکار تەماشـــا بکـــەین ، ئایـــا تـــاوانی (چـــاوەکانی مێینە)یـەك چییە؟ کـە لـەنێو گوتـاری (سائد) فۆبیایەکی بۆ بەرهـەم بێـنین ، کـە نـەتوانی وەك سێبەرەکەی خۆی لێی جیابێتەوە ، ئاخۆ زەمـەنی

ئەفسـانەیی چ جیهانێـك بـۆ ئێسـتا دەستنیشـان بكـات ، تـاوەكو ئـەو فۆبیایـە بڕمێنـێ ، دیـارە هەرگیز نەمانوویستووە دەق لەو نووسینەی ئێمە وەزیفـەی ئاشـكرا كردنـی (مانا)كـانی (چـێژ بیـنین)ی هـەبێ ، بـەڵكو تـەنها دەرخسـتنی چـێژ وەك ساتە وانەكانی حاڵەتی ئەفرێنـەر كـە (مانـا) لـە پشـتییەوە وەسـتاوە. گـەر دەق ئاشـكرا كردنـی (مانـا)ی بـەكاری خـۆی بزانیبـا ، كـە ڕەخنـەی تەقلیدی خوازیـاری ئـەو كارەیـە ، ئەوسا دەبوایـە چاوەكان ئاشـكرا بكـەین كـە خـاوەن ئـەو چاوانە كـێن ، كـە بوونیـادی پەیوەنـدی كۆمەڵایـەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی دەستنیشان بكەین، (هـەر بـۆ نموونە) كاتێ چاوی خودی كاك نەژاد سورمێ لـە تابلۆكــە دەبیــنین ، كــە ئــەو لــە دەســەڵاتی سۆسیۆلۆژی دەبینێ قەڵەم دەچێتە ژێـر چـەترو فیگەری ئەویش دەبێ بە فیگـەرێكی ئـازاراوی كـە ئـەوە كـاری (مانا)یـە نـەك چـێژ ، یـاخود كـاتێ چـــاوەكانی هونەرمەنـــدی شـــێوەكاری خـــوا لێخۆشبوو خاتوو (لیلی العطار) دەردەخـات، دەبـێ یەكـەم ڕسـتەی دەق ئـەوە بـێ كـە كـاتی هەسـتی جوانكاری دەكوژرێ ، خوڵقێنـەری سـتاتیكا دەبـێ بـە یادێـك لـەنێو ئەرشـیفی تـابلۆدا. ئەوسـا دەق

ناچــــارمان دەكــــات لــــە بــــارەی پەیوەندییــــە دەلالییــــەكانی كۆمەلاّیــەتی و سیاســی بــدوێیت، خۆمــان بخەینــە ژێــر ئــەو وتــارە سیاســییەی كــە (لیلی العطار)ی كرد بە قوربـانی خـۆی و دەیـەوێ (دەق) وەك پرســـەیەكی چـــێژبەخش ســـەركوت بكــات ، ئــەویش بكــات بــە قوربــانی چــێژی وتارەكـــــەی. بۆیـــــە (دەق) وەك پرۆســـــەیەكی چێژبەخش نووسین ناخاتـە نێـو ئـەو پرۆسـەیە، چـونكە ئـەو دێـت هـەمان تـەوەری پرسـیارەكەی (بــوزورگی عەلــەوی) لــە ڕۆمــانی (چــاوەكانی) بخاتەو نێو پرۆسەی خوێندنەوە و كردەی بینین. كـە كـاتێ (فـەرنگیس) بـە ئاغـای چـاودێر دەڵـێ (ئەو چاوانە هی من نین) بۆچی چاوەكان چاوی ( لیلــی العطــار) بــن، بۆچــی نــاكرێ كەســێكی نائامـادە بـووبێ ، یـا بـە هەڵـە دانرابـێ وەك لـە ڕۆمـانی (چـاوەكانی) كـاتێ خـانم پێـی وایـە كـە (ماكان) بە هەڵە وێنەی چاوەكانی ئەوی كێشاوە. كـە ئـەوە لـەنێو نووسـیندا شـوێنی نابێتـەوە ، یـا ڕاسـتر بڵـێین دەكەوێتـە گونـاهێكی گـەورەوە ئـاوا بەم چەشنە لەو ڕۆمانە بدوێین. بـەڵكو تـەنها بـۆ نزیكبوونـەوەی (دەقـی بیسـتراو) بـوو لـە (دەقـی بینـراو).

بۆیه له کۆتاییدا هەر هێندە دەڵێین ئەگەر لەو تاراوگەی شیعرەدا چاوەکان له پاییزدا کۆلاژنه کرابان ، دەیانتوانی (چێژ) بەدەستەوە بدەن و پارێزگاری له (مانا)کان بکەن!؟ ئەوەش پرسیارێکه پرۆسەی خوێندنەوە و یەکالاکردنەوەی له بینین ساغی دەکاتەوە.
چێژی مانا گۆرانی ناچار کرد له تاراوگەی پاییزیشدا چاوە میکاڤیلییەکانی کچانیان لێ دانەبڕێ و کچانیشی ناچار کرد وەك هەموو ئەفسوونی چێژ و جوانی جارێکیتر سیحرێکی ترمان لێبکەن و سێوێکی ترمان دەرخوارد دەن بۆ قەدەرێکی ترسناکتر لەوەشدا چاوەکان سەرکەوتن ، چونکه به چاوەکانمان وت ( ئێرە ئەفسوونی ئێوەیه له هەڵوەرینی گوناهە پاییزییەکان ).

1998\5\23
هەولێر

(*) ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 33 و 34/ 1998- به دوو ئەلقه - .

لە پیشانگای پێنجەمی کۆلاژی

( دیسان چاوەکان) ی

نەژاد عزیز سورمێ دا

# (50) چاو لە ئاسمانی نهێنییەکانی ئافرەتدا هەڵفڕین(*)

بۆتان جەلال

تا ئەو کاتەی چاوی ئافرەت بە بریسکەیی دەمێنێتەوە، مانا و فەلسەفەکانی (چاو)، زۆر هەڵدەگرێت..

( مارسیل تینێر)

لەو (50) تابلۆ کۆلاژانەوەی کە شاعیر و هونەرمەند (نەژاد عزیز سورمێ) لە پیشانگای پێنجەمی (دیسان چاوەکان)دا کە لە هۆڵی میدیا لە هەولێری پایتەخت نمایشی کردن و

ژمارەیـەكی زۆری بینـەر و هونەردۆسـت تیایـدا ئامـــادە ببـــوون ، سەرســـوورمانێكی گـــەورەو هەژانێكی هونەریی ناپێشینەی خستە نێـو گۆمی مەنگی چەند ساڵەی هونـەری شـێوەكاری و كـۆلاژ لـە كوردسـتاندا و وەك بـۆمبێكی شـاراوەی نێـو كێڵگەیەكی چیمەن سـەوز، تەقییـەوە و سـەرنج و حەپەسـانێكی لـە ناكـاوی نێوەنـدی هونــەریی و ئامادەبووانی ئەو پێشەنگایەی ڕاكێشا ، لە هـەمان كـات ڕاگەیانـدنی ئـەو ئەنجامـەش بـوو بـۆ ئـەو ئاسـتەبەرزەی كـە هونـەری كـۆلاژ لـە كوردسـتان لەسەر دەستی هونەرمەندانی كۆلاژ بەتایبـەتیش نەژاد عزیز سورمێ پێیگەیشتووە.

بابـەتی پیشـەنگاكە (چاو)ی ئـافرەت بـوو ، بـەڵام چـاو نـەك وەك ئەنـدامێكی جەسـتە و بـەس، ڕەگـــاژۆبوونێكی پـــڕ لــــە ســــتاتیكای مانــــا جوانبەخشـەكان و دركانـدنی چـەند لایـەنێكی دیكـەی نهێنـی چـاو و سـیحرە ڕەنگاوڕەنگـەكانی بـوو لـە سـتایلێكی هونەرییانـەی نـوێ و یـەكجار بەرز و پڕ بـەها كـە هـەموو بینـەرێكی تابلۆكـانی دەخستە نێو تێڕامانێكی قووڵ.

ڕاســـتە لـــە دێرینـــەوە لـــە دیرۆكـــی ژیـــانی بەهرەمەنـدو فەیلەسـووف و شـاعیران ، (چـاو)

چاووگی ئیلهام و خولّقاندنی بەهرەو سەلیقە و داهێنان بووە و سوودیان لە سیحری جوانیی چاو وەرگرتووە، هەر بلیمەتێك بە چەشنێ و لە گۆشەنیگایەك و مێرگێکی سەوزی خەیاڵەوە بۆی ڕوانیووەو بەرهەم و شاکاری لێهەڵهێنجاوە ، ئەوەتا لویس ئاراگۆن و نالی شارەزووری و نەزار قەبانی و نازم حیکمەت و قەیس ئەلعامری و عەبدوڵلا گۆران و سەدان و سەدان شاعیر و هونەرمەندان هەمیشە عەشقی چاوی یار شایەدحاڵی کەشکۆڵی بەهرەی شاعیرانن ، لە دێرە شیعرێکەوە تا دەگاتە چامە و دیوانێك لە شیعر نەیانتوانیووە پەی بە گەورەیی و شکۆمەندی چاوی ژن ببەن ، خۆیشی نەژاد عزیز سورمێ بۆ چاوی خۆشەویستەکەی لە قۆناغە جیاجیاکانی شاعێرێتیدا شیعری نووسیوە ، بەڵام ئەنجام ئەوە بوو.. (چاو) ئەو ئاسمانە فراوانەیە جێگای ملیۆنەها کۆتری لێدەبێتەوە و مەحاڵە بە خامە و چەند شیعرێك لێی بێتە دەست و بڵێسە هەڵایساوەکەی هەناوتی پێ دابمرکێنێیتەوە ، نەژاد لە ساتە وەختی ژانی شیعرێکیدا زۆرجار خوێندوومانەتەوە (چاو)ی بۆ فراوانی دیدی عاشقانەی تەوزیف کردووە،

وەڵێ پاش ماوەیـەکی کـورت ، ئـەو بـاوەڕەی لـەلا نـەماوە کـە حـەقی بـە (چـاو) دابێـت ، بۆیـە ئـەمجارەیان بـۆ یەکلاکردنـەوەی مەبەسـتەکانی ڕوودەکاتە مقـەس و کاغـەزی ڕەنگاو ڕەنـگ و بـە هاوکـاری خامـە ڕەنگینەکـەی و هەسـتە ناسـك و شـاعیرێتییەکەی پـەنا بـۆ کـۆلاژکردنی ماناکـانی چـاو دەبـات ، چـونکە وەختێـك بلیمـەتێ زۆر تێنـووی عەشـق دەبـێ ، بـە جامێـك و دوو جـام تێنوویـەتی ناشـکێ و چـەندین کاسـەی پـڕ لـە شـەڕابی سـووریش خـەون و ئاواتـەکانی چیوەدار ناکـەن ، نـەژاد یـەکجار پـەرۆش و تێنـووی چاوی ژنـە ، ئەمـەش ئەوپـەڕی هەسـت ناسـکیيەتی و هەسـتکردن بـە وجـودی خۆیـەتی وەك مرۆڤێکـی وشـیار و خـاوەن پـەیام ، بۆیـە لـە فەرهـەنگی (چـاو)دا بـە دەیـان شـرۆڤە و شـیکاری پـڕ لـە هەسـت و نەسـت و چـێژی مرۆییانـە بـۆ شـکۆمەندی چـاو دروسـت دەکـات و لـەو (50) تابلۆیەیـدا کـە بەرهـەمی خـەیاڵی ئـەو چـەند ساڵەی دواییەتی دەیانخاتە بەر دیدی هەمووان .

گەورە نووسەری فەڕەنسی (فیکتۆر هۆگۆ) دەڵێت (کە لەگەڵ ئافرەت قسە دەکەی ، وەڵامەکەی لە چاویدا وەرگرەوە..)

ئەگـەر تەماشـای چـاوێکی نێـو هـەر تابلۆیـەکی کـۆلاژی نـەژاد عزیـز سـورمێ بکـەین ، وەڵامێـك زیاترمـان دەسـتدەکەوێت و نازانیـت لـە کۆتاییـدا کامیـان بـۆ شـیتەڵ و شـیکاری دیمـەنی تابلۆکـە هەڵبژێریت ، چونکە ئەو تـەنها بـۆ یـەك ئـافرەت قسەی نەکردووە ، بەڵکو لە چـاوی یـەك ئافرەتـدا قسـە بـۆ هـەموو ژنـانی دنیـا دەکـات و پێشـیان دەڵێـت ئێـوە نـەمرن ، ئێـوە دایـك و نیشـتمان و ئەڤینی ئێمەن ، ئەی ژن من لە نهێنی چاوەکانت ئەوەنـــدەم درکانـــد ، دەزانم زیاتریشـــی تیایـــە، گـەردەنم ئـازاد بکـەن ، کـە ئـەمجارە نـەمتوانی بگەمە نیوەی سیحر و نهێنییـەکانی چاوەکانتان، بەڵێن بێ بۆ جارێکی دیکە بە دوای مانا و نهێنـی نەدرکاوی تازەتان بگەڕێم.

لــە نێــو قەڵــەباڵغی ئامــادەبووانی پیشــەنگای پێنجـەمی هونەرمەنـد نـەژاد عزیـــز ســـورمێ خـــەڵکێکی زۆر و جیـــاواز لـــە بیروبۆچـــوون و تێڕوانینـی هونـەریی هـەبوو چـەند بـەڕێزێکمان هێنایـە گفتوگـۆکردن و هەریەکـەش بـە جـۆرێ بـاری سـەرنجی خۆیـان لەمـەڕ بابـەتی پیشانگاکە خستەڕوو.

سەرەتا فازڵ میرانی (سیاسەتوان) گوتی: لە ڕاستیدا لە مێژە کاك نەژاد دەناسم و دەزانم توانای جودا جودای لە بواری نووسیندا هەیە، هەندێکم لە تابلۆکانی پێشتر بینیبوو ، بەڵام پیشانگای ئەمڕۆی جێگای سەرسووڕمانە، خۆزگە بمانزانیبا وەکو ئەو ، تابلۆیەکان بخوێنینەوە کە تەعبیر لەچی دەکات ، ئەمەش جیاوازییەکی سروشتییە لە نێوان هونەرمەند و خەڵکی سادەی وەکو ئێمە ، بەڵام بێگومان بەو سادەییەی کە تەماشای دەکەم هەر تابلۆیەك تەعبیر لە شتێك دەکات ، ئەوەی لام زۆر جوان بوو کاك نەژاد زیاتر چاوی بەکارهێناوە لە هەموو تابلۆکاندا، دیارە چاویش کلیلی خۆشەویستی هەموو شتێکە یانیش کلیلی ناخۆشەویستییە، ئەمەش شتێکی تازەیە.. دەستخۆشی لێدەکەم و داوای تەمەندرێژی و سیحەت باشی بۆ دەکەم و وڵاتەکەشمان بە کەسی وا جوانتر دەبێت.

هەروەها ئیسماعیل خەیاتی (شێوەکار) دەڵێت: هونەرمەند نەژاد عزیز سورمێ دەستپێشخەری لە هونەری کۆلاژ لە کوردستاندا کردووە، هەڵبەتە وەك ڕۆژنامەنووسێك دیارە پەیوەندییەکی ڕۆحیی بەهێزی لەگەڵ ئەو

هونــەرەدا پەیــداكردووە ، دەمێكــە موتابەعــەی بەرهەمەكانی دەكەم ، بەڕاستی سەركەوتووە.
هــەورەها هونەرمەنـــدی شـــێوەكار (قـــەرەنی جەمیل) گوتی: ئـەم تـابلۆ كۆلاژانـەی كـاك نـەژاد پێكهاتـــەی شـــێوەیەكی ئـــەدەبی و هونـــەرین هەرچـــەندە لـــە ڕووی شـــێوەكارییەوە ئـــەو تایبەتییەی داڕشتن و بەهرەی هونەری بـە مانـای نیگاركێشـان ناگەیـەنێ و لـە ئاسـت تـەكنیك و سیمای ئێستێتیكی لایـەنی ئـەدەبی دەگرێتـەوە... دەشتخۆشـی لێدەكـەم و هیـوای بـەردەوامیی بـۆ دەخوازم .

---

(*) گۆڤاری ( هەرێم ) ژمارە 469 – 8\7\2008

له پیشانگای کۆلاژی (پاییزی چاوەکان)دا:

## چاو بە زمانێکی ڕەوان نهێنی درکاندووە (*)

تاریق کارێزی

(پاییزی چاوەکان) ناوی پیشانگای کۆلاژی شاعیرو وەرگێر نەژاد عزیز سورمێ یە ، کە ڕۆژانی 10 تا 1997/6/13 لە هۆڵی میدیای پایتەختی هەرێمدا سازی کرد، ڕۆژی 1995/10/1 یەکەم پیشانگای کۆلاژی لە مێژووی شێوەکاریی کوردیدا هەر لەلایەن نەژادی هونەرمەندەوە لە هاوینەهەواری سەڵاحەددیندا کردەوە ، ئەم پیشانگایە لە دهۆك و سۆرانیشدا نمایش کرایەوە، بۆ ئەوەی (( لەودیو ئاهەنگی شەوە درێژدادڕەکاندا ، هەولێك بێ لە ئێوارەی مێژوو، لە ڕۆژپەڕی جوگرافیادا، بۆ ناسینەوەی بەهارە سووتاوەکان و ڕۆژگارە لەدەستچووەکان))، وەرزی

پـــاییز کــه وەرزی پێگەیشـــتن و کامـــڵ بوونـــە، کراوەتـە زەمـان و وەختـی ئێسـتاتیکای چاوەکان، ئەو ئەندامە هەستەوەرو سیحراوەییەی لە یـەك کاتدا دەبینێ و دەدوێ ، دەپێوێ و دەپێکێ ، چرۆ دەکـا و دەوەرێ ، هەڵدەپاچـێ و دادەپاچـێ ، گـەلێ شتی دیکەی پێ دەکرێ.

نەژاد ئەو ئەندامە پـڕ لە نهێنـی و پـەنهان و پـڕ لـە تەلیسـم و جوانییـەی زیرەکانـە هەڵبـژاردووە، بـۆ ئـەوەی لـە پـاییزی تەمــەن و پێگەیشــتنی مــرۆڤ و سرووشــتدا لــە کۆمەڵــە بەرهــەمێکی کۆلاژدا، کۆلاژێکی قەبارە بچووکی مینـاتۆر ئاسادا جۆشی داوە.

چـاوکراوەتە شـایەدحاڵی سـەرجەم لایەنـەکانی ژیـان ، لـە هـەموو تابلۆیـەکی پیشـانگاکەدا چـاو ئامـادە بـووە و تێکـەڵ بـە فیگـەرەکانی دی بـووە، حاڵـەتێکی شـاعیرانە و کەشـێکی ناسـکی دنیـای نووسـین و مۆسـیقا لـە نێـو تـابلۆ جیـا جیاکانـدا ڕەنگیـان داوەتـەوە ، هاوسـەنگی و هاڕمۆنییـەکی گونجـاو لـە نێـوان جووتـە چـاوی هـەر تـابلۆ و فیگەرەکانی دیکەدا ساز بووە ، بینـەر چ تەماشـای چاوەکانی بکردایە ، یـاخود سـەرنجی فیگـەرەکانی دیکەی بدایە ، واتایەکی گەر نەڵێین دەقـاو دەقـی

لەلا دروست دەبێ ، ئەوە گومانی تێدا نییە لە ئاقاری یەك واتا یەكیان دەگرتەوە.
بەر لەوەی هەندێ (پاییزە چاو) بخوێنمەوە، جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بكرێ ، كە شێوەكارانی كورد ، بەتایبەتی نیگاركێشەكان كەم و كورت تابلۆی كۆلاژیان كردووە، بەڵام شەڕەفی سازدانی پیشانگای تایبەتی كۆلاژ لە **1995** و **1997**دا بەر نەژاد عزیز سورمێ كەوتووە ، كە لە داڕشتن و پێكهێنانی ئەم بەرهەمە كۆلاژیانە وردەكاری و سەلیقەیەكی پێشكەوتوویان پێوە دیارە، بەرادەیەك تابلۆكان ئەو وشكی و زەقییەی هاوبەندی تابلۆی كۆلاژیانە زیرەكانە چارەسەركراوە و وەك داڕشتە نزیك بە سنووری تابلۆی نیگاركێشان بوونەتەوە.
چاوەكان چییان دەگوت؟
لەم پیشانگایەدا ناكرێ مرۆڤ لە خەیاڵ دووربكەوێتەوە، ئەوەش شتێكی بە پەلەی ئەو دنیا مەزنەیە:
- چاوی لەیلای عەتار: لەیلا عەتار (ليلى العطار) نیگاركێشێكی ناسراوی عێراق بوو، هێمایەك درەوشانەوەی دنیای شێوەكاریی عێراق بوو ، لە زەمانێكدا -

بـــەپێی تابلۆكـــەی نـــەژاد - كـــە كتێـــب دەخرێتـە تێڕكـەی كـەرەوە، مـرۆڤیش بـە چەكەوە بەرەو ئاسۆی گـڕداری شـەڕ دەڕوا ، چاوە جـوان و تریسـكاوییەكانی هـەزاران لـەیلا و مەجنوونـەكانیان دەبنـە خـۆراكی گڕ و ئاگر.

- زەوی و باران جووتە وشەیەكی تێكـەڵ بـە هـزر و ئەندێشـە و كـۆبیر (فكـر جمعـی)ی كـوردان بـووە ، زەوییـەكی شـەقار شـەقار چـــاوەڕوانی پیـــت و پـــەیقی جوانـــە ، چـاوەڕوانی بارانێكـە برینـی جەسـتەی زەوی سـارێژ بكاتـەوە، (چـاوێك) مەسـتی خەیاڵێكی سەیرە.
- چـاوی شـادی: پـۆلێ باڵنـدە لـە شـەقەی باڵیانـــداوە ، قەڵـــەم چـــرۆی كـــردووە و بووەتـە دارێكـی پـڕ گـەڵا ، ئـاو هێمـای ئاوەدانییـە و دەسـتێك زۆر بـە گـوڕ ئـاوی بەخششـی بەرداوەتـە و خـاك هـەزاران دەستی ئاوەدانكردنەوەی تێدا ڕوواوە.
- چـاوی شـین لـە نێـو پـەردە و (ڕەشمـاڵی سوور)دا خـەریكی لـووش كردنـی كلتـووری گـەلی ئێمـە و چـەندین گـەلانی دییـە ، چ

(گـێلن) ئەوانـەی کوێرانـە بـەرەو مۆڵگـای چاوشینان ڕەودەکەن، کۆچ دەکەن !

- ســـەعات دوازدەیـــە و مێـــژوو دەیـــەوێ دەســتپێبکات ، بــەڵام چــەند چــرکەیەکی نەگریســـە و زەمـــان چـــەقی تێیانـــدا بەســتووە، میلــی چــرکەژمێر نــابزوێ بــۆ ئــەوەی ســەرەتایەکی دیکــەی مێــژوومان بەســەر پێــوە دەســتپێبکەین ، نارنجۆکێکـە نیــوەی لــەنێو گیانمانــدا تەقیووەتــەوە ، کەچـی هێشـتا تەرەقـە و بزمارەکـەی بـۆ تەقاندنـــەوەی نیوەکـــەی دی پێوەمـــاوە ، هەرچـــەندە دەســـت و هـــەناوی ڕەشـــی ڕەشماڵیـان هەڵداوە ، بـەڵام مـەلی سپی لـە شەقەی باڵی نەکەوتووە ، مسکی دەمانچە قەڵـەمی ناوەتـە ژێرخـۆی ، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ هـەر تەقەیەکدا ، ڕستەیەك بـەو بنووسـێ (چـاو) ڕوو لـە ئاسـۆی بـۆش و تەڵخە ، چاوی ئەندێشە و مۆڵەق بردووە.
- گـــۆی زەوی خراوەتـــە چوارچـــێوە و تەلبەندەوە، دنیـای تەکنـەلۆژیا و پەساری کـیس هەڵچـنی جـەنگ (سـواتر اکیـاس الرمـل ایام الحـرب)، لـەنێو شاردا (چاوی)

نەهێشووە ، (چاو) دەیەوێ بەر پێ ببینێ ، چونکە چاڵە گوللە بۆی هەیە ساتمە بە جەستە بکات.

- چاوە سۆزانییەکان ، زۆر بڵحانە دەڕوانن، بشبینن هەر نابینان ، چونکە مانگی تاریکە شەویان سووتاوە و شەوی یەڵدای لێ بە مەحاق و تاریکە شەو کردوون.
- هەندێجار (چاو) چێوەی گەردوون دەبڕێ، ئاسۆیەکی لە سروشت زاڵترمان بۆ دروست دەکات ، قەڵەم بەدەستان ، ئەم جۆرە چاوانە نقومی نێو عیشقێکی سۆفیگەرییانە دەکەن، کە سرەوت و بزوتنیان لەلا وەك یەك وایە ، لە بزاوتنا ڕاوەستاون ، لە وەستانیشدا وەك هەورە تریشقە باڵدەگرن.

- هەندێ چاو هەیە کەس نایانبینێ، وەك میوەی بن گەڵای دار و درەخت ، بۆ سەبەتەی بە نرخ و گرانبەها، لە چاوەڕوانیدان.
- بەم شێوەیە شریتی چاو کۆتایی نایەت، چاوی ترساو، چاوی گەشی زانست، چاوی

دڵ دوێـن ، چـاوی هەڕەشـەلێکراو ، چـاوی گەشی دابڕان و چاوەڕوانی ، چاوی سـۆز و غــەریبی ، چــاوی خـــەبات و بـــەرخودان، چـاوی ئاشـتیخواز (Peace on Erath)، چاوی بەیەکگەیشتن بـەرەو لانـەی زێـڕین، چـاوی بەرائـەت ، چـاوی بـالاّو بەخشـش، چاوی سـەرنجدەر ، چـاوی خـەواڵو ، چـاوی ئارامی... هەروەها (چاوی نەژاد) کە لـەبن ســێبەری چـــەتەری قەڵەمـــدا ئـــۆقرەی گرتـووە و خـەیاڵی دنیـای زەردوسـووری خۆشیی بردوویەتییەوە.

(*) رۆژنامەی برایەتی ژمارە 2361 – 29\6\1997.

# دیسان چاوەکان...؟ (*)

مەحمود زامدار

- چاوی خومار- چاوی عیشق- چاوی مەست- چاوی خەوالوو- چاوی گومان- چاوی فێلاوی- چاوی تەماوی- چاوی خەماوی- چاوی چاودێری- چاوی جوانی- چاوی کامەرانی- چاوی فەلسەفی- چاوی کلۆڵی- چاوی زانستی- چاوی سەرسامی- چاوی گریاناوی- چاوی حەز- چاوی بەزەیی- چاوی هونەری- چاوی موگناتیزی- چاوی وەفاداری- چاوی بەرد- چاوی مەرد- چاوی خاکینە و خۆڵینە- چاو- چاو- چاو- چاو...!!!
- جا ئەو چاوە بەڵەك بێ یا شین بێ یا زەرد یا سەوز یا ڕەش- کزبێ- یا گەش- چاوی هەرزەکار بێ یا کیژی نەورەسیدە- یا پیاو و

ژنی بە تەمەن- یا ژنی تەڵاقدراو- یا بێوەژن- یا قەیرە کچ... یا... یا... یا... یا... یا...؟

- ئەرێ چاو پەنجەرەی باڵانوێنی گەردوونی ناخ و مێشکە- یا پاژێکی گرنگی سەر ڕشتەی کەسایەتی هەر کەسێك و جۆری لێکدانەوەو هزر و هێز و حەز و چێژ و بناوانی لارە سێبەر و خەم و خەیاڵی ئەو کەسە و لەسەر تیمانجی چاودا وێنەی دەگیرێ و سۆلاڤە سپییەکانی لە بازرەقە دەداو مژیلانگیشی بەرزەفڕ..!؟
- تۆ بڵێی ئەگەر چاو نەبا، نەخوازەڵلا چاوی شارستانییەتی ، مرۆڤایەتی دەگەیشتە ئەمڕۆژەی تەکنەلۆژیا..؟
- شیعر و ئەفسانە و داستانەکان ، حیکایەت و پەند و بەیت ، ستران و هۆرەو لاوك و حەیران و قەتار و خاوکەر و سیاچەمانە و ئەڵلاوەیسی ، لێواو لێون لەو چەشنە چاوانە..!!!
- کە لاپەڕە پڕشنگدارەکانی ڕوونوێنی پێشانگەی پێنجەمی کاك (نەژاد عزیز سورمێ) بە دڵاوایی هەڵدەیتەوە و بەربژاری کەی ، بەرەنجام گرتنێك داتدەگرێ ، چونکە

ئەو بە هەندێ لەو چاوانەی ئاماژەم پێدا، تەماشای ژیان و دەوروبەرەکەی کردووە، بەڵام وەك نیگارمەندێك (چاوی خۆی) بنجی ئەو تابلۆ کۆلاژانەیە وردەکارییەکی سەیر و ماندووبوون و هەناسە درێژی پێوە دیارە ، بەر لە بەکارخستنی پەنجە و فڵچە و پەڕەمووچ و مەقەستیش پەنای بردۆتە بەر کامیرای پڕ لە کوالێت و جووڵە و گۆشەنیگای هەر ئەو چاوەی خۆی ، ئینجا ئامێژەن و یاریکردن بە ڕەنگ و ڕووناکی و داڕشتن و چنین.. ئینجا دڵ و ئاوەزی دنیای پڕ لە سەراسیمەی خۆی...!!!

- من لامواپە ئەم پێشانگایە لە هەموو شارۆچکە و شارەکانی کوردستان و گەلەرییەکانی بکرێتەوە ، (نەژاد)یش لەم هونەرە بەرزەدا ڕێزی لێ بگیرێ و خەڵات بکرێ.. دەی دیسان و دیسان چاوەکان..!

---

(*) گۆڤاری ( هەرێم ) ژمارە 502 – 14\4\2009

## نیگای پشتەوەی چاوەکان(*)

نەجات حەمید ئەحمەد

(پاییزی چاوەکان) کۆمەڵە کۆلاژێکی شاعیر و هونەرمەند (نەژاد عزیز سورمێ)یە و بەم دواییە بە چاپی گەیاندووە و بریتییە لە (155) کۆلاژ ، هونەرمەند بایەخێکی گەورە بە جیهانی شیعریی کۆلاژەکان دەدات و بەمەش بەرهەمهێنانی شیعرییەت لە ڕوونیندا تەنها لە دیمەنەکان و بەبێ بەکارهێنانی وشە، دروستکردنی ئیحا شیعرییەکانی خۆیەتی کە ئەو لە هەشتاکاندا جیهانی شیعرییەتی بەرجەستەکراو بە وێنەی هونەری گرفتاری دەکا و تاقیکردنەوەی لەم بوارەدا هەیە و جگە لەوەی ڕەگی ئەم هەستە هونەرییە لەنێو زۆربەی کۆمەڵە شیعرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە بەمەش سیفەتی هونەرێکی دوو دەور بە هونەری کۆلاژ دەبەخشێت ، ئەو ئیحا و ئاماژانەی کە لە بینینەوە لای (بینەر) دروست دەبن ، ئەو ئیحا شیعرییانەی کە کرداری شیعری بە (بینەر) دەبەخشن ، لە پشتەوەی ئەم دوو کردارە

بناغەییانەی هونەرەوە ، شیعرییەت مۆرکی خۆی بەسەر کۆلاژەکانـدا دەچەسـپێنێ و بەڕادەیـەك هەر کۆلاژێك لەنێوان جیهانی بابـەتیی و فـۆرمی کۆتاییـدا زۆر لـە سـیفەتەکانی کاریگـەری شـیعری لەلای بینـەردا دروست دەکـەن ، دابڕانێـك کـە لـە نێـوان (وشـە خوێندنـەوە) و (وێنـە – بیـنین)دا پەیدا دەبێت ، دابڕاندنی ئەو کرداره شـیعرییەیە کە لە خوێندنـەوەی وشـەی شـیعریدا بەرجەسـتە دەبێت.

لێـرەدا شـاعیر مەودایـەکیتر بـەو شـیعرییەتە دەبەخشـێ ، کـە لـە ڕووانینـدا لـە دایـك دەبێـت ، ئەو شیعرییەتەی کە لە کۆمەڵە شیعری
( تاڤگەی مەند- 1987) دا شاعیر بە پێچەوانەی ئـەم کـرداره هونەرییـە ، بـە پەڕەمووچـی وشـە تـابلۆ هونەرییـەکانی دروسـت دەکـات ، ئـەو پەیوەسـتە جەوهەرییـەی کـە لـە نێـوان کـاری شیعریی شاعیر و هونـەری کۆلاژدا دروست دەبـێ لە پارچە شیعرە تابلۆیەکدا کە بـێ ناونیشانە و تـەنیا دیمـەنی چـاوەکان ، دەبنـە بەسـەرهاتی چـاوەکان ، تـەنها لـە چـاوەکاندا جیهـان دەخوێنینـەوە ، مـرۆڤ دەخوێنینـەوە ، هـەر بەرجەسـتەبوونی جیهـانی ئـەو چـاوانەیە کـە

ئەمرۆكــە دەبنــە وەرگێــڕان و ڕاڤــەكردنی ئــەو بەســـەرهاتانە لــەو شــیعرەی كــە دەڵــێ (چــاوی سەرسام، چاوی زەق، چاوی نوقاو، چاوی نــەرم و، چاوی تیژ، كۆمەڵێ چاو، كۆتكێ لەسەری ڕژاوە).
ئاشكرایە هــەروەك دەبیــنین، وێنــەی مۆنتاژكــار و كــۆلاژكراوی بــەخۆوە گرتــووە ، چــاوەكان لــەم پەیوەستانەی مرۆڤ بە جیهان و دەوروبەرییــەوە، لــە بــەردەم تاســە و گرفتــاریی و بــەزەیی و ڕق و خۆكوژیــدا ، هــەر جــارەی دەربــڕین لــە بــارێكی دەروونی و كاردانەوەیەكی دەروونی دەكــەن ، ئــەو چاوانەی وەك گرفتارێك وەك سەرسام و تاساوێك بــاوەڕ بــەخۆی ناكــات ، لەوكاتــەی بــە دیمــەنێكی نائاســایی و نەناســیاو پێڵووەكــانی بەرزدەبنــەوە- چــاوێكی سەرســام ئــەو چــاوانەی لــە تــرس و تــووڕەیی و تۆقانــدن پێڵووەكــانی بــەش بــەش دەبنـــەوە - چــاوی زەق ئــەو چــاوانەی لــە بــێ دەســەڵاتی خاوەنەكانیــدا پێڵووەكــانی لێكــدەنێ ، ئــەو چــاوانەی دوا ماڵئاواییمــان لێدەكــەن و بــە یەكجارەكی پێڵووەكانی لێكدەنێ ، چاوی نوقاو .
ئــەو چــاوانەی پــڕ لــە ســۆز و جۆشــن و پــڕ لــە دڵنەوایی و ئاسایشن - چاوی نەرم و ئەو چاوانەی

بە دووی تۆڵە و بە دووی نێچیرێکدا وێڵن چاوی تیژ... کۆمەڵێ مێژوو ، کۆمەڵێ مرۆڤی بەیەکدا هاتوو، کۆمەڵێ بەزەیی و تووڕەیی و ڕق و دڵنەوایی، کە هەر ڕستەیەك ئیحایەکی جەوهەری تابلۆ شێوەکارەکان و تابلۆ وێنە کۆلاژکراوەکان دەگرێتە خۆی. هەربۆیە هونەرمەند و شاعیر دەیەوێ ئەو پەیوەندییە بناغەییانەی نێوان وێنە و وشە بدۆزێتەوە ، لەو کۆپلە شیعرەی تابلۆکانی پێدەکاتەوە و چاو دەکاتە کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی دەروون و دۆزینەوەی زات لە گومڕاییەکان ، لەو کاتەی چاو دەبێتە (قیبلەنوما) چوونەوە سەری جیهانە لە دەستچووەکان و ڕۆژگارە بزرەکان ، هەربۆیە چاو بەرجەستە بوونی مانای دیمەنەکانە ، چاو گەێندراوەتە ئاستی (خوێندنەوە) جۆربەجۆرەکان ، کە لە شیعردا دەورێکی گەورە بە وێنە ئیحائییەکان بەخشراوە و لە وێنەشدا دەورێکی گەورە بە شیعرییەت بەخشراوە ، بەڵێ لە بەردەم زۆربوونی وشەکاندا ، لە بەردەم

وتنــەوە و گــوتن و گێڕانــەوەدا وشــە زۆر لــە دەورەکــانی خــۆی لــە دەســتدەدات و تــاکو بــە شــێوەیەکی کاریگــەر وێنــەش لــەو دەورانــەدا هاوبـەش دەبێـت ، بۆیـە ئاماژەکـان چـڕبوونەوەی زمـان لـە وێنەکانـدا دەنـوێنن ، تـەنیا ئاماژەکـان دابــڕان لــەنێوان سـیحری وشــە و مانــای وشــەدا دەخولقێنن ، لەوکاتەی لە پشتەوە ئیحاکانی وشـە وێنەدا ئەو دەورانە فراوان دەبنـەوە ، وشـەکانیش بـە دەوری خۆیـان لـە بـەردەم وێنەکانـدا خۆیـان چـــڕدەکەنەوە ، چـــاوەکان لـــە پشـــتەوەی ڕاســـتییەکانەوە دەدوێـــن ، بەمـــەش ســـیفەتی گێڕانەوە لە دەربڕین و لە دایکبوونی بینینەکانی چاودا بەرجەستە دەبـن و لـەو کۆلاژانـەدا شـوێنی خۆیــان دەکەنــەوە لــە زەینمانــدا ، بەڕادەیــەك چـاوەکان دەبنـە شـایەتی سـەردەمەکەی خۆیـان، کاتێـك هەسـت دەکـەین چـاو دەبێتـە جەوهـەری وشــە و دەوری وشــە و کــرداری وشــە ، کــە لــە پشـتەوەی ئاماژەکـانی وشـەوە لـە نێـوانی وێنـە جوداکـانی کۆلاژەکانـدا شـوێنێکی زمانـەوانی بـۆ

خـۆی دەکاتـەوە ، بەڕادەیـەك کـەم کـۆلاژ ئـەم ناونیشانەی دەوری چاوی لێدابڕاوە ، چاو دەبێتـە ناونیشانی هەموو کۆلاژەکان چاو لە وشـە زێـدەتر دەوری پـێ بەخشـراوە ، کاتێـك دەیگەیێنێتـە ئاسـتی دەرەنجامـەکانی بـە سـەرهاتی مـرۆڤ ، لـە پشتەوەی تـەواوبوونی کردارەکانـدا ، بەمـەش لـە تابلۆکانـدا ، ئاماژەکـانی ئـەو کۆپلـە شـیعرەی بـە نموونـــە هێنامانـــەوە ، هـــەر هـــەمان ئامـــاژەی بەرهەمهێنانی کرداری شیعرییە ، بۆیە جیهانێك لـە نێـوانی شـیعر و کـۆلاژدا دروسـت دەبێـت ، کـە شـیعرییەت بـە هـەموو قورسـاییەکانی دەلالـەت و ئامـاژەوە خـۆی دەخاتـە دووتـوێی ئـەو وێنانـەوە (دەمێـك توونـد بەسـتراوەتەوە) تـاکو ڕاسـتییەکان نـەڵێ ، ئـەو دوو دەسـتانەی بوونەتـە هێلانـە بـۆ کۆترەکانی ژیان و ئاستی ئـەو چـاوانەی فرمێسـك دەڕێژن بۆ زەنگی وشك و برینگی و نەزۆکی: ئەو پێنووســەی دیــل و بەنــدکراوە و ئــەو شــوێن پێیانەی بـە کـۆتر دەچـن ، ئـەو زەمەنـەی گـوڵ و دەستی برژاو، نارنجۆك و خۆرگێڕان ، دەمانچـە و

نـووكی پێنـووس كۆیاندەكاتـەوە ، ئـەو بۆڕییـەی لــەجیاتی ئــاو خــوێنی لێــدەتكێ ، ئــەوە ئــەو جیهانەیە كە بەسەرهاتی خوێندنـەوەی چاوەكان بەرجەســتەیان دەكـەن و شـایەتی لـە سـەردەمی خۆیــان دەدەن ، لایەنــەكانی ئاســتی دەلالــەتی كۆلاژەكــان ، فــرە لایــەنن و لــە ســەرجەمدا بەرجەستەی دوو جیهانی جودا دەكەن.

1- لایەنی ئیستاتیكای شیعریی هونەری كۆلاژ.

2- جیهــانی دەوڵەمەنــدی بابەتیانــەی (شــیعری وێنەیی).

3- شــیعرییەت لــە نێــوان كاریگــەری شــیعری و كاریگەریی دیمەن.

بــەڵام لەگــەڵ ئــەم دەورانەشــدا ، چــاوەكان ڕاســتەوخۆ لــە كۆلاژەكانــدا بەرجەســتەكراون، چـاوەكان چـاوی ئـافرەتن ئـەو ئافرەتانـەی لـە دەورەكــانی كــردار و ڕووداوەكــانی ســەردەمدا دابــڕاون و پیــاو بەرجەســتەی كردارەكــان و ڕووداوەكان دەكەن ، كە لە تواناد‌ا بوو گۆشـەكانی، ڕوانینــی جــودا لــە كۆلاژەكــان بهێنرایەتــە دی، دووبارەبوونــەوەی چـاوەكان لـە زۆربــەی هــەرە زۆری كۆلاژەكان بە یەك وێنەی ئەندازەیی جۆرە

ناتەبابیەك لە ڕوانیندا لێرەشدا ئێمە تەنها لە کۆلاژی لاپەڕە یا ژمارە (17) دەکۆڵینەوەو هەوڵدەدەین جیهانە شاراوەکانی بنیاتی جەوهەری کۆلاژەکە شی بکەینەوە ، ئەو بنیاتە شاراوەیەی لە پشتەوەی زمانی وێنە و شێوازی گوتن بەرجەستە بووە.

1- ڕەگەزە سەرەکییەکانی پێکهاتەیی کۆلاژەکە.

أ- ڕەنگ- ڕەش و سپی.

ب- کۆمەڵە سەربازێکی چەکدار،

چەکەکانیان بەرزکردۆتەوە.

(2) گەڵایەکی نیمچە ڕەشهەڵگەڕاو.

(3) جاڵجاڵۆکەیەك لە هێلانەکەی گیرساوەتەوە.

(4) ئافرەتێکی سەرپێچ لەسەر خەریکی دروومانە.

گەر بێتوو لەلایەنی کرداری شیعرییەوە ئەم ڕەگەزانەی بنیاتی وێنەکان بخەینەوە سەر ڕستەی شیعری، دەتوانین بە هەڵبژاردنی بەرجەستەکردنێکی بابەتیانە، هەر زوو ناونیشانی (جەنگ) بە کۆلاژەکە ببەخشین و ئینجا لەسەر شێوازی شیعری جودا وێنەکان

بگەڕێنینەوە بۆ جۆرێکیتری دەربڕین کە ئەویش شیعرە و بەم شێوەیە:
شەڕ کۆمەڵە سەربازێك چەکەکانیان ڕوو لە ئاسمانە گەلایەکی نیمچە ڕەشهەڵگەڕاو
جالجالۆکەیەك لە ناوەندی هێلانەکەی دایە.
ئافرەتێك خەریکی دروومانە.
لە ئاستی دنیامیکییەتی ڕستەدا لە توانادایە بە چەندەها شێوەیتر دەربڕینی شیعریی لەو کۆلاژەدا بدۆزینەوە ، گەر بێتوو ئەو وێنانە بخەینە قالبی واتاکانی خۆیانەوە و بیانخەینە ئاستی دروستبوونی ماناکانیانەوە نەك تەنها لە ئاستی ناساندن و وەسفدا دەربڕینیان لێ بکەین، وەك شەڕ: چەکەکان ڕوو لە ئاسمانن.
سەربازەکان تەقەی خۆشی دەکەن...هتد.
(أ) کۆمەڵە سەربازێکی چەکدار:
حاڵەتی وەسفی وێنەکە مانای تێدا بەرجەستە دەبێ ، وەك بنیاتێك ، کە ئاماژەکانی وێنەکە لەو مانایانەدا بەرجەستە دەبن ، بەرزکردنەوەی چەکەکان ڕەگەزی بنیاتنەری بناغەییە بۆ حاڵەتی جەنگ.
سەرباز- چەك- فیشەك (فیشەکدان). لە هەرسێ ڕەگەزی بچووکی ئەم تاکە وێنەیەدا ، هەر زوو

واتـای سـەرەتایی جـەنگمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، هەروەك ، خۆئامادەكردن بـۆ جـەنگ ، هاتنـەوەی پـاش جـەنگ ، لـەنێو جەنگدا ، بـەڵام دوا ئاسـتی ئاماژەكـان كـە جەنگـە واتایـەكیتر لـەم ئاماژەیـەدا دەشـارێتەوە ، كـە لـە ئامـاژە ڕووكەشـەكاندا ئـەو ئیحـــا بزرەمـــان لـــەلادا ڕوون دەبێتـــەوە، بەرزكردنـــەوەی چـــەك لەلایـــەن كۆمەڵـــە سەربازێكەوە ، كە بە ناڕێكی و دیسیپلین نـەكراو وەسـتاون و هەنـدێك لـە تفەنگـەكان ئامـاژەی تەقـەكردن دەكـەن ، كـە ئـەم ئاماژانـەش ئامـاژەی (سـەركەوتن)ن كەواتـە كۆلاژەكـە و واتاكـانی لـە خـوارەوە بـەرەو فـەزای نـاوەوە و سـەرەوە دەچـن، بەمـەش وشـەی (سـەركەوتن) حاڵـەتێك لـە حاڵەتـەكانی جـەنگ دەنـوێنێ هـەر بۆیـە وشـەی (جـەنگ) ئیحـای ئامـاژە و ناوەنـدی ئاسـتی سیمانتیكی كۆلاژەكەیـە ، مـەوداكانی ئـەم بنیاتـە لـە واتـا سـەرەتاییەكەی كۆلاژەكـەدا بـاڵ بەسـەر ڕەگـەزەكانی تـری كۆلاژەكـەدا دەگرێـت، بـەڵام لـە نێوانی هەردوو وشەی (سەرباز- جـەنگ)دا وشـەی سەركەوتن ئیحایەكیتر بە جەنگ دەبەخشێت.

(ب) گەڵایـــەكی ڕەش هەڵگـــەڕاو: بـــێ گومـــان هونەرمەند (جەنگ) دەكاتە نـاوكی دروسـتبوونی

واتاكانيترى كۆلاژەكە ، گەڵایەكی كرمیٚ بوو ، یا سووتاو ، یا ڕەشهەڵگەڕاو ، یا وشكەوە بوو، دەلالەت لە لەناوچوونی ژیان دەكات ، كە سەوزایی گەڵا ئاماژە بەم ژیانە دەدات هەرچەندە ئەو دەسەڵاتە لە ڕەنگی كۆلاژەكەدا دەتوانرا بە ڕەنگاو ڕەنگی بە شێوەیەكی كاریگەرتر دەربڕینی لیٚ بكرایە ، بەڵام گەڵا هەر زوو ئاماژە بە كۆتایی ئەم ژیانە دێنیٚ ، هونەرمەند دەیەویٚ پێمان بڵێت جەنگ بە هەموو حاڵەتەكانییەوە هەمیشە لەناوبردنی ژیانە ، لەناوبردنی ژینگەیە، ئاماژەكردنە بۆ ئەو وێرانبوونەی لە ئاگری شەڕدا دێتە كایەوە.

(ج) جاڵجاڵۆكەیەك لە ناوەندی هێلانەكەی دایە:
لە پشتەوەی ئەم گەڵایەوە جاڵجاڵۆكەیەك لە ناوەڕاستی تۆڕەكەیدا خۆی لە بۆسە ناوە ، داوەكان بە ڕوونی دیارن ، ئاخۆ جاڵجاڵۆكە و هێلانەكەی ئاماژە بە چاوەڕوانی جاڵجاڵۆكە دەدات كە نێچیرێكی بۆ بكەوێتە بۆسەوە، بەداوەكانەوە بگلیٚ ، ئەو داوانەی زۆرجار بە فرت و فێڵەكان دەشوبهێنریٚ ، یاخود دەلالەت لە وێرانی و بە كەلاوە بووەنی نیشتمان دەكات، بەڵام هونەرمەند ئاماژەی ئەوەمان بۆ دەكات

جەنگ ئەگەر سەرکەوتنیش بێت ئەوا هەمیشە وێران بوونە ، بۆیە دەلالەتی وێران بوون و لە هەمانکاتیشدا دەلالەتی دەسکیسی زیاتر لەگەڵ بنیاتی واتای کۆلاژەکەدا دەگونجێت ، چونکە شەڕ، هەموو شەڕێك ، لەناوبردنی شەرعییەت و دادپەروەری و دیموکراتییەتی گوتنە ، جەنگ هەمیشە بریتییە لە کۆمەڵە دەسکیسییەکی نامرۆڤانە.

(د) ئافرتێك جل دەدووریّ:

لە بنەڕەتەوە کۆلاژەکە پەیوەستێکی بەهێزی هەیە لە دەلالەتی سیاسەت و کۆمەلایەتی و بنیاتی ڕووکەشی کۆلاژەکە بریتییە لە مانا ئاساییەکانی وێنەکان ، ئافرەتی جل دوور، دەیەها بەسەرهاتی کۆمەلایەتی تراژیدییە ، ئەو ئافرەتەی منداڵە هەتیوەکانی بە جل دوورین بەخێو دەکات ، ئەو ئافرەتەی پیاوەکەی لە جەنگە و جل بۆ منداڵەکانی دەدووریّ...هتد، بێگومان ئەم وێنەیە ئاماژەیە بۆ کارەساتە کۆمەلایەتییەکان .

بنیاتەکانی واتای یەکگرتوو لە کۆلاژ و ئاماژەکانیدا:

کۆلاژەکــە لــە پەیوەســتێکی توونــد و تــۆڵ و بەهێزدایە لەگەڵ ئـەم هەسـتە شـیعرییەی بـەرەو ناوەوەی ژیان دەچێت ، بـە پێچـەوانەی هەنـدێك کۆلاژیترەوە کە تەنیا هەر شیعرییەت لە واتاکانـدا دەبینیّ ، بێگومان لەم کۆلاژەدا زاڵبـوونی جیهـانی بابـەتی بەسـەر فـۆرمی کۆلاژەکـەدا زاڵـە ، دەشـێ ئەم کۆلاژە ئاگادارکردنەوەیـەکی هەڵواسـراو بێـت بۆ کارەساتەکانی جەنگ ، کۆلاژەکە لە دوو بەشـی سەرەکیدا لە بینای خۆیانـدا دەربـڕین لـە خۆیـان دەکـەن ، کـە سـەربازە چـەکدارەکان لـەو سـات و وەختەدا وێنـەیان گیراوە تەقـەی خۆشـی دەکـەن، هــەردوو دەســتەکانیان لەگــەڵ چــەکەکانیان بــە ئاسمانەوەیــە و دەربــڕین لەســەر گــەرمی شــەڕ و ســەرکەوتن دەکــەن ، لێرەشــدا ئێمــە دەچــینەوە سەر ئاماژەی (جەنگ) و لە دواییدا (سەرکەوتن)، بەڵام سـەربازەکان جلکی دەوڵـەتیان لەبەردایـە و ئەمەش زیاتر ئاستی گشتی و بـەربڵاوی واتاکانـە لــە ئاســتی بــە دەلالــەت بوونــدا پێکیانــەوە دەبەستێت ، کەواتە پەیوەستەکانی کۆلاژەکە بـەم شـێوەیە دەگەنـە ئاسـتی دروسـتبوونی دەلالـەت و تاکو لە دواییدا ئاماژەکانی خۆیان پێکەوە دەنێن.

لێرەدا ئێمە بەرەو ڕووی پرسیارێك دەبینەوە، بۆچی هونەرمەند بەم بارە وێنەی جەنگی كێشاوە؟

ئێمە لێرەدا بنیاتێك لە واتامان نیشاندا كە سەربەخۆیی مامڵەی خۆی هەیە، بەڵام لە پشتەوەی ئەم وێنە ڕووكەشانە و ئەم مانا ڕووكەشانەدا واتایتر لە دەروونی هونەرمەندایە، گەر بێتوو هەموو پۆستەر و هەڵواسراو و وێنەیەكی پڕوپاگەندەی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی داوایەك لە خۆیدا هەڵگرێت ئەوا بە ئاشكرا دیارە ئەم كۆلاژەش بە بەرجەستەكردنی دەلالەتەكانی جەنگ داوایەكە بۆ (ئاشتی، ژیان، مانەوە، خۆشگوزەرانی و تەبایی)، كە چەمكەكانی شەڕو قات و قڕی و تێكچوونی ژیان لەخۆیدا هەڵدەگرێ ، كەواتە كێشەی سەرەكی كۆلاژەكە كێشەی نێوان شەڕو ئاشتییە ، لە جیهانێكدا كە وشە زۆرجار دەوری بنیاتنەری خۆی لەدەستدەدات ، وێنەكان دێن زەمان و بەسەرهاتی مرۆڤمان بۆ دەگێڕنەوە .

---

(*) برایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە 81 – 19\6\1998

## ئەو وشانەی لە چاودا جێمان
## ڕۆژمێرێک بۆ گوتن و نەگوتن (*)

نەجات حەمید ئەحمەد

لــە هەرسێ کـۆلاژدا بۆشـاییەکان وشــەیان دەوێ، دیمــەنێك بـۆ گـوتن ، یــا نــەگوتن لـە چ هێزێکـی فیکریـی گومانــدارەوە لــە دایــك دەبــێ؟ هێــزی نــەگوتن و مانـا و ئاماژەکـانی لـە چییەوە کامـڵ دەبن؟ بۆچی نـەگوتن لەودەم و ڕوو لێوانـەی یـا بەستراونەتەوە، یا سەرەوخوار بوونەتەوە، یـا دوو کەرتن؟ بۆچی هونەرمەنـد نـەژاد عزیـز سورمێ پــەنای بردۆتەبــەر ئــەم تەکنیکــە هونەرییــە فیکرییــە؟ بەرامبــەر بــە نــەگوتن کۆلاژەکــانی هونەرمەنــد بــە گــوتراو و نەگوتراوەکانییــەوە گوتنێکی دیکـەمان ئاڕاستە دەکـەن ، لـە نێوانی گوتن و نەگوتندا لە هـەموو دەقێکدا بۆشاییەکی زۆر دەمێنێتــەوە بــۆ قســە لەســەرکردن، ئەگــەر

بێتوو هەمو دەقێکی هونەری یا ئەدەبی لە ڕووکاری زمانی قسەکردنیدا لە دوو لای دوو سەرەی بنیاتە ڕووکەشەکان، واتە ئەوەی لە سەرووی دەقدا دەخوێنرێتەوە یا دەبینرێت، هەروەها بنیاتە شاراوەکان واتە ئەوەی لە ژێرەوەی زمانی بەرجەستەبوودا ، ئەوا دەشێ لەم دەقانەی هونەرمەنددا بۆشاییەکانی نەگوتن پەیوەست بەو زمانە بەرجەستەییەی سەرەوەی دەق، بۆشایی نەگوتراوەکان بگرنەوە، کە ئەویش لەگەڵ بنیاتی شاراوەی مانادا یەکدەگرێتەوە، ئەمە یەکەمین جارە هونەرمەندێك لێنەگەڕێ، بنیاتی شاراوەی مانا بە بۆشایی بمێنێتەوە و بێ لایەن بێ لە خولقاندنی ئەو مانایانە، هاتنە ناوەوەی هونەرمەند بۆ دیاریکردنی نەگوتراوەکان بە بۆشایی و جوولە و متبوون و چەپاندن و خەیاڵ و فانتازیا ئەو شێوازانەی گوتنن کە بینەری وردبین دەرکیان پێدەکات، بەڵام بۆچی هونەرمەند بەم ئاڕاستەیە دەچێ؟ لە دنیایەکی پڕ لە خیانەت لە باوەڕو بیرکردنەوە ، لە دنیا نایەکسان و زۆرینە نادادپەروەرییەکان ، گوتن دەکەوێتە سەرەوەی ئەو کۆمەڵگەیەوە وەکو ئەو پارچە فلینانەی

دەکەونە سەرەوەی دەریاوە ، کە لەگەڵ جوولەی شەپۆلەکاندا دێن و دەچن، بەبێ ئەوەی قەتاو قەت بتوانن بچنە ناوەوەی ، یا قووڵایی دەریاکانەوە ، گوتن چ شوێنێك لە ویژدانی مرۆڤ دەگرێتەوە لەو کاتەی هەست بەوە بکەی هەموو گوتنەکان کە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەهێننە کایەوە ، بەوەی دەسەڵاتێکی نابینای بیرکردنەوە لەنێو زۆرینەدا ڕەگاژۆیە ، بێگومان گوتن خۆی لە خۆیدا کەوتنە دەرەوەی ئەو مانایانەیە کە زۆرینە بڕیاری لێدەدەن و دەیخەنە پشتەوەی ماناکانی خۆیانەوە ، لێرەوە گوتن هەروەك قوربانییەك دەکەوێتە ڕوو، وەکو ئەو پەپوولانەی دەیانەوێ هێلانەیەك لە دۆزەخدا دروست بکەن ، ئەمەش مانای ئەوە نییە گوتن بەر هەڕەشە و سەرکوتکردنی ئەو زۆرینەیە بکەوێ و لە ماناکانی خۆی ، پەشیمان ببنەوەو بەرەو نەگوتن بېردرێن، بەڵکو مەسەلەکە هەمووی پەیوەستە بە تەکنیکی گوتنەوەو گۆڕینی شێوازی گوتنەکان ، کە لە شێوازەوە بەرەو دروستکردنی هێلانەیەك دەچێ لە دژوارترین شوێنی کوشتن و تیرۆرکردنی مانا جوانەکانی ژیان. لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی

شــێوازی نــەگوتن تەکنیکێکــە لــە جوولــەی پۆرترێت و بارستاییە زیندووەکان و بەستنەوە و گرێــدان و بــڕین و دوولــەتکردنی تەنــەکان و هێشتنەوەی لە بۆشاییدا کاریان لەسەر کراوە ، کە ئەمەش جۆرێک لە شێوازە دەربڕین لە تەکنیکێکی هونەریی فیکری دەکات ، لەو کاتەی جوولەی تەنەکان بەرجەستەی بێدەنگ بوونی تەنەکان دەکەن ، هەموو مرۆڤێک پاش گوتنی هەموو شتەکان لە یادەوەری و بیرکردنەوەیاندا هەمیشە چەند مانایەکی لێ جێدەمێنێتەوە بۆ گوتن لێرەدا نەگوتن خۆی لە خۆیدا بە شێوازێکی نوێی گوتن ، کە هونەرمەند زۆر بە وردی کاری لەسەر کردووە ، ئەمەش جگە لەو هۆیەی سەرەوە هۆی دیکەیان لە پشتەوەیە ، هونەرمەند دەیەوێ بە بینەرانی بڵێ زۆرجار دەربڕین لە نەگوتن دەربڕینکردنە لە هەموو ئەو شتانەی یا ئەو مانایانەی کە هێزی خۆیان لە بێدەنگییەکی مانادار دەبیننەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ نەگوتن ئەو گوتراوانەن کە هێزی ئاخاوتنی خۆیان گواستۆتەوە شوێنێکی دیکە ، ئەو شوێنەی وا دەخوازێ وشەکان ، ماناکان خاوێنی و زیندوویێتی و جوانییەکانی مرۆڤ

بپارێزن ، لە ناوەندێکی پڕ لە بانگەشەوە واتە واتی گوتندا مانایەك دەمێنێتەوە کە دەبێ لە شێوازی گوتنەکان دەرچێ ، لە ناخەوە ئەو مانایە لەنێو هێزو توانای خۆیدا جوولەیە و نەکەوتنە سەرەوەی دەق بە تەواوەتی گەڕاندنەوەی هێزە بۆ گوتن ، ئەو هێزە هەموو دەسەڵاتی سادەو ساکاری کۆمەڵگەیەك ناتوانن ڕێ لە هێزی گوتنی بگرن ، بەڵکو هێزی گوتن دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە ، بەو مانایەی پاساوەکانی جوولە و هاتنە گۆی لە مانادا بەتاڵ دەکاتەوە ، لێرەوە دەچینە ناو هەندێك لەو نموونە هونەریانەی کە لەو پیشانگایەدا کە لە هۆڵی میدیا بەرچاو خران.

1- لەنێو بۆشاییەکاندا دەمی پێنووسێکی بەرزەوە بوو ، ڕوو لە سەرەوە ، دەمی سپانەیەك بە کراوەیی ڕووی لە دەمی پێنووسەکەیە... لە خوارەوە چاوەکان چی دەڵێن؟! ئەودەمە ئاسنینە، بەرامبەر بە نووکی لاواز و بچووکی پێنووسێك ئەو هەڕەشەیە لە نووسین دەکرێ کە هەڕەشەیەکە لە گوتن ئەو هێزە ، هێزێکی پۆڵایینی دیاری نەکراوە ، کە بینەر بۆ هەیە پرسیار لە گەوهەرەکەی بکات. لێرەدا

نـەگوتراوەکانی دەق، سـەرەتا لـە بۆشـاییەکانەوە دەسـتپێدەکات کـە هونەرمەنـد دەیتـوانی ، سـپانە لەنێو دەستێکدا دیاری بکـات، بـەڵام نەیویسـتووە. هونەرمەنـد دەیتـوانی لـە دەمـی پێنووسـەکەدا تەنانــەت بــە وشــەیەکیش گــوتراوی پێنــووس بنووســێتەوە ، بــەڵام نەیویســتووە ، چــاوەکان کـــراوەن و شـــایەتن ، ئامـــاژەی بنـــەڕەتیی نەگوتراوەکان زۆرن. هونەرمەند دەیـەوێ بڵـێ لـە ناوەنــدێکی ڕۆشــنبیری و فیکــری و سیاســی و کۆمەڵایــەتی دەمامکـداردا ئـەو هێزانـە دیـاری نەکراون کە هەڕەشە لە گوتن دەکەن ، لەوێدا کـە بــەهاکانی مــرۆڤ بــزر دەبــن ، کــە زۆرینەیــەك لەناخەوە قەدەغەکار و دەمامکادارن ، هەڕەشە لە گوتن زۆرن ، قەدەغـەکردنی گـوتن زۆرن ، بـەڵام پێناسـی کەسـایەتی هـەڵناگرن لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە ترسـی لـە تازەبوونــەوە زاڵ دەبـێ، گـوتن، نەگوتن شوێنی دەگرێتەوە.

2- تـــەنیا پێیـــە ڕووتـــەکان لـــە حاڵـــەتی درێژکردندان ، لە خوارەوە دەستەکان بۆ پێیەکان یا بۆ ئاسمان بـەرزەوە بوونەتـەوە ، ڕێگەیـەك لـە جەسـتەوە بـەرەو ماڵێـك دەچێت، لـە خـوارەوە

چاوەکان زیت بوونەتەوە ، بەڵام ئاراستەی خۆیان لەو تەنانە نییە.

هونەرمەند لێرەدا شێوازی بە دووی یەکدا هاتنی شـــۆڕبوونەوە و ســـەرکەوتنی بـــەکارهێناوە، گوتنـەکان لـە پەیوەسـتەکانی ئـەو تەنانـەدا بـزر دەبن و بۆشاییەك لە مانادا جێدێڵنـەوە بۆ ڕێگـە خۆشـکردن بـۆ گـوتراوی دیکـە ، بـەوەی هـەموو نزاکـان ، ئارەزووەکـان ، تێکـەڵبوونی ڕەگـەزەکان تـەنیا یـەك ڕێگـەیان لەبەردەمـە ئـەویش مـاڵێکی وشـك و تاریـك و ڕەقانییـە ، ئـەو ماڵـە تاریکـەی کۆتـایی هـەموو کێشـەکانی ژیـانی مـرۆڤ ، وەکـو ئەوەی پێمانبڵێ ڕێگەیەکی دیکە لـە بوونـدا نییـە جگـە لـە ڕێگەیـەك کـە لـە سـەرووەمانەوەیە و هـەموو بـەبێ ئـەوەی ئاگامـان لێبـێ لەسـەری دەڕۆیـن و دەگەینـە مـاڵێکی تاریـك کـە کۆتـایی هـەموو ڕێگاکانـە ، نـەگوتراوی لـە زنجیربەنـدیی تەنەکانـــە کـــە هونەرمەنـــد دەیـــەوێ لـــەو زنجیربەندییـــەی تەنەکانـــەوە ، ڕێکـــەوتی دەرکەوتنی تـەنی دیکە بگرێت ، هـەروەکو چۆن دەیـەوێ هـەموو تەنـەکان لـە یـەك واتـای وادا کۆبکاتـەوە کـە تـەنی دیکـە و مانـای دیکـە بەخۆیەوە نەگرێ ، یەك زنجیرە بەرەو یەك واتا.

3- دەمە گازێك و گوڵەگەنمێك لەنێو دوو لێوی کراوەیدایە ، مرۆڤێکی ڕووت سەری لەنێو ئەژنۆیدایە ، چاوەکان پێماندەڵێن بێ گوناهی لەنێو هێزی دەمی پۆڵا و ئاسندایە ، مرۆڤە بێ گوناهە ڕووتەکە هیچی پێ نییە بۆ گوتن ، هەست بە گوناه و پەشیمانی دەکات، تەنیا کاردانەوەی ڕووتبوونەوەیە ، دۆش دامانە، پەشیمانبوونەوەیە ، لە خوارەوەش چاوەکان بەڵگەن بۆ کەوتنی مرۆڤ لەنێو گوناهی کوشتنی بێ گوناهی ، ئەم کۆلاژەدەقەی هونەرمەند بە هەمان شێوازی بە دووی یەکدا هاتن ڕێکخراوە، هونەرمەند دەیەوێ نەگوتراوەکان لەوێدا کۆکاتەوە ، کە مرۆڤ هەر خۆی خولقێنەری گوناه و بێ گوناهییە ، هەر خۆی دەسکی گاز و بەشێك لەو گازەیە کە بێگوناهی دەخاتە بەر هەڕەشەوە ، بەلام لە هەمانکاتیشدا هەر خۆی شوێنی بەزەیی پێداهاتنەوەیە گوناه و پەشیمانبوونەوە ، دەستەپاچەیی بەرامبەر بە گوناهەکان ئەوەیە ئەو نەگوتن و بێ دەنگی و ماتبوونەی کە زمانی گوتن لە دەستدەدات تاکو زمانێکی دیکەمان نیشاندا کە لە نەگوتنەوە لە دایك دەبێت.

4- بۆشــاییەك بــە نیمچــە کەوانــە، چــاکەت و کراسـێکی بۆینبـاغ لـە ملـی بـێ سـەر، پەنجـەکان گرێـدراون ، دوو گـەڵا لـەژێر باسـکیدا، گەڵایـەکی پـان و ئـەوی دی باریـك ، چـاوەکان سـەیری ئـەو جلانە دەکەن کە شێوەی مرۆڤیان لـە خۆگرتـووە، ڕەگـەزی سـەرەکی نـەگوتن ئـەو بۆشـاییەیە کـە شــوێنی ســەری گرتۆتــەوە جلــەکان لــەکاتی قسـەکردندان ، بـەڵام بـە یـەك وشـەش نـادوێ، پەنجەکان لە کاتی ڕووکردنـەوەدان، بـەڵام هـەموو بە دەرزیلە بەستراونەتەوە و دیارنییـە پەنجـەکان دەیانـەوێ چـی ڕوونکەنـەوە. ڕەگـەزی گەوهـەریی نەگوتن هەموو لەم حاڵەتانەی شێواز پێکدێن کـە هـەموو ئاماژەیـەکن بـۆ بزربـوونی گـوتن ، لێـرەدا هونەرمەند ئاماژە بە مرۆڤێـك دەدات کە دەزانـێ چی لەبەر دەکات ، ئاماژە بـە بۆینبـاغ لـە ملـەکان دەدات کە شارستانین و پوخت و ڕێکن لـە سـتایلی جلوبـەرگ و جوولـە و ئەتەکێتـدا ، بـەڵام بۆچـی ســەری دیــار نییــە و پەنجــەی بەســتراوەتەوەو بۆشـایی گوتنــەکانی دەرخســتووە ، هونەرمەنــد دەیـەوێ ئامـاژە بـەو مرۆڤانـە بـدات کـە خۆیـان وەکو مرۆڤی شارستانی و خاوەن چێژ و سـتایلزان نیشـاندەدەن ، بـەڵام لـە نـاوەوە بـۆش و بـەتاڵن،

هیچیان بۆ گوتن پێ نییە ، نە لە دەم و نە لە دەست و نە لە سەر و نە لە ڕۆح ، ئەوان تەنانەت جەستەشیان جەستەیەکی ونە ، چونکە لەنێو ڕووکەشێکدا ونبوونە کە گەوهەریان نییە، چەندن ئەوانەی لەوپەڕی پۆشتە و پەرداخی و خۆشگوزەرانیدا دەژین ، بەڵام لە ناوەوە بە تاڵ و هیچ پێ نەبوون ، هەروەکو ئەو گەڵایانەی کە وشك و ڕەشەوە بوون و گیان و سەوزاییان تێدا نەماوە و لە دارو سەرچاوەی خۆیان بزربوونە، ئەمانەیە حیکمەتی نەگوتنەکانی هونەرمەند.

5- ئافرەتێك ڕووی لە قەلەمێك کە ئاگری لێوە دەردەچێ ، تەکنیکی بەکارهاتوو لەم کۆلاژە لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەیە ، هەروەکو چۆن قەڵەمی داهێنەر دەکەوێتە نێو دوو مەقاشەوە کە ڕێ لە گوتنی دەگرن ، هەروەها قەڵەمێکیش هەیە کە ژەهراوی و کوشندەیە و دژ بە جوانی و بێ گوناهی و پاکیزەییە ، ئەو قەڵەمانەی نە بەهای دۆستایەتی و نە خۆشەویستی و نە چاکە دەزانن ، وەکو قەڵەمی زێڕن لە شێوەدا و لە ناوەوەش وشەکانیان ئاگری لێ دەچۆڕێ و لەنێو پیلان و شێواندنی ڕاستی و نەخۆشیی ژاراویبوونی عەقڵی و دەروونیاندا

دەژیـــن ، ئـــەو ئافرەتـــە كـــە هێمـــای جـــوانی و خۆشەویســـتییە بـــە سەرســـووڕمانەوە ســـەیری ئـاگری قەڵەمەكـە دەكـات ، سەرسـووڕمان بـەوەی قەڵەم لە سەردەمێكدا ژەهـر و ئـاگری لـێ دەبـارێ كـــە هەمیشـــە ئـــەو قەڵەمـــە بـــۆ ڕاســـتگۆیی و هاوخـەمی و دڵسـۆزی بـووە بـۆ بـەها گـەورەكانی مرۆڤ.

6- سـەرێكی بەسـتراو بـەداو ، لـە سـەرەوەدا زەوی یـەك كیشـوەری ، لـە پشـتەوەی لاكێشـە ئاسـنینە كۆنەكان ، لە خوارەوەش ئەوە چاوەكانە وشەكانی دەمرن ، سەری مرۆڤ تەنیا لێوەكـانی دیـارن ، نـە گـوێ و نـە چـاو و نـە لـووت ، سـەرێك كـە لـە بیستن و بینین و بۆنكردن و قسـەكردن قەدەغـە كراوە، چەند دوورە لە جیهانەوە ، چـەند هەسـت بە جیابوونەوە دەكات لـە بینینـی دنیـا ، دنیـا لـە پشـتی ئاسـنە چوارگۆشـەییەكانەوەیە ، دنیـا نـە ڕووناكی و نە بۆن و نـە دیمـەنی دیـارە ، دنیـا لـە مـــرۆڤ شـــاردراوەتەوە و قەدەغـــەكراوە ، نـــەگوتن تـــەنیا لـــە وشـــەدا نییـــە، بـــەڵكو لـــە بیســـتن و بینینیشدایە تـاكو لـە نەگوتراوەكانـەوە پێمـانبڵێ ئـــەی مـــرۆڤ تـــۆ چـــەند لـــە شـــوێنی خـــۆت دووركەوتوویتـــەوە، چـــەندێك لـــەژێر ئـــازاری

غوربەتی گۆشەگیرکردن و تەنیایدای، تۆی خاوەن جەستەیەکی ڕووت و قووت چۆن بەرگەی ئەو هەموو دیواربەند و ئاسنانە دەگری کە دنیات لێ قەدەغە دەکەن ، لە سەردەمێکدا مرۆڤ باوەڕەکانی بە مرۆڤی بەرامبەری دەدۆڕێنێ، هونەرمەند بە هەمان دابەشکردنی گۆشە بەرامبەر بە گۆشە تەنەکانی شوێن کردۆتەوە، بەڵام کۆلاژ پڕ بە قەد چوارچێوەیە.

7- سەری ئافرەتێك لای پشتەوەی تاریك و نیوەی کەمتر ڕووناك، لە پشتەوەی تەلبەندێك تەنیا یەك چاو بۆ بینینی ڕاستییەکان بەسە، تەکنیکی دابەشکردنی تەنەکان لە ناوەند دایە، دڕکەکان زیاتر لە هەموو تەنەکان بەرجەستەتر کراون ، چی بگوترێ بەرامبەر بەو قەدەغەکراوانەی کە ڕێگە لە بەیەکگەیشتن دەکەن ، کە مرۆڤ لە مرۆڤی دیکە قەدەغە دەکەن، تەلبەندەکە دڕکاوی و بریندارکارە، دەرفەتێك نییە بۆ گەیشتن بە ڕووی جوانییەکان، ڕەگەزی نەگوتن هەموو بۆ چاوەکان جێهێڵدراون ، کە شایەتی لەو ئازارانە دەدەن ناهێڵن مرۆڤ بگاتە خۆشەویستی.

8- ئافرەتێـــك ڕەگـــەكان بـــەری ڕووی گرتـــووە، لەسەر چەند چوارچێوەیەكدا بەرجەستە بووە، بەرەو ئاسۆ دەڕوانێ، بەرامبەر بەو جیهان لەسەر دیـــوارێكی خشـــتیندایە، كـــە ئـــەویش لەســـەر چوارچێوەیەك بەرجەستە بووە، ڕەگەزی نەگوتن ئەو چوارچێوە بۆش و دڕاوانەی كە پێشتر وێنەو دیمـــەن و پۆرترێـــت بـــوون ، یـــا ئـــەو پەنجـــەرە شـكاوانەن كـە خاوەنـەكانیان جێیـان هێشـتوون، ماڵە تاریك و چۆڵەكان ، هەروەك ئەوەی كاتێك جوانی لە دنیـادا بـەتاڵ دەبێت ، زەوی دەكەوێتـە دەرەوەی مرۆڤـــەكان ، مرۆڤـــەكان وەكـــو دیلـــی ڕەگـەكان بـن ، زەوی دیلی دیـوار و هەڵچنینەكان بـن، ئـیتر ڕوانـین تـەنیا بینینـی شتەكانە لـەنێو ڕووناكیـــــدا ، پـــــاییزی خۆشەویســـــتی و بەیەكگەیشتن، كۆتایی تێڕوانین و ئاسۆكانی دنیـا بـــن. ڕەگـــەزی نـــەگوتراو تـــاریكبوون و دیواربەنـدیكردن و دیلكردنـی ڕووی مرۆڤـە، كـە تەنانـــەت ڕوانینەكانیشـــی لـــە پشـــتەوەی ڕەگ و دەمارەكانی گەڵایەكەوەن.

---

(*) گۆڤاری ( كاروان ) ژمارە 230 ساڵی 2008

# کڵاو ڕۆژنەیەک لە شەختەدا(*)

محەمەد ڕەنجاو

ئەمــە موفاجەئەیــەکی هونــەری بــوو، هەفتــەی ڕابردوو سلێمانی بەخۆیەوە بینـی ، کـە لـە ڕۆژی یەکەمدا و لەگەڵ ڕەئوف حەسەنی چیرۆکنووسـدا سەردانی پێشانگاکەم کرد.
چاوەڕوانی کارێکی وا جدی نـەبووم لـە هونـەردا بەتایبــەت بەرامبــەر کەســێك کــە زیــاتر وەك شاعیرو ڕۆژنامەنووس ناسیوومە.
هونەری کۆلاژ، نە پێشـینـەیەکی زەمـەنی ئـەوتۆی هەیە لـە هونـەری شـێوەکاری کوریـدا و ، نـە وەك ئــەزموونی پێشــانگای تایبــەتیش کــە تــەرخان

کرابێت بۆ ئەم تێزەی هونەر. بۆیە ئـەم هەوڵـەی نەژاد عزیز سـورمێ بـە کردنـەوەی پێشـانگایەکی تایبـەت بـە کـۆلاژ کـە زۆربـەی کـارە جدییـەکانی خـۆی تیـا نمـایش کـرد لـە گەلـەری کۆمەڵـەی هونــەرە جوانــەکانی ســلێمانی گرنگــی تایبــەتی خـۆی هـەبوو، بینـەری کارەکـانی دەخسـتە نـاو واقورمانێکی موتڵەقەوە .
( کلاورۆژنەیـەك لـە شـەختەدا ) کـە پێناسـەی پێشانگا تایبەتییەکەی کاك نـەژاد بـوو ، گـەرم و گوڕییـــەکی لـــە ڕادەبـــەدەری دایـــە ئـــەو شەختەبەندەیەی وەرزی هونەری تەشکیلی کە لە ڕووی چـۆنیەتییەوە گـیرۆدەی بـووە و، هونـەری کـۆلاژیش وەك ئاراسـتەیەکی سـەربەخۆی ئـەم هونەرە زیاتر بوونی خۆی نمایش کرد.
نەژاد ئەو هێلکاریانەی لە کارەکانی خۆیـدا ئیشـی تیا کردبوو، وەك چەند نیشـانەیەکی سـیمبۆلۆژی مامەڵــەی لەگــەڵ ســەرجەم پێکهاتــەکانی ئــەو هێلکاریانـەدا کردبـوو ، جوگرافیـای کـات و شـوێن لە هەر کارێکی هونەریدا و بەتایبەتیش هونـەری شـێوەکاری گرنگـی خـۆی دەپـارێزێ ، بـەڵام لـە کارەکـانی ئـەو پێشـانگایەدا جوگرافیـای شـوێن، جوگرافیـای جەسـتەیەکی لـەت و پـەت بـوو ، کـە

زۆرجـــار لـــەناو کەشـــوهەوایەکی ســـوریالیانەدا نەخشی خۆیان دەسڕیەوە ، ئەزموونی ئـەو زیـاتر مامەڵـەکردن بـوو لەسـەر هـەردوو ڕەنگـی ڕەش و سـپی ، ئەمـەش دەرەنجـامێکی سـتاتیکی تایبـەت بـەو باکگراونـدە خەوناویـەی خـۆی بـوو کـە وەك بەشـێك لــە نەسـت لای جێمــابوو ، بەشـێك لــە سـیماکانی کـاری ڕۆژنامەنووسـیی هونەرمەنـدی بەسەرا پەرت بوو ، کـە ئـەو بـەر لـە هـەر کارێك وەك ڕۆژنامـەوانێکی کارامـەی خـاوەن ئـەزموونی ڕۆژنامەنووســیی هونەرمەنــدی بەســەرا پــەرت بـــوودا ناســـراوە، ئـــەوە جگـــە لـــەوەی وەك هونەرمەندێکی گرافیکیش هونەری نەخشەسازی بە کارەکانییەوە دیاربوو .

چـاو ، دیـارترین مـوفرەدەی هونـەری بـوو لـە کارەکانیـــدا بـــە هـــەموو هێمـــا دیـــار و شـــاردراوەکانییەوە لـــە زۆربـــەی هـــەرە زۆری کارەکانیـدا دووبـارە دەبـووەوە ، بـەڵام بـە مانـاو ڕووخساری نوێوە و لە جەستەدا.

لـەودیو(شوێن)ـەوە و بەسـەر فەزایـەکی بەریندا پیتەکانیان پەرت دەکـرد و بەسـەر کارەساتەکاندا دەیانڕوانی ، ئەو کارەساتانەی جەستەی مرۆڤیـان هـەنجن هـەنجن کـردووە و فانتازیـای ئـەو پارچـە

پارچە کردنە لە سەرجەم کارەکانیدا زیاتر لە تشریح دەچوون ، ئەوە جگە لەوەی سیما حەبلاوییەکانی سلڤادۆر دالی لە ناو ڕەنگە زەردباوەکاندا وەك هەڵمێکی لوولدراو ، یا کەفاوێکی بڵقدار بە ئاسماندا هەڵدەچوون ، دنیایەکی تریان بۆ تێڕامان و ئاوس بوون دەخوڵقاند .

نەژادی عزیز سورمێ لە یەکەم ڕۆژی پێشانگاکەیدا کاتێ قسەی بۆ کەناڵی ئازادی تەلەفزیۆنی سلێمانی کرد وتی: من کارەکانم کردووە خەڵکیش ئازادن لەوەی چۆنی تێدەگەن .

دەکرێ ئەم چەند دێڕەش خوێندنەوە و تێگەیشتنی ئێمە بێ بۆ کارەکانی ئەو هونەرمەندە.

---

(*) ڕۆژنامەی ( ڕێگای کوردستان ) ژمارە 564 – 24\9\2003

# نەژاد و کۆلاژ ...(*)

کرێکارعبداللە خۆشناو

ئەوە ڕۆژگاری تاڵە ، داهێنەر دروست دەکات بۆیە لام سەیرنیە کە ئینگلیز دەڵێت : Adversity reveals genius, prosperity conceals it داهێنەر ئەو کەسەیە لە (هیچەوە) شت دروست دەکات .

کاك نەژاد لە هیچەوە داهێنانی کردووە لەوەدا داهێنانی کردووە .....
ئەڵبەتە تاك تاکی پێکهاتەی تابلۆکانی ڕەنگە مانا بەخش نەبن ! ، بەڵام زیهنیەتی (ئەو) وای کردوە ئەم (تاکانە) لە چوارچێوەی تابلۆیەکدا

پڕمانا بن ... ئەوەشیان ئەوەنـدە کارێکی ئاسان نییـە و کەسـانی ئاسایی نـاتوانن چوارچـێوە بـۆ پێکهاتە بێ ماناکان دابنێن و پڕ بایـەخی بکەن و تێزێکـی هـزری بـە بینـەر ببەخشـن ، مەگـەر لـە کەســێکی قـــاڵ بـــووەوەی دیـــد و ڕوانگـــە و ڕۆشـنفکرێکی وەك نـەژاد نـەبێت ، هەڵبەتـە ئـەم کـارەش ڕێـك دەچـێتە چوارچـێوەی کـارە ئاسـان نـەپێکراوەکان هەمدیسـان ئەوەشـیان لـە خـۆڕا نـەبووە چـونکە : ( فاقـد الشـي لا یعطـي ) بۆیـە گـەر زهنیـەتی نـەژاد لێـوان لێـو نەبووایـە لـە ئـــەدەب و چـــیرۆك و نووســـین و وەرگێـــڕان و تەنانــەت زمــانزانی ، ئێسـتا نەدەپڕژایـە سـەر داهێنان لە بواری کۆلاژدا .

لــە هونــەری کــۆلاژەدا هــەر پێکهاتەیـەك لــە چوارچێوەی یەك تابلۆدا گوژمەیـەك لـە هێـز، لە واتـا دەبەخشـیتە پێکهاتـەکانی تـری نـاو تابلۆکـە بۆیـــە وابەســـتەکردنی پێکهاتـــەکان بەیەکـــەوە پێویستی بە ئەندێشەیەکی هونـەری و زیهـنی زۆر هەیە .
ئەوەی لە پیشانگاکەی نەژاد خـۆی زەق دەکاتـەوە چـەند واتایـەکی مانـا بەخشـن وەك : چـاو، پـێ،

پاژنــەی پــێ ، گــوێ ، ڕووی ئــافرەت، جەســتە، هـەروەها دەیـان نووسـینی مسـماری کـە شـاراوەیی گەمە لەسەر دەربـڕینی هەسـت و نەسـتی مرۆڤـی ئەم سەردەمە دەردەبڕێت .

لە تابلۆیەکیان بینیم پاژنی پێ بە قەد یەك گەڵا شـوێنی جـێ هێشـتووە ... هـەر ئەمـە بـە تـەنها مێژوویەکـە سـەربردەی داسـتانێکی هـەرە مـەزنی مرۆڤایەتیمان بیر دەخاتەوە کە خۆی لە داسـتانی گلگـامێش دەدۆزێتــەوە و پێمــان دەڵێــت، ژیــان ئەبەدی نیە بۆ هـیچ کەسـێك ، ژیـان ئەگـەر چـی پڕ لە ئەزموون و هێـز و هـزریش بێت تـەژی لـە تــەواوکاری نانوێنێـت، بــەڵکو زهینییــەتیش لــە مرۆڤدا سنووردارە و مرۆڤ بەدەرنیە لە هەڵە ... بوونەوەر لە ڕێگەی هەسـتی بینینـەوە دەتوانێـت گوزارشــت لــە دەربڕینــەکان بکــات لــە ڕێگــای کــارلێکی تیشــك و کاردانــاوە و پرۆسـیی شــەن و کـەو و لێکدانــەوەی بابەتــەکان و ڕووداوەکــان تــا مرۆڤ دیدگایـەکی ڕوونـتری لا دروسـت بێت بۆیـە نــەژاد لێکدانــەوەکانی بــۆ ژیــان لــە دیــدگای بینینەوە بەرجەستە دەکات ، واتـە بینـیین وەك دەربــڕی ڕاســتی گــوزەرکردنی ڕووداوەکــان وەك

خـۆی نـەك تـەنها لـە ڕێگـەی بیسـتن کـە تێـی دەچـێت زۆرجـار دەربڕینـەکان و لێکدانـەوەکان وەك خـۆی کـە هەیـە گوزارشـت نەکـەن . بۆیـە تابلۆکان پێمان دەڵێن گوێچکە بە تەنها بەس نیـە بۆ سەرنج کردن و لێکدانـەوە، بـەڵکو بیناگـەرایی لـە فـەزای ژیـان و ڕووداوە مێژوویـیەکان کـارێکی پێویستە لە پێناو دروستکردنی بڕیاری گونجاو و دروست بۆ داهاتوێکی باشتر و پڕتر لە داهێنـان و کەمتر لـە هەڵـە و زۆرتـر لـە هـزری بیناسـازی لـە سەرخان و زەمینەسازی بۆ داهێنان و برەودان بە کەلتوری واقع بینانە و دوور لـە ژیـانی خـەیاڵاوی و ژانـی ئەبـەدی .. بۆیـە چـاو وەك دیـاردە و دەربڕی تابلۆکانی نەژاد بەرجەستە کراوە .

کاك نەژاد بە تەنها لـە چوارچێوەی یـەك تـابلۆدا پێمان دەڵێت، مەرج نیە بابەتەکانی بێ ڕۆح وەك کـەل و پـەلی بـێ نـرخ تەماشـا بکـرێن بـەڵکو تەنانـەت بابـەتی مـردووش گـەر لـە چوارچێوەی خـۆی دابێـت هەمیشـە زینـدوو و مانـا بـەخش دەبـن، لـەم چوارچـێوەیەش مانـای ژیـان دەبەخشـێتە خـۆی و هاوبەشـەکانیی لـە چوراچێوەی یەك تابلۆدا .

بۆیـــە بـــە پێویســـتی دەزانم دەروونناســـان، کۆمەڵناسان، زیاتر دیراسە لەسـەر ئـەم هونـەرە و داهێنانـــەکانی کـــاك نـــەژاد بکـــەن تـــا بتـــوانن میللەتەکەمان بـەم جـۆرە هونـەرە ئاشـنا بکەن و جوانیەکی تر ببەخشنە دونیای هونەری کوردی .

(*) ماڵپەڕی ( دەنگەکان ) رۆژی 9\9\2017

## گەمە شاراوەکانی ژیان
## لە (گەمە شاراوەکانی با)دا

ئاری زێندینی

لەناو ورتە ورت و ژاوەژاو و قرەقرِ و بێ هیوایی و بەرەو داڕووخانی دەروونی مرۆڤەکان لە کوچەی شار ژیان گەمە دەکات و بەردەوامە لە ژیان بەڵام بە شەرمنی و بەشاراوەیی لە پێشانگایی کۆلاژی ( گەمە شاراوەکانی با ) ی هونەرمەندو شاعیر (نەژاد عزیز سورمێ)دا .

لەم پێشانگایەدا سەلیقەو سەبرو بیری قووڵی هونەرمەند دەچێتە قووڵایی ژیان کە ئینسانەکان نامرن و گەر بە ئاشکراش نەبێ ئەوە بە شاراوەیی گەمە لەگەڵ ژیان دەکەن !

(گەمە شاراوەکانی با) گەمەی مرۆڤەکان کە مرۆڤ هەم زاڵمەو هەم مەزلووم ، خۆیان خاوەنی گەمەکانی ناخی خۆیانن ، خاوەنی گەمەکانی

سروشــتن ، ئــەو هــەموو نامــاقولّی و نایەکســانی ژیان یەك پارچەیە کەچی مرۆڤەکان دەیکەن بـە هــەزار پارچــە کــە هــەمووی گەمــەی شــەیتانی مرۆڤــەکانن کــە ژیــان دەکەنــە پارچــە پارچــە و پارچـــەیەك لـــە (درۆکـــردن - زولـّــم کـــردن – نادادپەروەری – بـێ ئینسانی) پێشانگای کۆلاژی (گەمــە شــاراوەکانی بــا) پەســنی ژیانــە کــە داخــۆ ژیـان بـێ مـرۆڤ نرخـی هەیـە ؟! ژیـان بـێ مـرۆڤ ژیانــە ؟! پــێش ئــەوەی دلـّـەکان وەلـّـام بدەنــەوە چــاوەکان وەلـّـام نادەنــەوە بــەلـّکو حــوکم دەدەن ، چــاوەکان ڕۆژانــە ژیــان دەبیــنن و وێنــایی دەکــەن بـــەلّام بـــە داخـــەوە دلـّــی مرۆڤـــەکان سســـتن و بەرەونەمان و لە لێدان دەکەون !

---

ماڵپەڕی دەنگەکان 17\4\2017

# ڕوانینی بینەران

ئەمەی دادێ ڕوانینی ئەو نووسەر و هونەرمەند و خوێندەوارانەیە سەردانی پیشانگاکانمیان کردووە .

( ناوەکان بە پێی ئەلفوبێ داندراون )

● كاك نەژاد ، زۆر لەمێژە دەتناسم و گەلێك خۆشەویست و ئازیز بوویت لەلام . بەم پیشانگەیەت و ئەم بەرهەم و تابلۆ ناسكانەت چەندین هەنگاویتر لە ڕۆحم نزیكتر بوویتەوە.

**ئازاد جەلال**

**( هونەرمەند )**

2003/9/17

● لە سەرجەم تابلۆكاندا ، سێ شت سەرنجی ڕاكێشام ، ئەوانیش: ئافرەت و چاو و ئازار.. ئەو سێ ماهیەتەش حەقیقەتی بوونن.. ئاواتەخوازم پێنگاڤی دی بەدواوە بێت.. هەردەم چاوەڕێی شتی چاوەڕوان نەكراوت لێدەكەین.

**ئازاد حەمە شەریف**

**(نووسەر و وەرگێڕ)**

1995 /10/4

● نابێ لێبگەڕێین ئەو چاوانە هەرگیز كوێر بكرێن .

**ئازاد وەلەدبەگی**

**( ڕۆژنامەنووس )**

1999 /6/22

● له بەشی هەرە زۆری تابلۆکان ، خۆم دۆزیەوە وام هەست دەکرد تۆ باس لە خەم و ئێش و ئازارەکانی من دەکەی ، وا بزانم زۆربەی ئامادەبووان هەمان هەستیان بەرامبەر بەو کارانە هەبوو .

**ئیبراهیم حاجی صالح**
**( ڕۆژنامەنووس )**
**1997 /6/10**

● بایەخێکی جوانتان بە ژیان داوە ، بە هونەرێك پابەندی چوارچێوەیەکی تایبەتی نییە ، هونەرێکی ڕەها و بنیاتنەر .

**ئەحمەد سالار**
**( نووسەر و هونەرمەند)**
**1999 /6/19**

● گەمە شاراوەکانی با لچکی شەرمەزاریی نیشتمانی هەڵدایەوە ..

**ئیدریس لاوە**
**(ڕۆژنامەنووس)**
**2017/4/17**

● به هەمان نەفەسی شیعر و هارمۆنیای هەستەوە ، دووبارە لە تاڤگە مەندەکانەوە پڕووشە جوانەکان دەڕژێن .

**ئیسماعیل بەرزنجی ( شاعیر و ڕۆژنامەنووس )**

**پیرداود مەخموری ( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**

**2017 /4/17**

● بە حەزو ئارەزوویەکی زۆرەوە پیشانگای (گەمە شاراوەکانی با)م بینی.. ناسین و گفتوگۆمان لەگەڵ ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی کورد لەم ساڵانەی دواییدا بایەخی خۆیان هەبوو ، ئومێدەوارم بەردەوامی پێ بدرێ کە بێگومان ئاکامی باشی بۆ کوردو کوردستانی پارچە پارچەکراو دەبێ .
پیرۆزبایی لە هاوڕێ ودۆستمان نەژاد عزیز سورمێ دەکەم .

**ئیسماعیل بێشکچی**

**( لێتتوژ و پرۆفیسۆر )**

**ئەنقەرە 2015/6/13**

● نەژاد لەو کەسانەیە دەسپێشخەریی لە هونەری کۆلاژ لە کوردستاندا کردووە ، وەك

ڕۆژنامەنووسیش دیارە پەیوەندییەکی ڕۆحی بەهێزی لەگەڵ ئەو هونەرەدا پەیداکردووە.. دەمێکە موتابەعەی بەرهەمەکانی دەکەم ، بەڕاستی سەرکەوتووە .

**ئیسماعیل خەیات**

**( شێوەکار)**

● جگە لە هونەری کۆلاژ ، شەونخونی و ڕەنج و ناخی شیعر و چیرۆك و داستانی ئەم سەردەمەم خوێندەوە.

**ئاسۆ حەسەن**

**(نووسەر)**

**1997/10/1**

● لە ڕێگای بینینی چەند تابلۆیەکەوە سەفەرێکی کورتی ئەودیوی ژیانی پڕ نەهامەتییەکانم کرد.. هەستم کرد تۆش هەستت بەم دیوی ئازارەکان کردووە..

**ئاشتی شەهباز**

**(ڕۆژنامەنووس)**

● زۆر سەرسامم بە جوانویستی کاك نەژاد ، زۆر جێی سەرنجە ئەو چاوە جوان و ڕۆیشتنە ڕۆمانسیانە بدۆزیتەوە ..

**ئاکۆ محەمەد**
**(ڕۆژنامەنووس)**

● خۆم بە بەختەوەر دەبینم ئەمڕۆ بە ڕێکەوت هاتم بۆ بینینی ئەم پارچە هۆنەرانە کە لە ڕاستیدا دەربڕینی شیعرێکی قووڵی هەڵواسراو بە نەخشێکی جوانن.
هەست بە بوونی هەموو جوانیەك دەکەم لە تابلۆکانت ، بوونی چاو و هێڵە ڕاست و پێچراوەکان هاوکات لەگەڵ ڕەنگەکان و بەشێکی ئافرەت جوانترینن .

**ئەلیفا شیروانی**
**( مامۆستای زانکۆ )**
**2017/4/19**

● من نازانم چۆن دەرببڕم ، هونەرەكە وەك هونەرمەندەكەی ناسكە ، جوانە وەك ئاكاری كاك نەژاد. ئەو جوانكاری و داهێنانەی تێدا شك دەبەم كە لە ڕۆژنامەگەریدا نواندی و دەینوێنێ .

**ئامانج زاژڵەیی**

**( ڕۆژنامەنووس )**

2003/9/18

● خەمی هەموو فەسڵەكان لە كۆڵی پاییزە ، پاییزیش ئەو فەسڵە بێ نازەیە گەڵاكانی بەخۆڕایی دەبەخشێتە زەوی بێ ڕەحم ! پیرۆزە ..

**ئامانج نەورۆز**

**( هونەرمەند )**

1997 /6/10

● ئەمڕۆ بە دیتنی ئەم چەند تابلۆ كۆلاژیانەی كاك نەژاد شادبووم..
ئەوەیە گوڵە شارستانییەكانی پێویستە بەردەوام بڕوێندرێن.. نەك...

**ئەنوەر مەسیفی**

**( شاعیر)**

1995/10/2

● كاكی خۆم ئەو چاوانەی تۆ بە دوایدا وێڵ و سەرگەردانی بەرەو خۆری ئاسۆیەکی دی دەڕوانێ.. هاودەردی تۆین.. بەڕاستی چاك واقعە تاڵەکەمان ئەبینی .

**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**( نووسەر)**
**1997/8/14**

● بۆ یەکەمجار سەردانی گالەریم کرد بۆ هونەری کۆلاژ زۆر شانازی دەکەم کە یەکەمجارە لەگەڵ ئیشەکانی هونەرمەندێکی بەتوانا و دەستڕەنگینی کورد زۆر سەرسام بووم بە کارەکانت .

**ئاوات لەتیف قادر**
**( مامۆستای زانکۆ )**
**2017 /4/19**

● من بۆ خۆم پێموایه ، نەژاد تەنیا له یەك شتدا خۆی دووبارەکردووەتەوە ئەویش له خستنەڕووی پەیامە ئینسانییەکەی به تەواوی صدق و ئەمانەتەوە ، دوورله مجامەلەی سیاسی و بەرژەوەندیخوازی .
هیوادارم له ئایندەیەکی نزیکدا له هۆڵێکی تردا ، له کاری پڕ بەهرەتر و جوانتردا بەیەك بگەین لەگەڵ دەستەی یاران .

**ئاوات محەمەد ئەمین**
**( نووسەر و ڕەخنەگر )**
**2003 /9/19**

● هونەرێکی بەرزە ، هیوادارم له تورکیادا دووبارە بکرێتەوە.

**ئی. کونسول ئوینەل**
**( ڕۆژنامەنووس )**
**ئەنقەرە 2015/6/13**

● ئەمڕۆ من هاواری مێژوویەکی بێدەنگم بینی مێژوویەك کە بەرلە سەدەی زایین لە چین و سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا لەدایك بوو نەژاد عزیز سورمێ لە کوردستان بە داهێنانێکی ترەوە نوێیکردەوە. دەستخۆش بۆ ئینۆڤەیشن و نوێکردنەوەکانت کاکە نەژاد.

**ئەیوب گەلاڵی**

**( شاعیر)**

**2017/4/17**

● کاکە نەژاد زۆر بە سەلیقە و بیرێکی هونەری گەورە کاری کردووە گەر بەراوردی بکەی لەگەڵ هونەری جیهانی بەتایبەتی کۆلاژ دەبینی لە ئاستی ئەواندایە .

**باهۆز مستەفا**

**( شێوەکار)**

**2017 /4/16**

● جێگای شانازییە لە وڵاتێکی پاشکەوتووی وەکو ئێمە هونەرێکی ئاوەها سەرهەڵبدا.

**بەختیار حەیدەر**

**( پارێزەر)**

**1999/6/2**

● تەنیا تۆی خەمی چاوەکان دەخۆی ، دەنا چاوەکان هەر خەریکی کۆکردنەوەی مەینەتییەکانن و کەس نازیان هەڵناگرێ .

**بەرهەم عەلی**
**( ڕۆژنامەنووس )**
**1999/6/19**

● دووەم جارە لە پیشانگای کاک نەژاد ئامادە دەبم جاری یەکەم لە هۆڵێکی بێ نازی سۆران دیمەنی هۆڵەکە بۆ خۆی کەڤاڵێك بوو لە ستایلێکی نزیك لەو دونیایەی کاک نەژاد.. دوای 12 ساڵ کە دێمەوە پیشانگاکەی ، کۆلاژەکان بۆ من وەك کرنۆلۆژیا وان ، قۆناغەکانی ژیانی 40 ساڵەی ڕابردووی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە لە خانووبەرە و هەیوانی لاتەریکترین گوندی کوردستانەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دواترین تەعاروفی کورد و دیجیتاڵ.

**بۆتان تەحسین**
**( ڕۆژنامەنووس )**

● له هەر تابلۆیەکدا چامە شیعرێکمان خوێندەوە ، له سووچی هەر یەکێکیاندا پارچەیەك له پەخشانی ڕۆمانێکمان بەرچاو کەوت.

**بۆتان جەلال**

**( شاعیر )**

● پاییزی چاوەکانم بینی ، ئەوپەڕی جورئەت و نوێخوازی...

**بێکەس حەمەد قادر**

**(شاعیر)** 1997/6/13

● له ڕووی جوانکاریدا کاك نەژاد زۆری بایەخ داوەتە هارمۆنیای ڕەنگە ڕەشەکان و ژیرانە بەکاریهێناون و تەعبیر له حاڵەتە دەروونییەکانی ئەم مرۆڤایەتییە سەرلێشێواوە دەکەن.

کاك نەژاد بایەخی نەداوەتە مجامەلە ، بەڵکو ئازایانە و ڕاستەوخۆ ئازارەکانی مرۆڤی بەرجەستە کردووە.

**تەڵعەت سامان**

**(نووسەر و دەرهێنەری شانۆیی)**

1997/6/12

● ئەم پیشانگایە لە هەر پایتەختێکی ئەوروپا بووایە دڵنیام زیاتریش گرینگی پێدەدرا..

**پاڵە باوانی**
**1999/6/20**

● جێگەی سەرسوڕمان بوو بۆ من چونکە هونەری کۆلاژ لەنێو کوردستاندا کەم هونەرمەند خۆی لێدەدات و شێوازێکی نوێی پیشاندانی دیاردەکانە .

**جەزا تۆفیق تاڵب**
**(مامۆستای زانکۆ)**
**2003/9/18**

● مەرج نییە تەنیا لە خەوندا حەزەکانت بێتە دی.. ئەوە ئەو تەکنیکە هونەریەیە هونەرمەند بە ئەزموونەوە تێیدا سەرکەوتووە و بووە بە ستایلێکی تایبەت بە خۆی .

**جەمال موشیر**
**(شێوەکار)**

● هیوادارم ئەم پیشانگایە بگاتە ئەوروپا و ڕێگا خۆشکەر بێ بۆ ئەوانەی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و هەندێ جار ڕاستەوخۆ ژانەکان دەردەبڕن.

**جەمشید حیدری**
**(نووسەر و مامۆستای زانکۆ)**
**1997 /6/10**

● اللوحات جميلة و رائعة ، لايعرف المرء كم من الوقت سهرت عليها وتعبت من اجلها ولكننا نمر عليها مرور الكرام ، وهكذا هي حال الفنان.

**جمعه جباری**
**(ڕۆژنامەنووس)**

● جۆرێك لە ڕەشبینی لە تابلۆكاندا بەدی دەكەم ، كە پێموایە ڕەنگدانەوەی ژیان و سیرەی كاك نەژادە .

**حامد محمد علی**
**(ڕۆژنامەنووس)**
**1999 /6/19**

● كاك نەژاد وێنەكانی شیعرن و شیعرەكانی وێنە ..

**حەسەن دانیشفەڕ**

**( شاعیر )**

● لێم قبووڵ كە پیرۆزبایت لێبكەم !
تەمەندرێژ بی بۆ خەمەكانی دی...

**حەسەن گەرمیانی**

**(هونەرمەند)**

**1997 /6/10**

● لە سیمای تابلۆكانت ناخی خۆم ، ناخی تۆ ، كتێبە ئەنفالكراوەكانی تۆ و كتێبە ئەنفالكراوەكانی خۆمم خوێندەوە.

**حەسەن یاسین**

**(نووسەر)**

**1997 /6/12**

● دەستەكانت خۆش بێت... مەرج نییە لە هەموو وێنەكان گەیشتبم ، بەڵام چێژێكی زۆرم لێیان وەرگرت.

**حەمە ساڵح فەرهادی**

**(نووسەر)**

**2017/4/16**

● جاری وا هەیە ئەوی لە بە یەکگەیشتنی دوو نیگادا دەگوترێت ، بە شیعرێکی جوان ناگوترێت ، زۆرجار ئەوی بە چاو دەتوانین بیلێین بە زار بۆمان ناگوترێت.. چاو کە لایەنی هاوبەشی تابلۆکان بوو چاویان ڕۆشن و دڵیان گەش کردمەوە .

**حەمە سەعید حەسەن**

**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

● نەژاد لەم کارانەیدا هەوڵی داوە لە دەرەوەی ڕیتمی شێوازی کۆلاژ کار بکات و ستایلێکی تایبەت هەڵبژێرێت ، جیا لە هەموو شێوازە باوەکان .

**حەمید جەمال**

**(شێوەکار)**

● تۆ بەو چاوانە شیعرت هۆنیوەتەوە ، چاوی ئێمەشت لە جوانی و خۆشەویستیدا تێر کرد.

**حەیدەر عبدالرحمن**

**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

**1999/6/19**

● چاوەکان چاوت بۆ هەندێ واقیعییەتی سەردەم ڕادەکێشێ لە ڕاستی ، لە خۆشەویستی.. هیوادارم وێنەی ئەم پیشانگایە زیاد بێت.

**حسین شەریفی**

**( هونەرمەند )**

● نەژاد لە کارە هونەرییەکان و شیعرەکانیدا هەمان نەژادی ڕۆژنامەنووسە کە کار بۆ بەهای مرۆڤایەتی دەکات و کەسە لابەلاکان دەخاتەوە مەودای ژیانی خۆیان .

**خالید جوتیار**
**( نووسەر و شاعیر )**

● ئەگەر ژیان لەم جۆرە داهێنانەوە بەدوور بێت باوەڕ بکە زیندەگی هیچ جۆرە تام و چێژێکی تێدا بەدی ناکرێت . پیرۆزبێت نەژاد ، بەردەوام بیت لە هاوارە بێ دەنگەکەتا...

**خوسرەو جاف**
**(نووسەر و هونەرمەند)**
**1999/6/20**

● نەژاد...
ژەنیاری ژانێکی ژییاریی ، ئەمڕۆ و دوێنێی مرۆڤە..

**دارا محمد علی**
**(شێوەکار)**
**2017/4/17**

● سەیرم لەوە هات چۆن بە چاوی ژن ئەو هەموو جوانییەت دیوە ؟! ئەوە بەهرەیەکە هەموو کەس ناتوانێ. بەشێکی ناسکی کارەکان بۆ ئەو جۆرە هەستە ڕەنگە بگەڕێتەوە.. شیعرێکی ڕەنگین و شیرینی برای خۆم خوێندەوە .

**دڵشاد عەبدوڵلا**

**( شاعیر )**

**201 /4/20**

● کاری جوان و سەلیقەی جوانم بینی کۆلاژ بۆ خۆی پێویستی بە خولیا و سەلیقەیەکی هونەری هەیە.. تۆش توانیوتە ئەو چێژە بخولقێنی..

**دلێر محمد شریف**

**(شێوەکار) 2017/4/16**

● بديع.. بديع .. بديع بكل معانية فيها فن رائع من الخطوط من اللون من الشكل من كل عنصر الفني روعة وجمال وقيمة غني بالفكر وغني بالحداثه والتجريد وجمالية الفن الراقي.

**ڕازاوە معتصم عارف چنگیانی**

**(شێوەکار)**

**2003/9/17**

● تابلۆکانت جیا لە پیشانگەکانی دیکە باس لە ئازارەکانی مرۆڤ دەکات ، نەك تەنها سرووشتی کوردستان نیشان بدەی بەڵکو ئازارەکانی مرۆڤی کوردستانیش.

**ڕەسول بەختیار**

**( نووسەر )**

**2017/4/16**

● تابلۆکان پڕبوو لە دەربڕینی شاعیرانە ، ئەو دەربڕینانەی پاشینەیەکی شوێنەواریان هەیە.. پڕیەتی لە یادگاری سەردەمی پێشان و سەردەمی ئێستاش.

**ڕەوەند محەمەد جەمیل**

**( ڕۆژنامەنووس )**

**2017/4/17**

● لە لایەنی تەکنیکەوە زۆر سەکەوتووە ، ڕەنگدانەوەی شیعریی زۆرتر بەسەر تابلۆکانەوە دیارە.

**ڕزگار فقێ عەولا**

**(شێوەکار)**

**1999/6/19**

● چاوەکان لە بەرهەمەکانی کاك نەژاد شایەتی نهێنی و گۆڕانکارییەکانی ئەو سەردەمەن کە لە پەنای ژیانی ڕۆژانەدا خۆیان حەشار داوە .

**ڕۆژ نوری شاوێس**
**(سیاسەتوان)**
**1999/6/19**

● کاك نەژاد توانیوویەتی لە میانی ئەم تابلۆیانە حاڵەتێکی درامی نوێ نیشان بدا کە ئەمەش کردارێکی پڕۆژەییە لە هونەردا .

**ڕۆستەم باجەلان**
**(نووسەر و شاعیر)**
**1999/6/22**

● تابلۆکان (ئومێد ، ئاسۆ ، ژیان ، ژیانەوە ، ژێردەستی مرۆڤ ، دلڕەقی ، ڕێگا ، شەپۆلی ژیان ، گۆڕان ، وێرانە ، حەقیقەت ، ڕەهایی ، گەشبینی، ڕەشبینی ، ناعەدالەتی و زۆر شتی تر دەردەبڕن. لە نێویاندا ئەوەی سەرنجی زیاتر ڕاکێشابم تابلۆ بێ ژمارەکە بوو ، کە مرۆڤ دەیەوێ جیهان بە ئارەزووی خۆی بگۆڕێ ، دیارە بە زەبر و زەنگ.

ڕەنگە مەرامەکەشی (پاك) بێت ، بەڵام هەمووی داوەتە بەر چەقۆ و توێکڵی ڕادەماڵێ ، بەرەو کوێ ؟ بەرەو نازانێ !. ئافەرینت پێ دەڵێم بۆ ئەو هزرە قووڵەت... بۆ داهێنانت ..

**ڕێبوار یەڵدا**
**( سیاسەتوان و ڕۆژنامەنووس )**
**1995/10/1**

● بابەتەکان گوزارشت لە ڕوئیا شیعری و هونەری و کوژانەوەی خەون و سەرەتای کۆتایی مێژووی بیرەوەرییە جوانەکانە.. دواتریش ستەم و مەینەتی گەلەکەمانە.. کارەکان بوعدی زاتی شاعیرانە و خەمە قووڵەکان و مەینەتی گەلەکەمان زاڵترە بەسەر تەکنیك و ئیستاتیکای هونەر... کاتێ کە شیعر هەناسە نەدات ، خۆی نەزۆك ناکات.. ئەو کۆلاژانە دەبنە دەربڕی هەست و خەیاڵە نیگەرانەکان ..

**ڕێدار ئەنوەر**
**( نووسەر )**
**1997/6/12**

● هارمۆنییەت لە ڕەنگەکاندا یەکجار بە پتەوی کاری لەسەر کراوە. وردبینی و وردەکاری لە کارەکاندا و پاکیی فەزای کۆلاژەکان ، شیعرییەتی ماناکان.. ئەتمۆسفیرێکی تایبەت.

**زانا خەلیل**
**(شاعیر)**
**2017/4/16**

● بێگومان ئەو ڕۆشنبیرییە ئەنسکلۆپیدیایەی کاك نەژاد ئەم داهێنانەی لێ چاوەڕوان دەکرێت. سەرجەم تابلۆکان دەربڕی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەوارین ، باسی پرسی چەوسانەوەی ژن زاڵە تیایاندا کە پرس و کێشەی هەرە سەرەکی کۆمەڵگەکەمانە .

**سادق ڕوستایی**
**( مامۆستا ) 2017/4/20**

● چاوەکانم خوێندەوە.. هونەر بوون بەڵام شیعریش بوون ، ئەمەش حاڵەتێکی تەبیعییە بۆ ئەو کەسەی نەژاد بناسێ .

**سامی شۆڕش**
**(شاعیر و ڕۆژنامەنووس)**
**1999/6/19**

● اعمال في غايته الروعة والجمال من خلال كولجة ميكانيكية اللون والكم الهائل في الافكار المعبرة عن احساس الفنان المرهق ودمج الفكر والمواضيع في اطار صغير لافكار كبيرة ..
وأجمل مافيها العوده اللالوان الاسود والابيض وقدم الاحرف الجليلة في معظم اللوحات ونقاء الابيض ودمجها مع باقي الالوان بحرفية كبيره ودقة متناهية لايصال مجموعة افكار واحاسيس الذي يعيشها الفنان المتألق الى جموع المشاهدين.

**سبهان الغبشه**
**( شێوەكار )**
**2017/4/18**

● به هیوام ئەمەش نامەیەكیتر بێت بۆ گەیاندنی پەیامەكەت ، ئەودەمەی من لەنێودارو پەردووی ئێوەدا بەدوای گوڵدا دەگەڕام بۆتم دۆزییەوە خۆم لە عەدەمەوە هاتبووم.

**سەرداری خۆشنووس**
**(زانكۆی سەلاحەدین)**

● له كەرنەڤالێكی چڕ و پڕ كارەساتدا ، سیماكان دەبنە ڕووخسارێكی شێواو و خۆیان بەیەكدا دەدەن لە ئەنجامی مردنی چركە تێكشكاوەكانی زەمەندا كە بە هێمنی شاعیر نەژاد عزیز سورمێ لێیان دەدوێت ، بۆ بەرجەستەكردنی ئەو خەونە وەنەوشەییانەی لە واقعێكی تاڵ و وشك و لاتەریكدا كەشی خۆیان نادۆزنەوە و بە ناچاری بەرەو ناو جیهانی تابلۆ كۆلاژەكانی ئەم پیشانگایە كۆچ دەكەن .

**سەردەم**

**(هونەرمەند و كاریكاتێریست)**

**1997/6/14**

● كاك نەژادم لە (نووستوی بەرباران)ـەوە ناسی ئەمجارەش لە نووستنی بەر گەڵاكانی پاییزی چاوەكان .

شاباش .. جەمەدانییەكان جوان بوون .

**سەركەوت ڕەسووڵ**

**( شاعیر )**

**1997/6/12**

● ناوەرۆکی تابلۆکان زۆر قووڵن و بەدیتنیان شادبووینەوە و شیعری پاییزی چاوەکان پڕ بە پێستی ئەم پێشانگایەیە . تابلۆیەکان بارودۆخی ئێستای کوردستان و معاناتی میللەتەکەمان لە هەموو بوارەکاندا زۆر بە چاکی نیشان ئەدەن بە هیوای ئەو ڕۆژە.. تابلۆیەکانی بەڕێز کاك نەژاد بەگشتی داوامان لێدەکەن هەر کەس لە ئاستی خۆیدا تاریکییەکان لابدات.

**سەرکیس ئاغاجان**
**( سیاسەتوان )**
**1995/10/2**

● نەژاد گیان دەستخۆش. بەڵام باوەڕبکە هەروا نامراد دەبین ، ئەو چاوانە هیچ مجالی هەڵهاتنیان بۆ نییە... لە کۆتایی پیشانگاکەدا تابوتێك کەم بوو.

**سەرۆ قادر**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**

● دەمێکە ئاشنای دونیای نەژاد عزیز سورمێ ی
شاعیر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسم.
شاعیری شوێن پەنجە دیار ، وەرگێڕی زمان پاراو
رۆژنامەنووسی بوێر ..
بەڵام نەمدەزانی بەهرەیەکی دیکەی تر لە ناخی
ئەم مرۆڤە ماندووەدا هەیە ..
دەستخۆش نەژادی برا بۆ داهێنانەکانت ، بۆ
کۆششە نەبڕاوەکانت .. بۆ سەلیقەت ، بۆ
وردەکاریت..

**سەعدوڵڵا پەرۆش**
**( شاعیر و ڕۆژنامەنووس )**
**1997/6/10**

● ماندووبوونێکی زۆر ، ئاستێکی هونەری بەرز و
داهێنەر.. هەزاران دەرگای جیاجیا و بۆچوونی
ڕەنگاو ڕەنگ بۆ بینەر دەخاتە سەرپشت.. ساتێکی
خامۆش و پڕ ئەندێشە ، چوون بۆ (صەومەعە)ی
فیکر و قووڵایی خەیاڵی بێ سنوور..

**سەعدی بەرزنجی**
**(مامۆستای زانکۆ)**
**1999/6/22**

● لەم پیشانگایەدا هەموو ئێش و ئازاری مرۆڤم بینی ، جوانی و ئیستاتیکاش دوو چەمکی گرنگن و بەرەو جیهانی سەرمەدیمان دەبەن.

**سەلاح عومەر**
**(چیرۆکنووس)**
**1999/6/19**

● ماندوو بوونی پڕ لە سەلیقە و وردەکاری.. تەوزیفکردنی چاو بەسەر ڕووداو و حاڵەتەکانی ژیان.. داڕمان و مەرگەساتەکانی سەما.. بەرجەستەکردنی گەورەیی ئافرەت.. پێگەیشتنی ڕوئیایەکی فەلسەفی و ستاتیکای لێکەوتووتەوە .

**سەلاح مەزن**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**
**1999/6/24**

● چاوەکان (گریان ، نهێنی ، توورەیی ،
ڕاستگۆیی و هێمنی)... وەکو تیشك شەپۆلیان لە
لێواری هەستی بینەردا ئەشلەقاند.

**سەیران سەلاح**
**(ڕۆژنامەنووس)**
**1995/10/4**

● ئەوەی لە تابلۆکانم خوێندەوە هەستی ناسکی
هونەرمەندە کە شەقڵی بە هەموویانەوە دیارە.
دەربڕینی واقیعی ئێستای کوردستان ، معانات و
دەردەسەری خەڵك . سەرەڕای ڕەشبینی بەڵام
تروسکەی هیوا و ڕووناکی لە سایەی ئەم
هەلومەرجە مەئساویە ون نەبووە.

**سعد عبدالله**
**(سیاسەتوان)**
**1995/10/1**

● انه رمزي مبتعد عن اسلوب المباشرة..
يعبر عن الحلم واشكالات الحياة.

**سعدالله سيد نبى**
**1997/8/12**

● جيهانى هونەر دەرياية..
ئێوەش بەم كارە جۆگەلەيەكتان بەرداوەتە سەر دەريا.. دەستتان خۆش.

**سعيد خەتات**
**( نووسەر و هونەرمەند )**

● ئێمە هەميشە دەبێ بەدواى شتە شاراوەكاندا بگەڕێين ، تەنيا گەڕان دەمانگەێنێتە كەنارى با ، بەڵام هەمديسان ناتوانين هەموو شتە شاراوەكان ببينين ، جا ئەوەى ديش ناتوانين باسيان بكەين يان هەر دەبێ بە شاراوەيى باسيان بكەين.
دەست و پەنجەكانت نەڕزێن سەليقە و خوڵقێكى جوان و باشت هەيە.
●

**سمكۆ عبدالكريم**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**2017/4/18**

● کارەکانی پێشووتانم بینیوە کە کلیل وەکو
کەرەستەیەك بۆ گوتاری هونەری تێدا زاڵە .
لێرە شتێکی نوێم بینی واشەر و قۆپچە .
دەبووایە پشت بە کەرەستەی خۆماڵی ببەستی .
دابڕانێکی نوێ بوو لەگەڵ پێشوو ..

**سمکۆ محەمەد**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**
**2017/4/16**

● ئەم پیشانگایە بابەتێکی نوێیە لە جیهانی
هونەری کوردیدا.. کاك نەژاد ڕاستگۆیانە ئێش و
موعاناتی مرۆڤی خستۆتە ئەم قاڵبە هونەرییەی
کە هەرگیز بینەر ناتوانێت لە بیری بکات..
ئافەرین بۆ ئەم هەڵبژاردنە زیرەکە.

**سۆران عزالدین فەیزی**
**(نووسەر)**
**1999/6/19**

● عالم فنطازي يتحاور مع رؤيا المتفرج.. عيون المرأة اخذت أثر المسامات.. وحتى لو اعتبرناها من منظور الجماليات ، فان هناك مفردات اكثر جمالاً من عيون المرأة .

**سونيا صديق**

**(ڕۆژنامەنووس)**

1997/6/10

● لەم پیشانگایەدا چەندان کۆپلەی شیعری جوانم دی کە تەعبیر لە ئێش و ئازارە هەمیشەییەکان دەکەن.. شیعرئامێز.. پڕ لە بەها.. بەم شێوە پڕ لە جەمالیەتە.

**شەرمین ئەحمەد**

**( ڕۆژنامەنووس )**

1997/6/13

● کاك نەژاد خەمێکی گەورەی بە کۆڵ دادەوە ، دەگاتە ئەو ئاستەی سەگیش بە دەنگ بێنێ و جارێکی دیکە بە چاوی بنیادەمی دابداتەوە کە پێویستە خیانەتی خۆی و وەفای سەگ لەبیر نەکا و لە یەکیان جیابکاتەوە..

**شەفیقی حاجی خدر**

**( نووسەر و وەرگێڕ )**

2017/4/16

● ژیان لە چوارچێوەی چاوەکان و
ڕوانین بۆ دوارۆژی ژیان و
وەفای ئاژەڵەکان بۆ مرۆڤ و
ئاوارەیی و ئازادی بۆ ژیان ..

**شوان سلێمان**

**( مامۆستای زانکۆ )**

**2017/4/18**

● لە دیدی چاوەکان .. کارە کرێتەکانیش زێدە
جوان نیشاندراون ، جگە لە هەموو گومانە
ڕەواکان .

**شوان محمد**

**( سیاسەتوان )**

**20 /6/ 1999**

● ئێمە بە چاوی خۆمان سەیری چاوەکانمان
کرد بەڕاستی جێگای شانازییە هونەرمەند
ئەوەندە خۆی ماندووکردووە و ئەگەر بە وردی
مرۆڤ سەیری بکات هەمووی گرنگە و خزمەتە
بە زانین و زانیارییە بەڵام بەداخەوە لە
ڕووبەری زۆر لە (تابلۆکان) نەگەیشتین..

**شێخ ڕەزای گوڵانی ( پێشمەرگەی دێرین )**
**عەبدوڵڵا پشدەری ( پێشمەرگەی دێرین )**
**سەلیم پشدەری ( پێشمەرگە )**

● بابەتێکی نوێیە و ڕەنگە دەرگای بەهرە لە چەندین کەسی تر بکاتەوە.

**شێرکۆ بابان**

**(مامۆستای زانکۆ)**

**1999 /6/24**

● ئەمە ئەوپەڕی خۆشەویستی کاك نەژادە بۆ خاك و گەلەکەی ، ئەوپەڕی پەرۆشی نیشاندەدا کە تا چەند تامەزرۆی ئازادییە .

**صباح بيت الله**

**( ڕۆژنامەنووس )**

**1999/6/21**

● کاك نەژاد تەوژمێکی هونەری لە ناخیدا هەیە و زیرەکانە هەنگاو هەڵدێنیّ..

**چەتۆ حەسەن**

**( ئەکتەر و شێوەکار )**

● وردەکاری کۆلاژەکانت هیچ لە ڕەنگ و ڕووی خۆتەوە دوورنین.. هەمووی یەك واتا دەگەیێنن..

**گرفتار کاکەیی**

**(شێوەکار و کاریکارێتریست)**

**1999/6/20**

● هونەرمەندێك لە دوورەوە هاتووە ، هەوڵ دەدا تاقیکردنەوەی خوێمان پێشان بدا .. بە وردی تەماشای پیشانگاکەتم کرد ، گرینگیدانت بە بابەت و ڕەنگ سەرنجی زۆرتر ڕاکێشام ، هەروەها ئەو دەربڕینە جوان و مانادارانەی بەرگریتان لە ژن کردووە جێی ڕێزو تەقدیرە.

**گولیزار کیلیچ**
**( شێوەکار )**
**ئەنقەرە- 2015/6/13**

● مرۆڤی نێو سەرجەم تابلۆکانی ئەم پیشانگایەی کاك نەژاد خاوەن کێشەی زەوی خۆیەتی ، بەڵام لێهاتوویی خاوەن ئەم پیشانگایە لەوەدایە بایەخێکی زیاتر بە کێشەی مرۆڤی کورد دەدات بێ فەرامۆشکردنی بایەخدان بە کێشەی مرۆڤایەتی.

**عادل گەرمیانی**
**(مامۆستای زانکۆ)**
**1999/6/20**

● كۆلاژ.. توانەوەی هونەرەكان لەناو یەكتردا و لە دایك بوونی هونەرێكیتر كە گیانی هونەرەكانە.. تازەكارییەكی جوانە..

**عبدالخالق سەرسام**

**(شاعیرو نووسەر)**

**1997/6/4**

● زۆر بە وردی توانیوتە ناخی ژیان دەربڕی...

**عبدالرحمن حەمە كەریم**

**(شێوەكار)**

**1999/6/19**

● استطاع الشاعر ان یترجم شاعریته الحساسة الى هیكل مرئي عبر اشكال ودلالات كثیفة ومركزة ، واحیانا مختزلة كان الانسان محورها.. اختیار المواضیع یعتبر بحد ذاته ذكاءاً .

**عبدالرحمن وحید كلحو**

**( شێوەكار )**

**1997/8/15**

● كارەكان ئەزموونی پێوە دیارە ، هەروەها لایەنی جوانی و ڕەخنەیی شاراوەشی پێوەیە ، بە ڕێكوپێكی پێشكەش كراوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسوڵ**

**(شێوەكار)**

● حبذا لو استطاع القادة السياسيون معرفة ، او محاولة معرفة ، لماذا يكون اديب مثل كاك نژاد يعرض لنا لوحاته بكل هذه النظرة العميقة في السوداوية ؟ مع المحبة والامل اهنئ كاك نژاد على معرضه المعبر.

**عبدالموجود طه**

**( نووسەر )**

**1997/6/11**

● ئێمەی برادەرانی وێران و تێکڕایی شکڵخوازەکان بە نەژادەوە ئاهەنگدارین کە بە تاقی تەنیا ئەم هەولانەی دروستکردووە و دەڕژێنە ناو هەموو ئەو هەولانەی تاقە کەسی و گرووپەکی شاعیر و شێوەکارانەوە کە ئاستێکی شیاو و نوێ دەبەخشن ، تاکو بوونایەتیمان بە مانا بێت.

**عەباس عەبدوڵڵا یوسف**

**( شاعیر و ڕۆژنامەنووس )**

● ئەگەر چاوەکان وەك خۆی شتەکان ببینن ڕەنگە هەموو شتەکان جوانی و پاکی و خۆشبەختی بهێننە ئاراوە.

**عەباس غەزالی**

**(سینەماکار)**

● چاوەکان لای نەژاد لە مانگەشەو ، کەلاوە ، فەزا دەڕوانن.. لە بەرامبەر سووریی خوێندا لە سەوزایی دەڕوانن .

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**
**(نووسەر)**
**1999/6/19**

● کاری کۆلاژ کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە هەموو هونەرمەندێك بتوانێت خۆی لێبدات.. بەم ئاراستەیە بڕوات من هەست دەکەم لەم پیشانگایەدا بە ڕووی سۆزی خۆشەویستی مرۆڤایەتی دوور لە ئەشکەنجە بە ڕووی دنیای چاوەکانم دەبات.

**عەبدولموتەلیب گەردی**
**(شێوەکار)**

● ئەم پیشانگایە لە هەموو ڕوویەکەوە نوێ و جوان بوو ، لە هەمووی نوێتر ئەوەیە کە خاوەنی پیشانگا ئامادە نەبوو .

**عەتۆ زێباری**
**( پێشمەرگە )**
**1997/8/15**

● جارێکیتریش لە ناخی دڵمەوە پیرۆزبایت لێئەکەم کە بە توانایەکی هونەری باڵاوە توانیوتە بەشێکی زۆر کەمی کارەساتی میللەتەکەمان بە هەندێك پێچ و پەنا بخەیتە ڕوو... لە ئەنجامدا هەموومان بڵێین: خوا بمانپارێزی لە دەست کردەوەی خۆمان .

**عەلی جاف**
**(سیاسەتوان)**
**1995/10/3**

● بیرۆکەیەکی سەرکەوتووم هاتە پێش چاو وا دەزانم لەم جۆرە ئیشە سەرکەوتووانە دەگمەنن- لە کوردستاندا بۆیە دەڵێم دەستخۆش و سەرکەوتوو بیت لە کارەکانی داهاتوودا ، تەنیا سەرنجێکی بچووکم هەیە - ئەویش تەرخانکردنی ئەو ڕەگەزە جیهانیانەیە بە شێوەیەکی زیاتر لە تراثە کلتوورییەکەی کوردستان و مەسەلە ڕەواکەمان.

**عەلی جۆڵا**
**( هونەرمەند )**

● هەموو تابلۆکانم بینی... مانادار و سەرنجڕاکێش بوون... هەستمکرد هەریەکەیان هەڵگری خەمێکی گەورەی ناخت بوون... دڵنیام خەمەکانی تۆش خەمی نەبڕاوەی میللەتێکە.
●

**عیسا حوسێن**
**( شاعیر )**
**2017/4/18**

● ژیان بە شیعری جوانەوە جوانە ، نابێت بە گوللە و شەڕ پیس بکرێت.

**غازی حەسەن**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**1995/10/1**

● ئافەرین بۆ کاك نەژاد کە لە پارچە و پووچەو بڕشتەکانی ژیان توانیویەتی و دەتوانێ دووبارە ژیان وەك خۆی بەرجەستە بکاتەوە و جوانتر و خاوێنیتر لە جاران پێشانی ئەو ئاوەزە نووستوانەی بداتەوە خۆیان لە ژیان گێل کردووە یان هەر بۆخۆیان گێلن..

**غەریب پشدەری**
**(شاعیر)**
**2017/4/16**

● کارەکان زۆر سەرنجڕاکێشن ، واشەر ، پێی ژن ، قۆپچە ، زولمی مرۆڤ ، ئێلمنیتی سەرەکی ئەو کارە جوانانەن.. کە بێگومان ئینتباعێکی Impressionێکی زۆر خۆش لای مرۆڤ جێدەهێڵێ.

**غياث الدين نقشبندي**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**2017/4/17**

● بابەتێکی زۆر گرینگ و زیندووی هەڵبژاردووە کەم کەس توانیوویەتی خۆی لە قەرەی حیوارە بێدەنگ و چڕەکانی بدا ، هیواو زیندەخەونەکانی تیا ڕەنگ دەدەنەوە ، ژانی گەورە کە زمان لە ئاستیاندا لاڵە.

**فارس سەعدی**
**(فۆتۆگرافەر)**
**1999/6/23**

● پیشانگای ئەمڕۆ جێگای سەرسووڕمانە ، خۆزگە بمانتوانیبا وەکو کاك نەژاد تابلۆکان بخوێنینەوە کە تەعبیر لەچی دەکات.. ئەمەش جیاوازییەکی سرووشتییە لە نێوان هونەرمەند و خەڵکی سادەی وەك ئێمە.

**فازڵ میرانی**

**(سیاسەتوان)**

● لە ڕێگای کاك نەژادەوە شارەزای هونەری کۆلاژ بووم. بەڕاستی شتێکی تازەی هونەرییە و مانای گەورە دەبەخشێ و دوورە لە شێوازی تەقلیدیەت.

**فەرهاد عەونی**

**(ڕۆژنامەنووس)**

**1999/6/22**

● هەموو جارێ کاری جوانترت دەبینم ، پاك و ڕووناك ، گوزارشتئامێز ، هەموو ئەوانە دوێنێ و ئەوڕۆی جوانترمان پێ نیشاندەدەی .

**فەرهەنگ غەفوور**

**(هونەرمەند)**

**16ی ئاپریل 2017**

● چاوەکان دەڕوانن..
هەندێکی زەق ، هەندێك خەواڵوو ، هەندێ
غەمگین ، هەندێ ئومێدەوار ، هەندێ بێ
ئومێد.. ئەو چاوانە پەندێکی عیرفانی دێنێتەوە
یاد ، کە هەمیشە (چاوێك) هەیە لە هەر سات و
کاتدا چاودێر و چاوەڕوانە.
لەم پیشانگایەدا: جیا لە ناوەرۆکی دیکەی گشت
تابلۆکان ، ئەو چاوانەم لەلا سەیر و بە سەرنج و
بە بایەخە !
ڕێگای هات و نەهات لە کوێوە سەر دەردەکات؟
(چاوەکان) گەواهی حەقیقەتی وجود دەدەن ،
ئەوانەی کە هەمیشە دەڕوانن و دەبینن و
شایەدی ئێمەن.. شایەدی ئەم وجوودەن..!

**فەلەکەدین کاکەیی**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**
**1997/6/10**

● له فۆلدەری ئەم پیشەنگایەدا ، چەند تێبینی و هەڵسەنگاندنی چەند ڕۆشنبیرێکم خوێندەوە ، پێموابوو ، لەوانەیە ، جۆرێك لە مبالغەی تێدا بێت ، بەڵام کە تابلۆکانم دیت ، گەیشتمە ئەو قەناعەتە ، کە ئاسان نییە ، بە چەند پەیڤێك پەسنی ئەم داهێنانە بکرێت.
پێمواية کۆلاژ لە هونەری (السهل الممتنع)ـە کە کاك نەژاد زۆر بە جوانی ، بە قووڵی ، کاری تیاکردووە و کاری تازەی بەرهەمهێناوە.
زۆر خۆشحاڵم بە دیتنی ئەم پیشەنگایە.

**فەتاح زاخۆیی**
**(سیاسەتوان)**
**2003/9/17**

● في معرض الرياح والعابها الخفية للزميل نژاد ، الكثير من الشعر ، تجانسات وتوفيقات وتوليفات في العلاقة بين اشياء اللوحات. ورموزها كادلة لصياغة شعرية مختلفة عبر كولاج ذكي ، ذي حساسية شعرية رهيفة.. ضرب من ديوان جديد. وشعر جديد ، سيخدم الصورة او يشحنها من

خلال علاقات يبتكرها بطاقة شعرية هائلة.
وغنائية عذبة. وتعبيرية بعيدة...يشحنه من
خلال علاقات يبتكرها بطاقة شعرية هائلة ...

**فخرى امين**
**مجله الصحفى**
**2017/4/15**

● پیشانگاکه جێی سەرسوورمان بوو ، بەڵام هیچیشم سوود لێ وەرنەگرت.. لەو بڕوایەدام تەنیا خوا و کاك نەژاد سەریان لە کارەکەی کاك نەژاد دەردەچێت .

**فرەنسۆ حەریری**
**(سیاسەتوان)**
**1999/6/22**

● في زيارتي لمدينة السليمانية سرني وجود معرض فني للأخ نژاد عزيز سورمي. أعبر عن سعادتي وتثميني للجهد الرائع والدقيق ، والذوق الرفيع لزميلي وأخي كاك نژاد.

**فؤاد حمه خورشيد**
**(مامۆستای زانکۆ)**
**كليه الاداب/ جامعه بغداد**
**2003/9/18**

● هەندێکیان هەست ناکەیت تەنیا کۆلاژە ، بەڵکو زیاتر لە هێلکاریی دەچێت کە خۆت کێشابت ، جاران تەنیا چاو ئیمپڕاتۆر بوو لەناو کۆلاژەکاندا ، بەڵام لە پیشانگای ئەمجارە (پێ) زیاد بووە ، ئەمەش دەمانباتەوە ناو جیهانێك کە ڕێك گوزارشت لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئینجا ڕووناکبیری ئەم هەرێمە دەکا .

**فوئاد سدیق**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**2017/4/20**

● تۆ شیعر و ئاوازی (سمعی)ت بە (مرئی) نیشاندایِن .

**فیصل عوسمان**
**( هونەرمەندی تەشکیلی )**
**1999/6/22**

● ئاستی ئەم پیشانگایەی کاك نەژاد لە کوردستان کەموێنەیە ، ئەتوانم بڵێم لە ئاستی عێراقیش. لە دەرگایەکی بەرین چووەتە ناو

هونەر و لەوێوە دەڕوانێتە ئایندەی سیاسی گەلەکەمان. سەرنجڕاکێشان و ڕاچەڵەکاندنیشی تێدایە.

**قادر جەباری**
**(سیاسەتوان)**
**2003/9/17**

● کۆمەڵە هێمایەکی کۆکردۆتەوە ، تابلۆی گوزارشتکەری ، ئاراستەکەری ، دروستکەری لێ داڕشتووە.

**قاسم محمد مستەفا**
**( نووسەر )**
**1999 /6/2**

● ئەم کۆلاژانەی کاک نەژاد پێکهاتەی شێوەیەکی ئەدەبی و هونەرین ، هەرچەندە لە ڕووی شێوەکارییەوە ئەو تایبەتییەی داڕشتن و بەهرەی هونەری بە مانای نیگارکێشان ناگەیێنێ. دەستخۆشی لێدەکەم.

**قەرەنی جەمیل**
**(شێوەکار)**

● ئەگەر ئەو چاوە یەدەگانەی نێو کۆلاژەکان نەبوونایە مەحاڵ بوو ڕێیە تاریك و ئاڵۆزەکان بدۆزینەوە ، ئەو چاوانە پڕ بوون لە سیحری نهێنییەکانی ئافرەت ، نهێنییەکانی سرووشت ، جەستە ، خۆمان ، ئەوان ، تا دەگا بە خوداش من تەنیا لەو چاوانەدا زۆر شتی نامۆم بینی زۆر شتی جوان وەك جوانییەکانی ئافرەت وەك هەر جوانییەك کە بە دوایەوە وێڵین سوپاس بۆ ئەو چاوانە کە هەموو جارێك شتی جوانمان پیشاندەدەی.

**کاروان عەبدوڵڵا**
**(نووسەر و ڕۆژنامەنووس)**

● پیشانگا (پایزا چاڤا) یێ خۆ ل گەلەك بابەتێت پڕ بایەخ دای و گرێدانا هزر و بوچونێت مرۆڤی و ژیانا وی بە ڕەنگێت هونەری یین جوان .

**کاروان ئاکرەیی**
**(ڕۆژنامەنووس)**
**1997/8/12**

● وەك تابلۆ ، زۆرم پێ جوان بوو. تەواوکەری شیعرەکانت بوو. بەڵام لە زۆربەی تابلۆکان نەگەیشتم.. ئەویتریش خۆم مانام بۆ دانان..

**کاکەمەم بۆتانی**
**(چیرۆکنووس)**
**2017/4/16**

● لە عەشقەوە دەست پێبکەم ؟ یان... وەڵامێك بدەمە دەست ئەو پرسیارەی لە چاوی ناو تابلۆکانەوە ئەیخوێنمەوە !!
بێدەنگی و تەنیایی و باران لەگەڵ سەربڕینی شەوێکی دوور و درێژ و شەودادڕدا توێشەبەرەن بۆ پیشانگای کۆلاژ !!

**کامیل فەخرەدین**
**(ڕۆژنامەنووس)**

● مجامەلە ناكەم ئەگەر بلێم ئەمە بۆ یەكەمین جارە پیشانگایەك لەم جۆرە كارە هونەرییە پڕ بەهایانە دەبینم كە تەواو شەلاڵم بكات لە بەهای جوانی ، بەهایێك بابەت دروستی نەكات بەڵكو لە پشتی ئیشی دەست دروست دەبێ كە فیعلی دەستێك دروستی دەكات ئەنقەستی هونەری تیایە ، ڕەنگە لەم كارە كۆلاژبەندیانەی نەژادی شاعیر وەك هونەرمەند هەر خۆی مەبەستی سەرەكی ئەوە بووبێ پێمان بڵێت كاری گەمەی جوانی لەوە دایە هەتا چاوەكان هەتەر بكەن دەبێ ئاگایی بە سەرپشتی (ترقب)ـەوە بنێرین لەمەدا نەژاد -معادل موضوعي- بۆ شیعرەكانی دروست كردووە. دەستخۆشی لێدەكەم ... لە ناخی دڵەوە گەشامەوە .

**كەریم دەشتی**
**(شاعیر و نووسەر)**
**1997/6/10**

● هونەری کۆلاژ بەڕای من ئەو کارەی زۆر بە زەحمەت پەیدا دەکرێ ، بەلای هۆگران و ئارەزوومەندانی خۆیەوە نەبێت ، ڕەنگە زۆر بە کارێکی سانا تەماشا بکرێت ، ئەمەیە کارەساتەکە. دەتوانم بڵێم چۆن لە بواری شیعردا جۆرە شیعرێك هەبوو پێیاندەگوت (سانای زەحمەت) (السهل الممتنع) ، ئەم کۆلاژانەش هەمان پێناسە و بگرە زەحمەتتریشیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

**کەریم سۆفی**
**(نووسەر و وەرگێڕ)**
**2017/4/18**

● لەگەڵ کاك نەژاد بیست ساڵ لەمەوبەر لە سەنگەری کوردایەتی یەکترمان ناسیوە..
ئەوکاتیش ئەو چاوانە هەستیان بە کەموکوڕی و کەلێنەکان دەکرد..

**کەریم لهۆنی**
**(نووسەر)**
**1995/10/4**

● تابلۆكانی كاك نەژاد پەیامبەخشی ئاواتەكانی ئێستاو داهاتوومانە بۆ ژیانێكی بەختیار..
ئومێد دەكەم لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە هەوڵ بدرێت ئەم جۆرە پیشانگایە سەركەوتووانە بگوێزرێتەوە هۆڵی وڵاتانی دەرەوە.

**كەمال حەسەن چاومار**
**(سیاسەتوان)**
**12 /1997/6**

● نەژاد لەو تابلۆیانەیدا توانیویەتی گرەوی هونەر بباتەوە.. تابلۆكان بەشێوەیەكی هونەری بەرجەستە كراون.

**كەمال غەمبار**
**(نووسەر و رەخنەگر)**

● هیوادارم چاوەکان هەر گەش بن.

**کرمانج عەبدوڵلا**
**(شانۆکار)**

● فریای زۆر لە ئازارەکان کەوتووی و توانیوتە سەرنجی بینەر ڕاکێشیت خۆی لەو ئاوێنە بێگەردانەدا بدۆزێتەوە..

**لالۆ رەنجدەر**
**(هونەرمەند)**
**1997/6/11**

● ئێوەی نەوەی داهێنەر ، هەڵگری مەشخەڵی ڕۆشنبیرین بۆیە پێویستە بەردەوامی بە داهێنانەکانتان بدەن .

**لوتفی فەتاح لەتیف**
**2017/4/17**

● انه مدعاة سرور ان نشاهد معرضاً متخصصاً بالكولاج الذي هو فن شامل ورائع.. الى مزيد من الابداع ..

**لطيف نعمان**
**(شانۆكار)**
**1997/6/11**

● له بەشێکی گەیشتم ، له هەندێکی نەگەیشتم ئەوەی تێینەگەیشتم پێمخۆشتر بوو.

**مارف خەزنەدار**
**( نووسەر و مامۆستای زانکۆ)**
**1999/6/23**

● نەژاد گیان ، سڵاو و پیرۆزبایی ، ماڵی ئەمەریکا ئاوەدان بێ سنووری نێوان هەولێر و سلێمانی پچڕان. سەعات (12) هاتمە پیشانگاکەت

دەستت خۆش . وێنەکانت لەخۆت جوانترن برا.
کارێکی باشت کرد.

**مارف عومەر گوڵ**
**(شاعیر و مامۆستای زانکۆ)**
**2003/9/17**

● لەودیوی تابلۆکانەوە هەستمان کرد دیوانێکی شیعریمان تەواوکرد.

**مەدحی مەندەلاوی**
**1999/6/20**

● کۆلاژ لە ژیانی نەژاددا هەمیشە بە ئەرێنی بوونی هەبووە ، لە شیعرەکانیدا ، لە نووسینەکانیدا ، لە گوفت و لوفت و ئاخاوتنەکانیدا ، لە هەنگاونان و هەڵسوکەوتنەکانیدا. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە هەمیشە سەرچاوەی قسەکانی ئاشکرا دەکات و بە زمانی گوڵ دەدوێ و دڕك و داڵەکانیش

پەراوێز دەخات . لە شەشەمین پیشانگایدا نەژاد زۆر جیاواز کەوتۆتەوە .

**مەسعوود پەرێشان**
**(شاعیر و رۆژنامەنووس)**
**2017/4/ 16**

● لەم پیشانگایەدا ، ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج و تێڕامان بوو بەلامەوە ، ئەو هەموو چاوە گەش و جوانانە بوو ، کە پڕیان بوو لە جادوو و کۆتەکانیشیان دەپساند ، ئەمەندەش کاریگەر بوون ، چاکیان شێت دەکردن و مەلا سەرگەردان ! کە ئەمەش بەلگەی مرۆڤدۆستی کاکە نەژادە.

**مەلا عومەر چنگنیانی**
**( مامۆستای ئایینی و نووسەر )**

● نەژادی شاعیر لە تابلۆ هونەرییەکانیدا زۆر بە خاوێنی ئیمە ی چیرۆکەکانی خۆی خستووەتە نێو تابلۆکان و لە - گەمە شاراوەکانی با - وە دەمانباتە نێو مانا شاراوەکانی کۆلاژ .

**مەولود ئیبراهیم حەسەن**
**(نووسەر و مامۆستای زانکۆ)**
**2017/4/16**

● لا أقول شيئاً سوى أن هناك رجلاً شفافاً وراء غلالة نصف شفافة يتابع طفلاً ينتظر حذاءً وآمرأة تراقب السماء في وطن ممزق .

**محمد حسين المهندس**

**( شاعير و وەرگێڕ )**

**2017/5/17**

● ئەم تابلۆيانە ، بەلای منەوە هەريەكيان شيعرێكن و شياوی ئەوەن هەر تابلۆيەك بكرێتە بەرگی ديوانێكی شيعری .

**محمد زادە**

**(هونەرمەند)**

**1997/6/10**

● ئيقاعی دەنگی كۆمەڵێك وێنە لە وێنەيەكدا تەريب بكەيت و وا بكەی يەك قسە بكەن گاڵتە نييە . پيرۆزە كاك نەژاد .

**محمد قادر يونس**

**( شاعير )**

**2014/4/11**

● خۆزیا هەر ڕۆژ لە هەر شارێك و دێیەکی کوردستان کاری هونەر بەرپا دەکرا لە جیاتی بەکارهێنانی چەك و وێران کردنی کوردستان . بەس کوا ؟ و کەی ؟ لە گۆشە و کونجەکەکانی وێنەکاندا سۆز بۆ ئاشتی و ئازادی بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ هەتا نائاشنا لە هونەریش بەدی ئەکات .

محمد مەلا قادر ( سیاسەتوان )
نێرگز کەمال ( مامۆستا )

● ئێرە مەملەکەتی خەزان و وشکبوونی چرۆ عاشقەکانی مرۆڤە... ئێرە تێکدانی بەرائەتە لە ترسی بەهاری چاوەکان .. هەوڵێکی باش بوو .

محەمەد هاشم
( شێوەکار)
1997/6/11

● ئەوەی زۆرتر هەژاندمی ئەو بابەتە هەرە ناسك و سامناكانە بوو كە زۆر بە زات و زاوەوە هەڵت خستبوون ، بەتايبەتيش بۆ يەكێكی وەك تۆ كە لە شوێنێكی زۆر (حەساس) كاری ڕۆژانەت دەكەی .
كێڵگەكانی ئەبستميش هەر ئەوەندەيان لەمەڕ مرۆڤەوە گوتووە و هەڵێنجاوە ، پێموايە لەم هونەرە بەرزەدا گرەوی يەكەمت لە سەرانسەری ئازارستانی كورد بەركەوتووە .

**محمود زامدار**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**1997/6/10**

● پڕ پڕ لە كۆژان و دەربڕينە جوانەكانی ئەو كۆلاژانەی كە بە وێنە قسە دەكەن.. پيشانگايەكی دەوڵەمەند بوو ، منی لێوان لێوكرد لە هەستی شاعيرانە .

**موحسين ئاوارە**
**( شاعير )**

● له سەیرکردنی تابلۆکاندا هەستێکی سەیرم لا دروست بوو ، هەستێك تێکەڵ لە خۆشی و ناخۆشی .. کاك نەژاد بووە بە کوتلەیەکی گەورەی هونەر و قوتابخانەی هونەری کۆلاژ لە کوردستان ، بۆیە دەخوازێ دەزگاکانی هونەری لە ئاستی زانکۆکاندا گرنگی بەو هونەرە و هونەرمەند بدەن .

**مومتاز حەیدەری**
**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**
**2017/4/16**

● من ئیشی کۆلاژم زۆر بینیبووە مێژووەکەیشی دەزانم و دەناسم بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم ئیشەکانی نەژاد تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەر چاوە .. مینیمەڵ کردنی تابلۆکە دوور لە شپرزەیی و بە پاك و خاوێنی ، چاو و پرچی ئافرەت و ڕەمزی هەندێك لە شتەکان لەوانەیە زوو بتگەیەنێتە پەیامەکە ، بەڵام بەگشتی تەنانەت لەوانەشدا وەك یارییەکی

کۆلاژ دەور دەگێڕن ، کە تایبەتن بە نەژاد سورمێ.

**محەمەد ڕۆستەم زادە – نامۆ**
**( شێوەکار )**

● لقد تلمست في لوحاتك ان ما يعني Fall الانجليزية ليس في حدود سقوط العيون ، بل يمتد ذلك الى سقوط الانسان والمدن والحضارة.. الفنان نژاد يقودنا الى قواعد غير مستقرة بل قلقة.. الى أهتزاز عشوائي يرينا الجميل وليس التوازن الثابت.. الى حركة هي سر الكون.. وليس الجمود يلفت نظرنا الى أشياء قد نحسبها تافهة فلا نوليها أهتمامنا لكنها كبيرة وذات أهمية.. وعيوننا تراقب عن كثب خطوطه المرتعشة بين هذا الكائن العظيم الذي كبس داخل علب صغيرة !! وبين هذا المخلوق الصغير الذي تطمح لأستغلال الكون !! يرينا القلب الطاهر.. وضعت امامي تساؤلات كثيرة وحفزت مشاعري وتمدد الافق وتمددت دنيا الانسان؟ مثل كل مهندس يحدد الفضآت و المسافات لعمارة ، قد وضعت وحددت فضآت و

ابعاد فكر الانسان.. كل املي ان ينتقل معرضك هذا من مدينة لمدينة في العراق والى العالم الخارجي.. ولتكن المصابيح عالية لتنير المسافات ابعد.. الى المزيد من العطاء والرؤيا الجميلة ايها الفنان العظيم.

**نبيل حنا عبدالاحد**

**( مهندس )**

● ئەو دەستانەی سووتاون و ئەو لاشانەی ڕەش هەڵگەڕاون ، لە بەرامبەر ئەو پەنجانەی بە ئەنگوستیلەی ئەڵماس خۆیان نمایش دەکەن.. هونەری کوردی دووجار قەرزاری پەنجەکانتن بەوەی هونەرێکی نوێت خستە ڕۆشنبیری کوردییەوە و داهێنانت تێداکرد .

**نەجات حەمید ئەحمەد**

**(نووسەر و رەخنەگر )**

1999/6/19

● کاك نەژاد هونەرمەندانە دەماندوێنێ و شاعیرانە واتا دژوارەکانی ژیانمان پیشاندەدات.

**نەجم ئەڵوەنی**

**(مامۆستای زانکۆ )**

2017 /4/17

● له هەریەك له تابلۆكاندا ، ڕامان و
قووڵبوونەوەی گەرەكە.. ئێستا له یەكەم
سەرنجدا تەنكن و ئاسان دێنه بەرچاو ، بەڵام پڕ
مەغزان..

**نەوزاد ڕەفعەت**
**( شاعیر و نووسەر )**
**2017/4/16**

● زرت معرضكم الرائع سررت بالألواح المعروضة
وحين حديثي للتلفزيون قلت بأن الاخ نژاد عزيز
سورمي كاتب ورسام وفنان هو بذاته تعبير
حقيقي للشعب الذي يعيش في وسطه (لوحاته
المعروضة هي النظرة الى ماهو الأن) أتمنى من
الأعماق أتمنى العمر المديد لأخي نژاد وأن يبقى
لكي يستمر في عطاءاته الفنية والادبية .

**نظام الدين گلی**
**( سیاسەتوان )**
**1997/6/10**

● پێشانگاکەت بۆنی نوێخوازی و هونەرێکی مرۆڤانەی لێ دێ ، دەست و قامکەکانت هەربمێنن ، دیارە هەڵبژاردنی چاو وەك سیمبۆلێك بۆ تابلۆکان نیشانەی هەستێکی قووڵی هونەرییە..

**نوورەدین سەعید وەیسی**
**(ڕۆژنامەنووس)**
1997/6/13

● دەبێ ڕاشکاوانە بە تۆ بڵێم لەم پیشانگایەدا بوێرانەتر و وردتر کارت لە کۆلاژ کردووە لەو هونەرەی لە کوردستاندا لەلای زۆرێك خەڵك و تەنانەت خودی ئەوانەی کە لە بوارەکانیترد‌ا کاری هونەری دەکەن وەکو پێویست ناسراو نییە من لێرەوە بەوە گەشبین بووم کە ئەگەر تۆ لەم کارەت بەردەوام بیت ئەوا کاری لە ئێستا جوانتر دەکەیت...

**نیاز عەبدوڵڵا**
**(ڕۆژنامەنووس)**

● وەك هەمیشە هەر لە لووتكە دای.. دەستخۆش نەژاد گیان.

**نیاز میران**

**(پزیشك)**

**2017/4/16**

● جوانن ، جوانن چاوە جوانەكان ، كۆلاژ.. نەسقكاری شتەكان مەستی كردم.. ئەو ئالۆسكاوە جوانانە..كاركردن لەم جۆرە پانتایی و فەزایەی هونەر لە قۆناخی دووەمی كاركردنی دەقی شیعری دەكا.. پیشانگایەكی قەشەنگە.

**هاشم سەڕاج**

**( شاعیر )**

**1997/6/12**

● ئافەرین!

زۆر بە جوانی چاوت كردووە بە شایەد.. تابلۆكان سیمای شارستانی و نوێخوازی تێدایە .

**هاوار كاكەیی**

**( نووسەر و ڕۆژنامەنووس )**

**1995/10/2**

● كارێكی گەورە و زەوقێكی هونەری جوانە .

**هێمن میرانی**

**( ڕۆژنامەنووس )**

● ادهشت بمواضيع الفنان الصديق نژاد سورمي كونها مواضيع واقعية وهي حصيلة ما يدور في ذهن اغلب مثقفي الكرد .

● **وصفی حسن**

**(رۆژنامەنووس)**

**1997/8/14**

● چاوەکانمان ، هەمیشە جوان بوون ، دووربین بوون.. وەڵێ ئەسەف بە نەشتەری خۆکوژی کوێر بوون.

**وێران 1999/6/19**

نهنئكم على مساهماتكم في التعبير عن الواقع المؤلم والتي عكست مالم يعكسه البعض .

**يعقوب يوسف**

**( يۆنادم يوسف كننا )**

**( سياسەتوان ) 1995/10/4**

● کارە هونەرییەکانت نەك هەر لە ناوەوە بەڵکو دەتوانم بڵێم شانبەشانی هونەرمەندانی تری جیهان جێگای خۆیان دەکەنەوە .

**يوسف عبدولقادر**

**( شێوەکار)**

**1999/6/21**

## هەوڵەچاپکراوەکانی

## نەوزاد عەزیز سورمێ

### 1) لەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا

- ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کورد1984،بەناوی خوازراوی (پاکزاد محمد کریم)،چاپکردن وبلاّوکردنەوەی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ( لەشاخ ) چاپی دووەم بەناوی سەریح ، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین1991.
- پرۆژەیەك بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە کوردی - لێکۆڵینەوە - گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) بەغدا ، پاییزی1986.
- هەڵەی چاپ ، ئەمڕۆ و ئاسۆی دواڕۆژ - لێکۆڵینەوە - بە دوو بەش ، ڕۆژنامەی (هاوکاری) بەغدا 1988
- وێنە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بەکارهێنانیان لەڕۆژنامەگەریی کوردیدا - لێکۆڵینەوە - بە سێ بەش، گۆڤاری (کاروان ژمارە 85و86و87)ی1990.
- برایەتی: یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە لەمێژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا. لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا - چاپی یەکەم گۆڤاری(یەکگرتن) - هەندەران (دانیمارك ) ، چاپی دووەم چاپخانەی خەبات1991. چاپی سێیەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر 1997.
- ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان( ئاداك ADAK) پرۆژەی دامەزراندن وبەڕێوەبردن - لێکۆڵینەوە - ڕۆژنامەی (برایەتی) بەسێزدەئەڵقە1993، چاپی یەکەم بە کتێب هەولێر1993، چاپی دووەم بەکتێب چاپخانەی خەبات دهۆك1997، چاپی سێیەم هەولێر2005.

- درەختی بنکۆڵ کراو: پەنجەنمایێکی ڕۆژنامەنووسییانە بۆ باری ڕووناکبیری وکلتووری کوردی ـ چاپی یەکەم کوردستان1995، چاپی دووەم سوید1996، چاپی سێیەم ـ هەولێر2006.
- ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا، وتار لە بارەی ڕۆژنامەنووسییەوە ، چاپی یەکەم هەولێر ـ کوردستان2005.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی ـ چەند سەرەقەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی ، چاپی یەکەم هەولێر1999، چاپی دووەم 2006.
- شار لە هەڵبوون وکوژانەوەیدا ـ وتاری ڕۆژنامەنووسیی چاپی یەکەم2005.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا – 2017

## 2) شیعر

- ئەوشەوانەی خەوم نایێ : چاپخانەی (النعمان)نەجەف ـ1977
- تاڤگەی مەند. چاپخانەی (شفیق) بەغدا ـ 1987.
- چەندکۆتەڵێکی جەنازەیی: چاپی ئیتاڵیا 1994 ، چاپی کوردستان دهۆك 1995.
- هەندێ لەوشوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان 2005.
- تاڤگەی مەندوئەوانیتر ـ کۆی 4 کۆشیعر پێکەوە ـ چاپی یەکەم کوردستان2005.
- بەو ڕێیانەدا تێپەریم لەو کانییانەم خواردەوە ـ چاپی یەکەم2010.
- ئەوەی لە دواخوانی برایاندا نەگوترابوو ـ چاپی یەکەم 2015.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ ـ چاپی یەکەم کوردستان 2016
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکانی .. ـ چاپی یەکەم 2018

## 3) لەبواری وەرگێڕاندا

- نووستوی بەرباران: شیعرلەفارسییەوە ـ چاپی یەکەم بەغدا 1980، چاپی دووەم بەزیادکراوییەوە ـ هەولێر۔ کوردستان 2005.
- ڕێگاوبان ، پێنج چیرۆکی درێژ و شانۆنامەیەك لەنیکۆلای خایتۆفەوە ـ چاپی یەکەم،چاپخانەی (الحوادث) بەغدا 1983، چاپی دووەم هەولێر ـ دەزگای موکریانی 2005
- سەرەتاییێك بۆتێگەیشتنی هونەری شێوەکاری. چاپی یەکەم چاپخانەی(حسام) بەغدا 1986.
- چاپی دووەم ـ هەولێر۔ دەزگای موکریانی2005.چاپی سێیەم ـ هەولێر2015.
- چەندنامەیەك بۆ تارانتابابۆ: نازم حیکمەت ، وەرگێڕان لەعەرەبییەوە.چاپی یەکەم ـ چاپخانەی (الزمان)بەغدا 1990،چاپی دووەم ـ سوید ـ کتیبخانەی ئەرزان. چاپی سێیەم کوردستان 2005.
- دایکی کورد ـ دانییێل میتران وەرگێڕان لەعەرەبییەوە،چاپی یەکەم 1996،چاپی دووەم 2011.
- شوانی بۆشایی ـ شیعر ، چاپی یەکەم ـ کوردستان 2010.
- سترانبێژی شەقام ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2018
- خەونمان بۆ زستان دی ـ شیعر ـ چاپی یەکەم 2018

## 4) پیشانگاکانی کۆلاژ۔ ناوەرۆکی 5 پیشانگا

- پایزی چاوەکان ، کۆلاژ لەتاراوگەی شیعردا وەزارەتی ڕۆشنبیری ـ هەولێر1998
- چاوەکان هەمیشە چاوەکان، کلاَوڕۆژنەیەك لەشەختەدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری 1999
- دیسان چاوەکان چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری 2005.

- شرفه ـ بەزمانی عەرەبی ، چاپی یەکەم چاپخانەی خەبات دهۆك 1998 چاپی دووەم بەکوردی بەناوی ( گەمەشاراوەکانی با ) ، بەوەرگێڕانی نەجات حەمید ئەحمەد وپێداچوونەوەی نووسەر 2008.
- ساوی شتان لەفۆتۆگراف دا ، چاپی یەکەم 2008 .
- هونەری کۆلاژ – مێژوو .. تەکنیك .. ئەزموون – چاپی یەکەم کوردستان 2020
- دیدار لەبارەی شیعر و ڕۆژنامەنووسییەوە ـ چاپی یەکەم 2020
- بێجگە لە دەیان شیعری وەرگێڕدراو و نووسینی دیکە لەکات وشوێنی جیاجیادا بەکوردی و عەرەبی .
-

---

Nazhad A. Surme

***Collage***
***History ..***
***Techniques ..***
***Experience ..***

( A Hint to a Glittering Field )

First edition
Kurdistan - 2020

---







Nazhad A. Surme

# *Collage*

*History ..*

*Techniques ..*

*Experience ..*

( A Hint to a Glittering Field )

First edition
Kurdistan - 2020